الإسلام والإلحاد وجها لوجه

# ڕاکردن لە ئیلحاد بەرەو ئیسلامتی

# ڕاكردن له ئیلحاد بەرەو ئیسلامتی

پرسيار و وەڵام

بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه؛ پاشان:

ئەم ناميلكەيە (ڕاكردن لە ئيلحاد بەرەو ئيسلامەتی).

ئەم ناميلكەيە ڕوونكردنەوەيەك پێشكەش دەكات سەبارەت بە (سروشتی ئيلحاد) ولايەنە جێی پرسيارەكانی، وچۆن ئيلحاد دژی ئەقڵ وفيترەتە.

وناميلكەكە هەندێك بەڵگە باسدەكات لەسەر بوونی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-.

ئێمە خوای گەورە دەناسين بە ئەقڵ، خوای گەورە دەفەرموێت:

{أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ} ﴿٣٥﴾

﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * ئايا ئەوانەبەبێ هيچ شتێك، هيچ هۆيەك، هاتوونەتەكايەوە؟! يان هەر خۆيان دروستكارن؟!﴾

[سورة الطور : 35].

بە بەكارهێنانی ئەقڵ وهۆكارەكان ؛ سێ ئەگەر هەيە چوارەميان نيە:

یەکەم: خەڵکی پەروەردگارێک -دروستکارێک- دروستیانی نەکردووە ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ * ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟!﴾ وئەمە مەحاڵە، چۆن بەبێ دروستکارێک ؛ دروست بووین؟

دووەم: ئەوەیە ئێمە خۆمان دروست کردبێت ﴿أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * یان هەر خۆیان دروستکارن؟!﴾ وئەمەیش مەحاڵە، چۆن خۆم دروست دەکەم؛ پێش ئەوەی دروست ببم؟

بۆیە هەر بە ئەقڵ تەنها ئەگەری سێیەم دەمێنێتەوە کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا نەهاتووە چونکە زانراوە، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردگارێک ئێمەی دروست کردووە.

ئێمە خوای گەورە دەناسین بە ئەقڵ.

وهەروەها ئەو زاتە مەزنە دەناسین بە فیترەت وسروشتی مرۆڤایەتیمان.

وئێمە بە فیترەتمان دەزانین کە بتەکان وسروشت هیچ توانایەکیان نیە لەسەر دروستکردنی گەردوون و دروستکردنی بەکتریا ومرۆڤ، وناتوانن فەرمانەکانی لاشەی مرۆڤ بەو شێوە ڕێک و وردە ڕێکخبەن و لەسەر ئەم ڕواڵەتە جوانە دروستی بکەن وناتوانن بەدیهێنراوەکان بەم وردی وجوانیە دروست بکەن هەر لە گەردیلەیەکەوە هەتاوەکو گەلەئەستێرەکان.

ئەو بتانەی کافرەکان دەیانپەرستن، وئەو سروشتەی کە مولحید باوەڕی پێیەتی هەردوویان پێویستیان بە دروستکارێکە بۆئەوەی بیانهێنێتە بوون.

بۆیە ئەو بتانە وسروشت هیچ ڕکێفێکیان بەدەست نیە سەبارەت بەخۆیان، چ جای دروستکراوەکانی تر، وتوانای ئەوەیان نیە کە هۆرمۆنەکان لە لاشەت بەو ئاستە سەرسوڕهێنەرە ڕێک بخەن، وتوانای ئەوەیان نیە کۆدی بۆماوەیی دابنێن کە ئەمیش ملیۆنەها زانیاریە لە نێو هەر یەکێک لە خانە زیندووەکان، وتوانای ئەوەیان نیە هیچ شتێک بهێننە بوون تەنانەت توانای دروست کردن وبەرگری کردنیان نیە لەخۆیان.

خوڵقێنەری ئەم جیهانە بەم هەموو شتە سەرسوڕهێنەرەوە پەروەردگارێکی مەزنە کە زانایە بەتوانایە ودانایە -سبحانه وتعالی-.

پاشان نامیلکەکە باسی گومانەکانی مولحیدەکان دەکات، وهەوڵدانیان بۆ پوچەڵکردنەوەی بەڵگە ئەقڵی وفیتریەکانی بوونی پەروەردگار.

لەبەناوبانگترین هەوڵدانیان دەڵێن: (گەردوون بەڕێکەوت دەرکەوتووە)، وئەمیش بەهۆی ئەوەیە کە تێناگەن ونازانن سەبارەت بە بنچینەکانی ئەگەرەکان؛ چونکە ڕێکەوت -سودفە- دوو مەرجی هەیە کە لەیەک دانابڕێت.

ئەوانیش: کات وشوێن.

بۆ ڕێکەوت مەرجە کاتێک هەبێت بۆئەوەی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبێت.

ومەرجە شوێنێکی مادی هەبێت کە سەرەنجامی کاریگەریەکانی تێدا دەربکەوێت.

چۆن بڵێین ڕێکەوت -سودفە- کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی گەردوون، لەکاتێکدا کە گەردوون هاتە بوون نە کات هەبوو و نە شوێن، بۆیە بیرۆکەی ڕێکەوت بوونی نیە !

پاشان نامیلکەکە هەندێک بەڵگەی ئەقڵی پیشان دەدات سەبارەت بەپێویستی بوونی ئاین، ومانای ئاین بریتیە لە گرنگی ملکەچبوون بۆ پەروەردگاری جیهانیان وگوێڕایەڵیکردنی -سبحانە وتعالی-، ملکەچبوون بۆ اللە وگوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانی: ئەمە هەقیقەتی ئاینە.

تۆ ملکەچیت بۆ اللە، وپەروەردگارت دەپەرستیت کە خوڵقێنەر وڕۆزیدەری تۆیە ومنەتی زۆری هەیە لەسەرت لە زۆری فەزڵ ونیعمەتەکان وهیدایەتدان.

پەرستن مافی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی، چونکە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- کە ئێمەی دروستکردووە وژیانی پێبەخشیوین وڕۆزی داوین وهیدایەتی داوین وپەیامبەرانی بۆ ناردوین بۆئەوەی تاقیمان بکەنەوە کاممان

کردەوەمان جوانتر وباشترە، کەواتە پەرستن مافی خوای گەورەیە لەسەر ئێمە

{الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ} ﴿٢﴾

﴿ الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ ﴾ واتە: ﴿هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە بەرانبەر ئیمانداران﴾

[سورة الملك : 2].

پاشان لە قۆناغێکی تر لەم نامیلکەیە هەندێک بەڵگە باس دەکەین لەسەر ڕاستی ئاینی ئیسلام، وڕون کردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە خوای گەورە هیچ ئاینێک لە مرۆڤ قبوڵ ناکات مەگەر ئیسلام نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} ﴿٨٥﴾

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واتە: ﴿و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەکان دەبێت﴾

[سورة آل عمران: 85].

ئاینی ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە لەڕێگای هەموو پێغەمبەرانەوە ناردوویەتی بۆ خەڵکی.

وسەرەکیترین تایبەتمەندی ئیسلام : مانای ملکەچبوون وتەسلیم بوونە بۆ خوای گەورە وپەرستنی تەنها ئەو زاتەیە

وئیسلام کامڵترین شەریعەتە ڕێنمونی وئامۆژگاری مرۆڤ دەکات بۆ ملکەچبوون تەنها بۆ اللە.

تاکە ئاینە کە بانگەواز دەکات بۆ بەتاکدانانی اللە -توحید اللە- ، و ئەم تەوحیدەیە خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی پێ ڕەوانە کردووە.

هەموو پێغەمبەران لەسەر بیروباوەڕی تەوحیدن ئەگەرچیش شەریعەتەکانیان جیاواز بێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ} ﴿٢٥﴾

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ واتە: ﴿ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەک -پەرستراوێک بەهەق وڕاستی- نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن﴾

[سورة الأنبياء : 25].

وتەنها ئاینی ئیسلام لەسەر ئەم تەوحیدە ماوەتەوە لەسەر زەوی، شوێنکەوتووی شەریعەتەکانی پێشوو تووشی شیرک وهاوبەشدانان بوون بۆ الله ئەگەر زۆر یان کەم بێت، پاش مردنی پێغەمبەران ودوای ئەوەی خەڵکی پشتیان کردە تەوحید لەگەڵ تێپەڕبوونی کات تووشی شیرک بوون، ئەمڕۆش تەنها ئاینی ئیسلام لەسەر تەوحیدی پاک ماوەتەوە کە پێغەمبەران پێی هاتوون.

پاشان ناملیکەکە کۆتایی پێدێت بەڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن مرۆڤ مسوڵمان بێت، وڕونکردنەوەی واتای ئیسلام، وگرنگی ئاینی ئیسلام.

ئاینی ئیسلام وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بوونی داوەتەوە کە دێت بە مێشکی مرۆڤدا: لەکوێوە هاتووین، وبۆچی لێرەین لەم جیهانە، وبۆ کوێ دەچین؟

ئاینی ئیسلام وەڵامی هەموو ئەمانەی داوەتەوە لە یەک ئایەتەدا، پەروەردگار -سبحانە وتعالی- دوفەرمووێت:

{وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} ﴿٢٢﴾

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: ﴿جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم، ئێوەش خەڵکینە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە﴾

[سورة يس: 22].

لەکوێوە هاتوم؟ خوای گەورە منی دروست کردووە.

وبۆ کویێ دەچم؟ دەچمەوە بۆ لای پەروەردگار بۆئەوەی لێپرسینەوەم لێبکات لەسەر کردەوەکانم

(وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ).

﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واته: ﴿هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.﴾

بۆچی هاتم بۆ ئەم جیهانە؟ بۆئەوەی تەنها الله بپەرستم و بۆئەوەی تاقی بکرێمەوە.

بۆچی الله بپەرستم؟ سروشتیە الله بپەرستم کە منی خوڵقاندووە، ئەمە سروشتی پەیوەندیە لەنێوان بەندە وپەروەردگاری ئەویش ئەوەیە: بەندە پەروەردگار وخوڵقێنەری بپەرستێت

(وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي).

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي﴾ واته: ﴿جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم﴾

یەک ئایەت وەڵامی سێ لە گرنگترین پرسیارەکانی بوونی تێدایە کە مرۆڤەکانی تووشی شڵەژاوی کردووە

{وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} ﴿٢٢﴾

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واته: ﴿جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم، ئێوەش خەڵکینە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.﴾

[سورة يس: 22].

ئیسلام شەریعەتی اللە یە بۆ هەموو جیهان.

وئیسلام واتای ئەوەیە بەندە نەفسی خۆی تەسلیم بە اللە بکات، تەنها ملکەچی اللە یە، وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگارە، فەرمان بەرداری بەدیهێنەرەکەیەتی.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّـهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ} ﴿٢٢﴾

﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾ واته: ﴿ئەوکەسەی ڕوو بکاتە پەروەردگاری و کارەکانی هەمووی بگێڕێتەوە بۆ لای ئەو، لە کاتێکدا ئادەمیزادێکی چاکەخوازە، ئەوە بەڕاستی مانای وایە کە دەستی بە بەهێزترین هۆکارەوە گرتووە (کە دەیگەنێت بەڕەزامەندی خوای گەورە وبەهەشتەکەی)﴾

[سورة لقمان: 22].

ئیسلام مانای بەندایەتیە بۆ اللە لەهەموو بچووک وگەورەیەک لەژیانتدا، خوای گەورە دەفەرموێت:

{قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّـهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾}

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * (ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار) بڵێ: بەڕاستی نوێژو حەج و دروشمەکانی و (سەرجەم چاکە و بەندایەتیم) هەروەها ژیان و مردنم تایبەتە بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان (162)

لَا شَرِيكَ لَهُۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ * ئەو زاتە هیچ هاوەڵ و هاوبەش و شەریکێکی نیە و من بەوە فەرمانم پێدراوە و من یەکەم کەسی موسوڵمانم (163)﴾

[سورة الأنعام].

﴿صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * بەڕاستی نوێژو حەج و دروشمەکانی و (سەرجەم چاکە و بەندایەتیم) هەروەها ژیان و مردنم تایبەتە بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان﴾ : واتە هەموو کردەوەیەکم بۆ الله یە، من نوێژ دەکەم، وگوێڕایەڵی دایک وباوکم دەکەم لەپێناو خوای گەورە، ودەخوێنم بۆئەوەی سوود بەخەڵکی بگەیەنم، ودەخەوم ودەخۆم بۆئەوەی ئەوە شتانە ئەنجام بدەم کە الله فەرمانی پێکردووم.

ئەمە بەندایەتیە بۆ اللە لە هەموو کردەوەیەکدا، وئەمە لە گرنگترین نیشانەکانی تەسلیم وملکەچبوونە بۆ اللە.

هیچ شتێک جگە لە ئیسلام ناتوانێت ئەو برسێتیەمان لابدات بۆ زانینی گرنگترین زانست وپرسیارەکانی بوون،

لەکاتێکدا ئیلحاد -باوەڕ بەنەبوونی اللە- زانستی پێویستی نیە بۆ کەسێک کە تەنها دەزانێت لەدایکبووە بۆئەوەی بمرێت وتەواو.

ئەم نامیلکەیە: ژەمێکی زانستی وئەقڵیە بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئیلحاد، وهەندێک بەڵگەی تێدایە سەبارەت بە دروستێتی ئیسلام.

ئەمیش بەشێوازی پرسیار و وەڵام:

بۆیە بە بەرەکەتی خوای گەورە ؛ با دەستپێبکەین:

## 1- مانای ئیلحاد چیە؟

و: ئیلحاد بریتیە لە: ڕەتکردنەوەی باوەڕبوون بە هەموو هێزێکی نەبینراو -غەیبی-.

بۆیە مولیحد نکۆڵی دەکات لە بوونی اللە وپێغەمبەرەکان وزیندووبوونەوە.

## 2- کامانیە ڕەخنەو عەیبەکان لە ئیلحاد؟

و: ئیلحاد پێویستی بە باوەڕێکی زۆر زیاترە لە باوەڕی ئاینی.

بەڵام باوەڕێ کە بنیات نراوە لەسەر ئەگەری خەیاڵی هەڵە، بەپێچەوانەی باوەڕی ئاینی کە بنیات نراوە لەسەر شتی سەرەتایی فیتری وشتی بێگومان ویەکلایی کە بەچاوەکانمان دەیانبینین وبە بیرکردنەوەیەکی سەرەتای ئەقڵی ەستی پێ دەکەین، وبە بەڵگە شەرعیەکان درکیان پێدەکەین وتێدەگەین.

بۆئەوەی مولحید بیت پێویستە خەیاڵت بەم شێوەیە بێت: أ- هیچ هاتە پاڵ هیچ سەرئەنجام بووە شتێکی مەزن.. بو بە گەردوونی سەرسوڕهێنەر، گەردونێک کە بە جوانترین شێوە دروستکراوە بەو ئەزاندە ورد وسنوورە دیاریکراوانەوە. ب- ڕێکەوت ئەو سنوورە دیاریکراوانە ویاسا جێگیرەکانی فیزیای دروستکردووە کە لە گەردووندا هەیە؛ لەکاتێکدا مەرجی ڕێکەوت بریتیە لە بونی کات وشوێن، وگەردوون بەبێ بوونی کات وشوێن هاتووەتە بوون بۆیە لە نارێکەوتەوە هاتووەتە بوون ! ج- هەڕەمەکی وژینگەی سەر زەوی یەکەمجار بووە هۆی دروستبوونی ژیان وبەکتریا ومرۆڤەکان، لەکاتێکدا ئەقڵی مرۆڤ لە ئەوپەڕی توانای لەئێستادا ناتوانێت سادەترین شێوەی ژیان دروست بکات بۆ بوونەوەرێکی بچووک. د- هەموو بنەما ڕەوشتیەکان کە هەموومان یەکدەنگین لەسەر دروستیان وزۆرینەیان بەئاراستەی پێچەوانەی ژیانی ماددین -کە ڕەوشتەکان دەبنە بارقورسیەکی

ماددی وخەسارۆمەندی لەئاستی بەرژەوەندیە دونیاییەکان-؛ ئایا ئەمە لە بەرهەمەکانی ماددە و وەبەهێنراوەکانیەتی، ئەمە مەحاڵە عەقڵیەکانە کە دەبێت باوەڕت پێی هەبێت هەتاوەکو ببیتە مولیحد.

هـ - لە ئیلحاددا، هیچ دەسەڵاتێکی ئەقڵی وماددی نیە بۆ ڕێگرتن لە لەناوبردنی هەموو سەر زەوی.

ژیانی ماددی ڕاست وهەڵە نازانێت؟

بۆیە لەناوبردنی هەموو سەر زەوی یەکسانە بە زیندووێتیان؛ لەڕوانگەی ئیلحادەوە.

ئیلحاد لەسەر باوەڕ بنیات نراوە، بەڵام باوەڕێک کە هیچ بنەما وبەڵگەیەکی زانستی یان گێڕدراوە یان ئەقڵی یان ڕەوشتی لەسەر نیە.

### 3- ئایا بەڵگە چیە لەسەر بوونی پەروەردگار؟

و: بەڵگەکان زۆرن بەڵام تەنها دوو بەڵگە باس دەکەین:

1- بەڵگەی هێنانە بوون.

2- بەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان- و وردی.

### 3- مانای بەڵگەی هێنانە بوون چیە؟

و: بەڵگەی هێنانە بوون واتا:

هەموو شتێک هاتۆتە بوون لەپاش ئەوەی کە بوونی نەبووە، ودەبێت دروستکارێکی هەبێت کە دروستی کردبێت.

بۆیە بەڵگەی بێ سنوورمان هەیە لەسەر بوونی خوڵقێنەر -سبحانە وتعالی-.

هەموو گەردیلەیەک لە گەردوون بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار، چونکە هەموو بەدیهێنراوێک کە هاتۆتە بوون بەڵگەیە لەسەر: بوونی خوڵقێنەرێک کە دروستی کردووە.

وتۆ ئەگەر سەیری بوون بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە دەگۆڕێت وبەردەوام نیە بۆ هەتاهەتایی ولە ئەزەلەوە -ڕابردوو بێ سنوور- بوونی نەبووە، بەڵکو سەرەتا وکۆتایی هەیە، بۆیە پشتی بەخۆی نەبەستووە بۆ دروستکردنی خۆی، بۆیە هەر بە ئەقڵ زۆر بەئاسانی درک بەوە دەکەیت کە پەروەردگارێکی هەیە، و هەر کەسەیری گەردوون وسەر زەوی بکەیت ؛ بیر دەکەیتەوە لەوەی پەروەردگارێک هەیە کە جیهانی دروستکردووە .

بۆیە ئەو ئایەتانە زۆرن لە قورئاندا کە سەرنجمان ڕادەکێشن بۆ سەیرکردن وتێڕامان لە بوونەوەرەکانی دەوروپشتمان وجیهان، خوای گەورە دەفەرموێت:

{قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ} ﴿١٠١﴾

﴿قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ واته: ﴿پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانەو ئاگاداریەکان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنەبەر)﴾

[سورة يونس: 101].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

{أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ} ﴿٨﴾

واته: ﴿أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ﴾ واته: ﴿ئایا ئەوە لە ناخی خۆیاندا بیرێکیان نەکردۆتەوە، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە تەنها بە حەق و سنووردار نەبێت دروستی نەکردوون؟ لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی بێ باوەڕن بە گەیشتنە خزمەتی پەروەردگاریان﴾

[سورة الروم: 8].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

{أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّـهُ مِن شَيْءٍ} ﴿١٨٥﴾

﴿أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ﴾ واته: ﴿ئايا بۆ سەرنجيان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا و ئەو هەموو شتانەی کە خوا بەدی هێناون؟ (بۆ ئەوەندە بێئاگان؟) خۆ بەڕاستی نزیک بۆتەوە ئاکامیان، جا بە چ گوفتارێکی تر لە دوای قورئان باوەڕ دەهێنن؟﴾

[سورة الأعراف: 185].

هەموو شتێکی دروستکراو: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستکارێکی هەیە!

## 5- مانای بەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان- و وردی -کاملی- لەدروستکردندا چییە؟

و: بەڵگەی بەڕێوەبردن و وردی لەدروستکردندا واتا:

هەموو شتێک لە بووندا لە بچووکترین بەشی ماددەوە هەتاوەکو گەلەئەستێرەکان، هەڵدەستت بە فەرمانی زۆر ئاڵۆز.

واتا کاری تایبەت وئەرکی دیاریکراو ئەنجامدەدەن.

هەموو فەرمانێکی ئاڵۆز لە سروشتدا ڕێکخراوە زیاتر لە تەنها بوونی.

بۆ ڕوونکردنەوە، بوون ڕێکخراوە پلە بەپلە.

وئاڵۆزی لەناو شتە بەدیهێنراوەکاندا، پلەیەکی زیاترە لە تەنها بوونی ئەو شتە.

وهەموو شتێک لەدەوروپشتت بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدیهێنراوە بۆئەوەی فەرمان وئەرکی تایبەت جێبەجێ بکات.

بۆیە هەموو شتێک لە دەوروپشتت فەرمانی ئاڵۆزی پێدراوە.

وفەرمانی ئاڵۆز بەڵگەیە لەسەر دروستکار وهێنانە بوون.

بۆیە دەبێت دروستکارێک هەبێت.

بۆ نمونە (گڵۆپ): ئەمە نمونەیە بۆ فەرمانێکی ئاڵۆز.

گڵۆپی کارەبایی پێکهاتووە لە:

1- فتیلە

2- وایەرێک لە قورقۆشم : کارەبا دەگەیەنێت بە فتیلەکە.

3- گازێکی ناچالاک: فتیلەکە دەپارێزێت وکاریگەی نابێت لەسەری ونە لەسەر کارەباکەش.

4- شوشە: ڕێگر دەبێت لەوەی هەوا بچێتە ناوی یان دەرچوونی گازە ناچالاکە ئەگەر نا فتیلەکە دەسوتێت.

5- بنچینەی گڵۆپ: کە گڵۆپەکە دەگەیەنێت بە هەڵگرەکەی وشوێنی هاتنی تەزووی کارەبایی.

لێرەدا گڵۆپە کارەباییەکە ڕێکخستەیە وئاڵۆزی تێدایە ونابێت سادە بکرێتەوە، بۆیە بەڵگەیەکی ئەقڵی سەرەتایی هەیە لەسەر ئەوەی دروستکارێکی شارەزا و وردبین دروستی کردووە.

ئەو کەسەی نکۆڵی دەکات لەوەی دروستکارێکی وردبین هەبێت بۆ گڵۆپەکە یان پێی وابێت بە ڕێکەوت هاتووە ئەوا داواکراوە کە بەڵگە بهێنێت!

ئەوەی گڵۆپەکەی دروست کردووە بەتەواوی زانستی هەیە سەبارەت بە کارەبا وچۆن ئاراستە دەبێت وسوودی گڵۆپ وهەستیاری فتیلە، بۆیە بوونی گڵۆپ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر بوونی دروستکارێکی وردبین، وبە هەڕەمەکی دروست نەبوون تەنها بەهۆی ئەوەی گڵۆپی تر هەیە بەتەواوی شێوەی جیاوازە!

بەهەمان پلە بە بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی ؛ دەبینین شتی ئاڵۆز لە فەرماندا وەکو مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر بوونی دروستکارێک کە دروستی کردووە.

گڵۆپ پێکهاتووە لە پێنج بەش...

لەکاتێکدا لەمرۆڤدا 4 ملیار پێکهاتە هەیە لە هەر خانەیەک لە خانەکانی.

4 ملیار پێکهاتە  کە فەرمانەکانی ئەندامەکانی زیندەوەر پێکدەهێنن، وپێیان دەووترێت: کۆدە بۆ ماوەییەکان یان جینۆم یان DNA وئەو پیتانە لە هەموو ناوکێکی خانەکانی مرۆڤ هەن.

ئەگەر پێت وابێت گڵۆپ لە پێنج بەش پێکهاتووە ودروستکارێکی هەیە، وتۆ هیچ دروستکارێک دروستی نەکردوویت ئەوا ئەمە کێشەی خۆتە.

{أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَـيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَـالِقُونَ} ﴿٣٥﴾

﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟!﴾

[سورة الطور : 35].

وهەموو شتێک لە دەوروپشتت ئاڵۆزی تێدایە، و بەڕەهایی هیچ شتێک نیە لە سروشتدا ونە لە گەردیلە ونە لە ئەستێرەکان ونە لە نێو لاشەت کە بەشێک لە ئاڵۆزی فەرمانی تێدا نەبێت.

بۆیە ئاڵۆزی فەرمانی وفەرمان وئەرک بوونی هەیە لە هەر گەردیلەیەک لە گەردووندا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ} ﴿١٦٤﴾

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ واتە: ﴿بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵو گۆڕی شەوو ڕۆژدا و لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریادا و بەهۆیەوە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن و لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مارو مێرووی لەسەر ڕووکاری زەویدا بڵاو کردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێکردنی باو شەماڵ و ڕاگیر کردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، ئەمانە هەموو بەڵگەو نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیروهۆشیان دەخەنەکارو بیر لە دەسەڵاتی بێ سنووری خوا دەکەنەوە.﴾

[سورة البقرة: 164].

وئایەتەکان لەسەر ئەم بابەتە زۆرن؛

کەس بەهۆش خۆی نایەتەوە مەگەر ئەوانە نەبێت کە عەقڵ وژیریان دەخەنە گەڕ

{وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} ﴿٧﴾

﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ واتە: ﴿(لەڕاستیدا) بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە (لەم قورئانە)﴾

[سورة آل عمران: 7].

هەرکەسێک ئەقڵی بەکاربهێنێت وسەیری بوون (بەڵگەی هێنانە بوون) بکات وسەیری ڕێکخستن وفەرمانەکانی بوونەوەرەکان بکات (بەڵگەی بەڕێوەبردن و وردبینی) ئەوا بێگومان بوونی دروستکارێک بە ڕاست ودروست دادەنێت!

### 6- بۆچی ناکرێت مرۆڤ وزیندەوەرەکانی تر سەرچاوەیان لە بوونەوەری بچووکی سادە وسەرەتایی پێکهاتبێت ودروست بووبن؟

و: لێرەدا دوو کێشە هەیە:

کێشەی یەکەم: تەنانەت یەک بەڵگەیش نیە لەسەر تێپەڕبوونی بوونەوەرە زیندووەکان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی

تر، چ جای ئەم بازدانە هەڕەمەکیە سەرسوڕهێنەرانە کە دەڵێن مرۆڤ لە بوونەوەری تاک خانەی سەرەتاییەوە دروست بووە

چۆن مولحید باوەڕی بەم هەڕەمەکیانە هەیە کە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر نیە ونکۆڵی دەکات کاتێک ئێمە بەڵگەی ئەقڵی ودینی باس دەکەین؟

کێشەی دووەم: بەپێی بیردۆزی (کەمترین سنووری بۆماوەییەکان -جینەکان- Minimum gene set concept) بوونەوەری زیندوو هەرچەندێک سادە بێت ناکرێت لە 200 جین کەمتری هەبێت.

وکەمترین سنووری جینەکان: واتا ئەگەرلەم سنوورە کەمتر بێت ئەو بوونەوەرە ژیانی نابێت ودەمرێت!

بۆیە هیچ بوونەوەرێک ناژي ئەگەر ژمارەی جینەکانی کەمتر بێت لەو ئاستە ئەگەر بە یەک جینیش بێت.

وجین شریتێکی زانیاریە ژمارەیەکی زۆر کۆدی بۆماوەیی شاراوەی لەسەرە کە زانیاریەکانی تێدایە.

بۆیە کەمترین ئاستی جینەکان هەیە کە بۆ بوونی ژیان پێویستە: بەشێوەیەک کە زانیاری تێدایە بۆ وزە -چونکە ژیانی زیندەوەر بوونی نابێت بەبێ وزە-، وکۆمەڵێکی تر لە جین بۆ

خواردن، وکۆمەڵێکی تر بۆ زۆربوون، وئەوانی تر بۆ فەرمانە سەرەکیەکانی ژیان وبەو شێوەیە!

زانایان کەمترین ژمارەی جینیان ژماردووە کە پێویستە بۆ ژیان، وبڕیاریان داوە لەسەر ئەوەی نابێت لە دوو سەد جین کەمتر بێت.

وپەیمانگای کرینج ڤینتەر Craig Venter گەیشتووە بە ئەو بڕیارەی کە کەمترین ژمارەی جینەکان بۆ ژیان نابێت لە سێ سەد وهەشتاو دوو جین کەمتر بێت[1].

وزانایان دۆزویانەتەوە کە میکۆپلازما Mycoplasma ئەمیش وردترین زیندەوەرە لە بووندا لەسەر زەوی، 468 جینی هەیە.

ئەگەر بابەتەکە تەنها سەبارەت بە مادده بوایە، وجیهان تەنها ڕێکخستەیەکی مادی بوایە، ئەوا دەبوایە لە جینی سفرەوە دەستمان پێبکردایە لە هایدرۆجینەوە هەتاوەکو مرۆڤ !

---

[1] J. Craig Venter Institute (JCVI) conducted a study to find all the essential genes of M. genitalium through global transposon mutagenesis. As a result they found that 382 out of 482 protein coding genes were essential.

بەڵام زانست پێمان دەڵێت هیچ شتێک نیە ناوی جینی سفر بێت، یان یەک جین، یان تەنانەت سەد جین، زانست دەڵێت: ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵێکی زۆر لەزانیاری هەیە بەلایەنی کەمەوە، ئەگەر نا ئەو بوونەوەرە زیندووانە دەرنەدەکەوتن لە سەرەتاوە!

بۆیە لە سروشتدا شتی سەرەتایی نیە، بەڵکو هەموو ڕێکخستەیەک بەجوانی وسەربەخۆیی دەستیان پێکردووە!

وئەم جوانیە لە ڕێکخستنی زانیاریەکان کە سەرەتای زیندەوەرەکان دەشارێتەوە پێش ئەوەی دەربکەون، وئەمە بەڵگەیە دژی مولحیدەکان ودژی ئەوانەی نکۆڵی خوڵقێنراوی پەروەردگاری دەکەن!

تۆ لە پێش 4 ملیار زانیاری تایبەتیت -ئەو زانیاریانە کە هەن لەنێو ناوکی خانەکانی لاشەت- بۆ بەرهەمهێنانی فەرمانی زیندەیی ورد.

مولحید پێی وابوو کە هەندێک بونەوەرە لە سفر جینەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام کاتێک بیردۆزی کەمترین سنووری جینەکان هات ؛ ئەم خەیاڵانەی لەناوبرد.

بوونەوەرە زیندووەکان بەشێوەی فەرمانی ئاڵۆز دەرکەوتن لە یەکەم ساتەوە، ئەگەر نا هەر لەسەرەتاوە دەرنەئەکەوتن.

## 7- ئایا نمونەکان چین لەسەر بەڵگەی بەڕێوەبردن - گرنگیپێدان- و وردی -کامڵی- لەدروستکردندا؟

و: نمونەکان سنووریان نیە.

ولەوەیە لە تێنووسەکانی سەر زەوی جێیان نەبێتەوە.

{وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّـهِ ۗ إِنَّ اللَّـهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ} ﴿٢٧﴾

﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ واتە: ﴿خۆ ئەگەر بەڕاستی هەرچی درەخت هەیە لە زەویدا ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مرەکەب و زانست ونهێنی دروستکراوەکانی خوا بنووسنەوە)، ئەوە هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خوا هەر تەواو نابێت، بەڕاستی خوای گەورە بەدەسەڵات و دانایە﴾

[سورة لقمان: 27].

هەموو گەردیلەیەک لە گەردووندا بەڵگەیە لەسەر گرنگیدان وبەڕێوەبردن ؛ ئەگەر ئیمڕۆ یان سبەی بزانین سەبارەت بەم ڕاستیە.

أ- ئەنسۆلین -هۆرمۆنی هەرسکردنی گلوکۆز- پەنکریاس دەری دەدات بەهێندەی بڕی شەکر کە تۆ دەیخۆیت.

ب- هێزنی پاڵنانی دڵ بۆ خوێن یەکسانە بەو وزەیەی ماسولکەکان پێویستیانە بەپێی کۆششی ئیشکردنیان.

ج- دەرچەگر هەیە لەسەر گەدەکانت بۆئەوەی خواردن نەگەڕێتەوە بۆ نێو دەمت وتووشی زیان نەبیت.

د- دەرچەگر لەلای کۆم بۆئەوەی جلەکانت پیس نەبن هەموو کاتێک.

هـ - ئێسکەکانی ئێسکەپەیکەری لاشەت پێکەوە نانووسێن هەتاوەکو لە سکی دایکت دەردەچیت بەسەلامەتی وئاسانی، چونکە ئەگەر پێکەوە بنووسێن و یەک پارچە بن ئەوا کاتێک دەردەچیت لەسکی دایکت ؛ دەشکێن، وگەشە ناکەن بەتەواوی هەتاوەکو مێشکت بەتەواوی پێدەگات.

و- هەموو تەوەر وشوێنەکانی کۆئەندامی دەمار -ئەعساب- کە نیشانە کارەباییەکان دەگوازنەوە داپۆشراون بە چینێکی جیاکەرەوە -هەروەکو ئێمە ئێستا لەگەڵ وایەرە کارەباییەکان بەکاریدەهێنین-، بۆئەوەی نیشانە کارەباییەکان پەرش وبڵاو نەبن ونەفەوتێن ونەبنە هۆی بێزاری بۆ مرۆڤ.

ز- ئەلیکترۆن کە لە دەوری ناوک دەسوڕێنەوە بە خێرایی هەزار کم لە چرکەیەکدا ئەگەر نا دەکەوێتە نێو ناوەکەوە

بەهۆی هێزی ڕاکێشانەوە لەگەڵ ناوکی موجەب وبەم شێوەیە گەردوون وێران دەبوو پێش ئەوەی دروست ببێت، وئەم خێراییە گونجاوە بۆ دروستبوونی گەردیلە.

ح- کاتێک دوو گەردیلەی هایدرۆجین تێکەڵ دەبن ئەوا 0.007% لە بارستایی هایدرۆجین دەبێتە وزە، ئەگەر ئەم بارستاییە 0.006% بوایە لەجیاتی ڕێژەکەی تر ئەوا پرۆتۆن لەگەڵ نیوترۆن یەکی نەدەگرت، وگەردوون تەنها هایدرۆجین دەبوو، وپێکهاتەکانی تر دەرنەدەکەوتن، ئەگەر بارستاییەکە 0.008% بوایە لەجیاتی ڕێژەی یەکەم، ئەوا یەکگرتنی ماددەکان زۆر خێراتر دەبوو، ئەمیش دەبووە هۆی نەمانی هایدرۆجین بەخێرایی لەگەردوون، وئەمیش مەحاڵ بوو بۆ ژیان لەسەر زەوی، بۆیە دەبێت ژمارەکە لەنێوان 0.006% و 0.008% بێت.

خ- بارستایی ئەلیکترۆن Electron mass لە 0.2% ی بارستایی نیوترۆن Neutron mass پێکدەهێنێت وئەمیش بارستاییەکی گونجاوە بۆ دروستبوونی گەردیلە.

ی- قەد وگەڵا وبەشەکانی تری ڕووەک ڕاستەوخۆ پاش گەشەکردن بەرەو سەرەوە دەڕۆن بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی خۆر و ڕەگ ڕاستەوخۆ بەرەو خوارەوە دەڕوات، بۆئەوەی گەڵا وقەد وبەشەکانی تر سوود وەربگرن لە وزەی خۆر، وهەموو زانیاریەکان کە ڕووەک پێویستیەتی لەناو تۆودا

هەیە، وهەروەها هۆرمۆنی هەیە کە ڕکێفی گەشەکردنی بەشی سەرەوە ولایەکانی ڕووەکەی تێدایە وهەروەها ئاراستەکردنی هەموو ڕەگەکەکان هەموو ئەمانە لەنێو تۆوەکەدا هەن بەشێوەی کۆد وشاراوەن.

ك- کاتێک میوەیەکی خۆش دەخۆیت وتۆوە وشکەکەی فڕێ دەدەیت کە نیازی خواردنی لەسەر نیە، بەمە تۆ ڕێگا دەدەیت کە ئەو خواردنە بەردەوام جینەکانی ببەخشێت ئەگەر جارێکی تر بڕوێنرێت وخۆراکێکی تر بەتۆ ببەخشێت لەکاتێکدا ناوکە وشکەکە هیچ تامێکی لەسەر نیە وهەموو جینەکانی ئەو خواردنە لەنێو دڵی ئەو تۆوە وشکە بێ تامەیە -بنچینەی ژیانیەتی-، کاتێک تۆوەکە دەچێتە نێو زەوی ئەگەر بارودۆخی گونجاو بێت ئەوا دارێکی بەرهەمدار دروست دەکات کە لق وگەڵا وڕەگی لەخۆگرتووە، هەموو ئەمانە ڕوودەدات لەڕووەکدا لەکاتێکدا درک بە هیچ شتێک ناکات

ل- ئایا کێ ئەم زانیاریانەی ڕێکخستووە بۆ ئەو میوە کەڕ وڵاڵە، وڕێژەی شەکری تێیدا بەو ڕێژەیە دیاریکردووە بۆئەوەی سەرنجڕاکێش بێت لەلات؟

پاشان: ئایا کێ وایکردووە تۆوەکە سەرنج ڕاکێش نەبێت وقووت نەدرێت، بۆئەوەی حەزی لێنەکەیت وفڕێی بدەیت وجارێکی تر دارێکی پڕ بەرهەم دروست ببێت؟

پاشان: ئایا کێ ئەو تۆوانەی پڕ کرد لە زانیاری بۆماوەیی پێویست بۆئەوەی ڕووەکێکی تر دروست ببێت بەهەموو وردەکاری وفەرمانەکانی؟

م- لەم دواییانە بۆمان دەرکەوت: سستی فیزیکی Inertia کە نیعمەتێکە بۆ ئێمە ئەمیش سەرەنجامی هەموو بارستایی گەردوونە.

سستی فیزیکی چیە؟

ئەگەر تۆ سواری ئۆتۆمبێلەکەت بیت ولەناکاو بوەستێت، چی ڕوودەدات؟

تۆ بەرەو پێشەوە دەچیت! ئایا وایە؟

ئەمە بریتیە لە سستی فیزیکی.

ئەگەر سستی فیزیکی لە جیهاندا کەمتر بوایە لە ڕادەی ئێستا ئەوا کەمترین شنەی با دەیتوانی بەردە گەورەکان بجوڵێنێت، ولەسەر زەویدا بەردەوام لەمەترسی ئەوە بووین شتێک بەرمان بکەوێت لە ئاسمانەوە یان لە شوێنێکی ترەوە!

وئەگەر کەمتر بوایە لەم بڕەی ئێستا ئەوا نەمان دەتوانی تەنانەت پەنجەکانیشمان بجوڵێنین.[1]

---

[1] Nature's Destiny: How the Laws of Biology Reveal Purpose in the Universe, Michael Denton.

وهێزی سستی فیزیکی پەیوەستە بە بارستایی.
ئەمیش بووەتە جێی سەرسوڕمانی فیزیاناسەکان کە بارستایی گەلەئەستێرەی دەرب ئەلتبانە، ئەو گەلەئەستێرەی کە ئێمە تێیداین، تەنها بەڕێژەی 0.1 ملیۆن بەشدارە لە ڕێکخستنی سستی فیزیکی، لەکاتێکدا بارستایی سەر زەوی تەنها بەڕێژەی 0.001 ملیۆن سستی فیزیکی ڕێکدەخات.
سستی فیزیکی گونجاو کە گونجاوە بۆ ژیانمان، وبەهۆیەوە هەموو چالاکیەکان دەکەین، سەرەنجامی هەموو وزەی گەردوونە.
{وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ} ﴿٢٧﴾
﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾ واتە: ﴿ئێمە ئاسمان و زەوی دروستکراوانی نێوانیان بێ هودە و هەڕەمەکی دروست نەکردووە، ئەوە بیرو باوەڕی ئەوانەیە کە بێ باوەڕبوون، هاوار و ناهوناڵە بۆ ئەوانەی کە کافر و بێ بڕوان لە سزای ئاگری دۆزەخ﴾
[سورة ص : 27].

هەتاوەکو زانست فراوان وزۆر بێت، حیکمەتی سەرسوڕهێنەر و وردی لە خوڵقاندا ؛ زیاتر دەردەکەوێت![1]

ن- پاشا ئەگەر بڕۆین بۆ باسی چاو:

ئەو نیعمەتەی کە هیچ نرخ وبەهایەک شوێنی ناگرێتەوە

{أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ} ﴿٨﴾

﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ﴾ واته: ﴿ئایا جووتێک چاومان پێنەبەخشیووە؟ (چاو: زۆر گرنگترە لە دوو دەزگای کامێرای ئەلەکترۆنی خودکار لە هەر چرکەیەکدا هەزاران وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ دەگرێت و دەینێرێت بۆ مێشک، ئەویش هەندێکی هەڵدەگرێت)﴾

[سورة البلد: 8].

توانای وردی بینینی چاو یەکسانە بە: پێنج سەد وحەفتا وپێنج مێگا پێکسل.

وچاو پاکترین هاوێنەی -عەدەسەی- پێوەیە لە جیهاندا.

وقەبارەی وەرگری ڕووناکی لە تۆڕی چاودا زیاتر نیە لە نیو ملیمیتەری چوارگۆشە، وبەهۆی ئەمەوە چاو جیاوازی

---

1 ئەم مەسەلەیە بە وردی لەلایەن مایکل دانتون باسکراوە لە کتێبەکەی (چارەنووسی سروشت:The Fate of Nature:قدر الطبيعة)، وکتێبەکە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی کە لە بەرهەمی (دار الكتاب)دا.

دەکات لەنێوان دە ملیۆن پلەی ڕەنگی بەدووری جیاوازەوە، ئەمە موعجیزەیە وخوڵقنراوێکی سەرسوڕهێنەری پەروەردگارە.

وکاتێک سەیری شتێک دەکەیت لەپێشەوەت وڕووناکیەکەی دەکەوێتە سەر تۆڕی چاو، لەم کاتەدا چەندەها کارلێکی کیمیایی ئاڵۆز ڕوودەدات لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تەزوویەکی کارەبایی، ئەمە تەزووە لە تۆڕی چاوە دەچێت بۆ مێشکت لەڕێگەی وایەری دەمارەکانە -دەماری عەسەبەکان-، ومێشک شەپۆلی ئەم تەزووە لێک دەداتەوە کە ئەمە بینینی شتێکە ودەیناسێتەوە، هەروەکو ئەوە وابێت کە مێشک فەرهەنگێکی کامڵی تێدا بێت کە تەزووە کارەباییەکان وەردەگرێت کە پێی دەگات بەهۆی بینینی ئەو شتەی لەپێشیەتی.

شتێکی سەرسوڕهێنەرە ئەگەر بیری لێبکەنەوە!

بیربکەرەوە: ئەم مێشکە لەناو سندوقێکی ئێسکی تاریکە -کە بریتیە لە ئێسکی کەلەسەر-.

تەنها تەزووە کارەباییەکان دەگەن بە مێشک.

ئەی چۆن مێشک ئەم تەزووە کارەباییانە لێک دەداتەوە بەوەی ئەمە بینینی شتێکە کە مێشک دەیناسێتەوە؟

چۆن توانای بینینت پێدەدات؟

ئەمە موعجیزەیەکە ڕوودەدات هەر کە چاوت دەکەیتەوە وسەیر دەکەیت!

وهەمان شت سەبارەت بە بیستن:

کاتێک شەپۆلەکانی دەنگ دەچنە نێو تەپڵی گوێت، تەپڵی گوێ دەیکاتە شەپۆلی جوڵاوی میکانیکی، پاشان ئەم جوڵە میکانیکیە لەڕێگای سێ ئێسکەوە بەرەوگوێی ناوەڕاست دەڕۆن وئەمانیش دەیکەن بە تەزووی کارەبایی.

ئەم تەوژمە کارەباییە لە گوێی ناوەوە بەرەو مێشک دەڕوات، بۆئەوەی مێشک لێکدانەوە بکات بۆ ئەو تەوژمە کارەباییانە وبیانناسێت کە دەنگە بۆیە تۆش دەیبیستیت.

هەموو ئەمانە کەمتر لە یەک چرکە یان بەشێک لە چرکە ڕوودەدەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: ﴿خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن﴾ [سورة النحل: 78].

بیربکەرەوە مێشک لە هەموو ساتێکدا هەزارەها نیشانەی کارەبایی بۆ دەڕوات لەڕێگای چاو وگوێ وبەرکەوتن وتامکردن وبۆنکردن، ولە هەموو ئەندامەکانی تری لاشەوە وجیاوازی دەکات لەنێوان ئەم نیشانانە بە وردیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر،

{هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ ۚ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ} ﴿١١﴾

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ ۚ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: ﴿ئا ئەمەیە دروستکراوانی خوا، وەرن نیشانم بدەن بزانم ئەوانی ترجگە لەوزاتە، چیان دروست کردووە، نەخێر هیچیان دروست نەکردووە، بەڵکو ستەمکاران هەمیشە لە گومڕاییەکی ئاشکراداان﴾

[سورة لقمان: 11].

{صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ۚ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ} ﴿٨٨﴾

وهەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ۚ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ﴾ واتە: ﴿ئەمەیە دەستکردی ئەوخوایەی کە هەموو شتێکی بەئەوپەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە، بەڕاستی ئەوزاتە زۆر بە ئاگایە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن﴾

[سورة النمل: 88].

کێ هەیە بتوانێت بەتەواوی سوپاسگوزار بێت بەرامبەر یەک نیعمەت لە نیعمەتەکانی خوای گەورە؟

بیر بکەرەوە لە هەر جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەت ولە هەر ئێسکێک لە ئێسکەکانی لاشەت کە بەپێی پێویسیت توانای جوڵەت پێدەدەن!

بیربکەرەوە لە جومگە لوسەکان کە ڕێگات پێدەدەن بجوڵێیت بەبێ ئەوەی بەریەککەوتن هەبێت لەنێوان ئێسکەکان وبێ ئەوەی بڕزێن بەهۆی بەریەککەوتنەوە، وئەم جومگانە کە خوای گەورە شلەیەکی تێدا دروستکردووە وەکو بەز وایە لەنێوان جومگەکانی ئامێرەکان دادەنرێت!

بیر بکەرەوە لەنیعمەتەکانی خوای گەورە وتێڕامان بکە وسوپاس وحەمدی پەروەردگارت بکە لەسەر نیعمەتەکانی - سبحانه وتعالى-.

نیعمەتەکانی خوای گەورە لە بژاردن نایەن.

{أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّـهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗ وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّـهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ} ﴿٢٠﴾

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗوَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ﴾ واتە: ﴿ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و

زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووە و ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندون، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێک لە خەڵکی موجادەلە و گفتوگۆی نابەجێ دەربارەی خوا وبەرنامەکەی دەکەن، بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی و ڕێنموویەکی پێغەمبەران و کتێبێکی ڕوونکەرەوەی خوایی.﴾

[سورة لقمان: 20].

### 8- هەندێک لە مولحیدەکان ڕەخنە دەگرن لە بەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان-، دەڵێن : هەندێک کەموکورتی هەیە وەکو نەخۆشیەکان وبومەلەرزەکان؟

و: کاتێک دەڵێن کەموکورتی هەیە لەناکاملی هەندێک شت لە گەردووندا ؛ ئەمە دانپێدانانە لەلایەن مولحیدەکان بەوەی کە وردی وکاملی هەیە لە خولقێنراوەکاندا.

بەمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وردی هەیە لە دروستکردنی گەردووندا.

ئەگەر وردی ورێکی لەدروستکراوەکاندا نەبوایە ئەوا مولحید دەرکی نەدەکرد بە بوونی کەموکورتی و ناوردی لەهەندێک شتدا لەسەر بانگەشەی خۆیان.

چۆن ڕەخنە دەگریت لە عەیبێک لە دروست کردنی جیهانێکی ڕێک وڕێک خراو لەکاتێکدا پێت وایە ئەو جیهانە ڕێک خراو نیە؟

کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکەن شتێک کەموکورتی یان ناوردی تێدایە لە دروستکردن ئەمە بەهۆی کەمی زانستیانە یان کەمی تێگەیشتنیانە لە زانینی حیکمەت ودانایی لە شتەکاندا.

ئیمانداران ناڵێن گەردوون بەوردی دروستکراوە بۆیە هیچ کارەساتێکی تێدا ڕوونادات، بەڵکو دەڵێن: گەردوون بە وردی دروستکراوە وهەرشتێک تێیدا ڕوودات بەهۆی مەبەستێکە.

هەڵوێستی مولحید وەکو ئەو کەسە وایە کە نکۆڵی دەکات لە وردی لە دروستکراوی کەشتی ئاسمانی بەهۆی ئەوەی بڕێک زۆر لە ئەندامی پترۆڵی تێدایە کە لەوەیە لە هەرساتێک ببێتە هۆی تەقینەوەی کەشتیەکە![1]

وجیهان دروست نەکراوە بۆئەوەی ببێتە جیهانێکی هەتاهەتایی یان ئەزەلی، ئێمە دروست نەکراوین بۆئەوەی ببینە خوا.

---

1 کتێبی (ظاهرة نقد الدين في الفلسفة الحديثة)، د. سلطان العميري، توێژینەوەی دکتۆرا.

بەڵکو ئێمە دروست کراوین بۆئەوەی بە خێر وشەڕ تاقی بکرێینەوە،

{وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ} ﴿٣٥﴾

﴿وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ واتە: ﴿بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بەشەڕ و ناخۆشی و بەڵاو بەخێرو خۆشی و دارایی و توانایی، سەرەنجام هەر بۆ لای ئێمە دەهێنرێنەوە.﴾

[سورة الأنبياء: 35].

وخێر وشەڕ وهەموو فیتنەیەک دەسوڕێنەوە لە چوارچێوەی حیکمەت و ویستی خودایی.

***9- ئایا چی ڕێگرێک هەیە لەوەی هۆکارێکی ماددی هەبێت کە گەردوونی دروستکردبێت؛ بۆ نمونە: شارستانیەتێکی تر یان شتێکی تر؟ بۆچی تەنها دەبێت خودای ئەزەلی دروستی کردبێت بەدیاریکراوی؟***

و: بنچینەیەکی سەرەکی هەیە کە زانایانی ئیسلام دایان ناوە لەپێش زیاتر لە هەزار ساڵ، ئەم بنچینەیە دەڵێت: (زنجیرەی

یەک لەدوای یەک لە بکەرەکاندا واپێویست دەکات کە کردەوەکان ڕوو نەدەن)[1].

زنجیرەی یەک لەدوای یەک لە بکەرەکان: واتا بوونی زیاتر لە یەک خوڵقێنەر، هەروەکو لەم پرسیارەدا هاتووە شارستانیەتێک هەیە ویەکێکی تر پێشی ئەمانی دروستکردووە ویەکێکی تر لەپێش ئەمەی کۆتا دروستی کردووە وبەو شێوەیە، ئەمە زنجیرەیە لە خوڵقێنەرەکاندا.

ئەم زنجیرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کردەوەکان هەر ڕوونەدەن لەبنچینەدا.

کردەوەکان هەر ڕوونەدەن: مەبەست ئەوەیە خوڵقێنراوەکان دەرنەکەون وەکو گەردوون ومرۆڤ وهتد.

ئەم زنجیرەیە لە بکەرەکاندا دەبێتە هۆی دەرنەکەوتنی گەردوون وبوون.

ئەگەر یەکێک لە شارستانیەتەکان دەرکەوتنی پەیوەست بێت بە شارستانیەتێکی ترەوە کە دروستی کردووە وئەمەی کۆتا پەیوەست بێت بە یەکێکی تر کە دروستی کردووە وبەم شێوەیە هەتا بێ کۆتایی، ئەوا ئەم شارستانیەتە

---

[1] کتێبی: (ظاهرة نقد الدين في الفلسفة الحديثة)، د. سلطان العميري، رسالة دكتوراة.

دەرنەدەکەوت وئەوەی پێشی دەرنەدەکەوت بۆیە بوون وهیچ شتێکی تر نەدەبوو ودەرنەدەکەوتن.

چونکە هەموو شارستانیەتێک دەرکەوتنی بەستراوەتەوە بە ئەوەی پێش خۆی بۆیە هیچ شارستانیەتێک دەرناکەوێت وهیچ شتێکی تریش دەرناکەوێت.

بۆیە دەبێت خوڵقێنەرێک هەبێت لەسەرەتادا ئەزەلی بێت کە هەموو شتێکی دروستکردووە! (مەبەست لە ئەزەلی، واتا هەربوونی هەبووبێت لەڕابردوودا بێ سەرەتا)،

ئەگەر زنجیرەکە بێ کۆتا بێت وهەموو ئەڵقەیەک بەسترابێتەوە بەئەوەی پێشی، ئەوا خوڵقێنراوەکان بوونیان نەدەبوو، چونکە بکەر بوونی بەستراوەتەوە بە بکەرێکی پێش خۆی وئەوەی پێش خۆی بەئەوەی پێشووتر وبەو شێوەیە، بۆیە هیچ شتێک بوونی نەدەبوو.

چونکە دەبێت زنجیرەکە لە شوێن وسنوورێک بوەستێت.

ولێرەدا جەخت دەکەینەوە کە لەسەرەتادا خوڵقێنەرێک هەبووە کە لەپێش ئەو هیچ شتێک نەبووە!

## 10- ئێمە یاساکان دەزانین کە ڕێکیف بە گەردوون دەکەن وهۆکارەکانی بومەلەرزە دەزانین، ئیتر چ پێویستیەکمان بە خوڵقێنەر هەیە ؛ چونکە ئێمە هەموو یاساکان دەزانین؟

و: مولحید پێی وایە کە یاساکان بۆ دروستکردنی گەردوون ودەرکەوتنی بەسە، هەندێک لە مولحیدەکان دەڵێن بیرۆکەی (یاسای هێزی کێشکردن) بەسە بۆ دەرکەوتنی گەردوون، ئەم بیرۆکەیە پوچەڵ دەبێتەوە هەر بە بیرکردنەوە لە سەرچاوەکەی -کێ دروستی کردووە-، یان کێ ڕێکی خستووە یان کێ سیفەتی دەستێوەردان و کاریگەربوونی پێ بەخشیوە؟

با باسی ئەم شتە سەرەتاییانە نەکەین، یاسای هێزی کێشکردن نابێتە هۆی ئەوەی تۆپی بلیارد بەو شێوەیە بڕوات.

یاساکە بەتەنها خۆی ناتوانێت هیچ بکات ئەگەر شتەکە بوونی نەبێت کە کاریگەری لەسەری هەیە.

بۆ نمونە ئەم یاسایە نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی تۆپی بلیارد بەڵکو تەنها دەیجوڵێنێت ئەگەر هەبوو وبلیاردەکە بە دارێک لێی درا.

یاساکە شتێکی سەربەخۆی نیە بەڵکو وەسفێکە بۆ ڕووداوێکی سروشتی.

یاساکە ناتوانێت تۆپەکە بجولێنێت مەگەر کاتێک هێزێک لە تۆپەکە دەدات بە دارێک ودەیجولێنێت لێرەدا تۆپەکە دەجولێت وکاریگەری یاسای هێزی کێشکردن دەردەکەوێت.

بەڵام مولیحد پێی وایە کە یاسای هێزی کێشکردن بەسە بۆ خولقاندنی تۆپی بلیاردە ودارەکەی ورۆشتنی تۆپەکە!

کامیان نزیکترە لە ئەقڵ وژیریێژی -مەنتیق- لە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم گەردوونە: خولقێنەر یان یاساکان؟

وبەهەمان شێوەیە یاساکانی سوتاندنی نێو مەکینەی ئۆتۆمبێل نابێتە هۆی دروستبوونی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە.

وئەگەر یاساکانی سووتانی نێوەکی بخەینە سەر مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە ئەوا مەکینەکە کار ناکات، چونکە دەبێت بەنزین هەبێت کە وزەی پێدەدات، ودەبێت پزیشکەی سوتاندن هەبێت ودەبێت پێش ئەمانە مەکینەکە هەبێت، وتەنها لەم حاڵەتەدا یاسای سوتاندنی نێوەکی دەردەکەوێت ومەکینەکە کاردەکات!

بۆیە ئەقڵ وژیری نیە کە مرۆڤ پێی وابێت یاساکانی سوتاندنی نێوەکی بەسە بۆ دروستکردنی مەکینە وپزیشکەی سوتاندن وبەنزین وشۆفێر ورێگاکە !

بیرۆکەی: یاسا بەسە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی دەرکەوتنی گەردوون ؛ ئەمە بەتەواوەتی دوورە لە ئەقڵ وژیری وبیرکردنەوەی دروست.

پاشان ئەم بیرۆکەیە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین دەمانباتە نێو مەسەلەی زنجیرە بکەرەکانەوە کە پێشتر شیمان کردەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو، ئایا کێ ئەم یاسایەی دروستکردووە وهێناویەتیە بوون، ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین یاسایەکی ترە ئەوا دیسانەوە دەچینە نێو بابەتی زنجیرە بکەرەکان کە سەرەنجامی ئەوە دەبێت هیچ یاسایەک یان شتێک بوونی نەبووە.

### 11- ئایا چی ڕێگرێک هەیە لەوەی سەرچاوەی گەردوون ؛ ڕێکەوت -سودفە- بێت؟

و: وتنی ڕێکەوت نەزانینە سەبارەت بە بنچینەی ئەگەرەکان؛ چونکە ڕێکەوت دوو مەرجی هەیە کە جیا نابنەوە لەیەک.

ئەوانیش: کات وشوێن.

بۆ ڕێکەوت مەرجە کاتێک هەبێت کە ڕووداوەکان کاریگەری تێدا دەربکەوێت.

ومەرجە شوێنێکی ماددی هەبێت کە بەرهەمی کاریگەری ڕووداوەکانی تێدا ڕووبدات.

ئیتر چۆن بڵێین کە ڕێکەوت کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی گەردوون، لەکاتێکدا گەردوونی ئێمە بەبێ بوونی کات وشوێن هاتووەتە بوون؟

چۆن دەکرێت کاریگەری ڕێکەوت دەربکەوێت ئەگەر ڕێکەوت خۆی دەرنەکەوێت؟

چۆن دەڵێیت ڕێکەوت کاریگەری هەیە پێش ئەوەی ڕێکەوت خۆی هەبێت وپێش ئەوەی کات وشوێن هەبن کە دوو مەرجی سەرەکین بۆ ڕێکەوت؟

### 12- چۆن ڕەدی مولحید بدەینەوە کە دەڵێت : گەردوون لە ئەزەلەوە -لە ڕابردووی بێ سەرەتا- بوونی هەبووە؟

و: بەپێی یاسای دووەمی گەرمی دینامیک Second Law of Thermodynamic ، مەحاڵە گەردوون ئەزەلی بێت.

بۆ باسکردنی ئەم یاسایە بەسادەیی ؛ ئەم نمونەیە دەهێنینەوە بۆ شیکردنەوەی: ئەگەر کوپێک ئاوی گەرمت هەبێت لە ژوورێکدا، ئەوا گەرمیەکە لە ئاوەکە دەچێتە نێو ژوورەکە هەتاوەکو پلەی گەرمی ژوورەکە وئاوە گەرمەکە یەکسان دەبن، ئەمە یاسای دووەمی گەرمی دینامیکە، وزە لە بەرزترەوە دادەبەزێت بۆ خوارتر بەدرێژایی کات.

وئەم یاسایە لە هەموو شتێک ڕوودەدات لە گەردووندا لە هەموو ساتێک لەو کاتەوەی گەردوون هەیە، هەتاوەکو پلەی

گەرمی هەموو شتێک یەکسان دەبێت لە گەردووندا، وکاتێک یەکسان بونی پلەی گەرما ڕوودەدات لە گەردوندا ڕودانی ئەو حاڵەتەی پێی دەوترێت: مردنی گەرمی گەردوون Thermal Death of Universe ڕوودەدات، ئەگەر گەردوون ئەزەلی بوایە ئەوا دەبوو ئێستا بوەستایە -مردنی گەرمی ڕووی بدایە- ، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا کەمترە لە ئاستی بەرزترین ئینترۆپی، ونەگەیشتوەتە پلەی مردنی گەرمی، بۆیە گەردوون ئەزەلی نیە بەڵکو سەرەتایەکی هەیە کە جێگیرە لەگەڵ ئەو سەرەتایەدا کات وشوێن دەرکەوتن.

وسەلمێنراوە بەپێی هەمان یاسا کە گەردوون لە کەمترین ئاستی ئینترۆپیەوە دەستی پێکردوە، ئەمیش مانای ئەوەیە کە ڕوودانی لەسەر نمونەی پێشووتر نەبوو -لە هیچەوە دروستکراوە-.

ئەمە یاسایەکی زانستیە لە لایەکدا لەکاتێکدا ئیلحاد لە دیوی بەرامبەرە بەتەواوی.

### 13- بۆچی یاسای هۆکارگەرایی لەسەر خوڵقێنەر جێبەجێ نابێت؟ یان بەشێوازێکی تر: ئایا کێ خوڵقێنەری دروست کردووە؟

و: یەکەم: خوڵقێنەر یاسای خوڵقێنراوەکانی لەسەرجێبەجێ نابێت، وئەمیش شتێکی سەرەتایە وتێگەیشتنی ئاسانە.

ئەگەر نا دەڵێین: ئایا کێ چێشت لێنەرەکەی لێناوە؟
کێ بۆیاخچیەکەی بۆیاخ کردووە؟
خوڵقێنەر ڕوونە کە ئەو کات وشوێنی دروستکردووە بۆیە ئەو یاسایانەی بەسەردا جێبەجێ نابێت کە خۆی دروستیانی کردووە -سبحانه وتعالى- !
دووەم: هەموو دروستکراوێک دەبێت دروستکارێکی هەبێت، ئەمە ڕاستە؛ بەڵام خوڵقێنەر،
{لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ} ﴿١١﴾
﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ واتە: ﴿ هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەوزاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت (چونکە خوایە و بەدیهێنەرە، چۆن لە بەدیهێنراوەکانی دەچێت)﴾
[سورة الشورى: 11].
سێیەم: خوڵقێنەر دروست نەکراوە بەڵکو ئەو ئەزەلیە -بوونی هەبووە لەڕابردووی بێ سەرەتا-، ئیتر چۆن بڵێین کێ دروستی کردووە؟
چوارەم: دەبێت خوڵقێنەر ئەزەلی بێت وپێویستە هەر هەبوو بێت ئەگەر نا دەچینە نێو بابەتی (زنجیرەی بکەرەکان کە سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی کردەوەکان ڕوویان نەدابێت)، وئەمە پێشتر باسمان کرد بەوردەکاریەوە، بۆیە

پێویسته خوڵقێنەر هەر هەبوو بێت لە ئەزەلەوە -سبحانه وتعالى-.

### 14- گەردوون مەزنە ؛ ئەی چۆن ئێمە بەم قەبارە بچووکەوە دەبینە چەقی ئەم گەردوونە مەزنە؟

و: مولحید ئەگەرێکی بێ مانا لێکدەداتەوە دەڵێت: چونکە گەردوون هێندە مەزنە، کەواتە مرۆڤ چەقی ئەم گەردوونە نیە!

ئەمە ئەگەرێکە بنیات نراوە لەسەر پێشەکییەک: چونکە کێڵگەکە هێندە گەورەیە وخاوەنەکەی بچووکە کەواتە ئەو کەسە خاوەنی نیە!

لەڕاستیدا، بابەتەکە پەیوەندی بە قەبارەوە نیە.

ورەوشتەکان کە قەبارەی مادییان نیە گەورەترین پێوەرن بۆ دیاریکردنی پلەوپایەی خەڵکی لە ڕێزدارترین مرۆڤەوە بۆ بێ نرخترین مرۆڤ.

خەڵکی لەڕاستیدا بە ڕەوشتیان لەسەر تەرازوو دەکێشرێن.

قەبارەکان پێوەر نین!

با ئەم نمونەیە بهێنینەوە: ئەگەر پاشایەک هەبێت وهەندێک وەسیەت وئامۆژگاری کوڕەکەی بکات، وکتێبێکی بۆ بنووسێت لەمبارەیەوە، ئایا دەکرێت یەکێک ڕەخنە

بگرێت وبڵێت: چۆن دەبێت پاشایەک کە خاوەنی هەزارەها دۆنم زەوی فراوانە وبێ سنوورە ؛ گرنگی بدات بە کوڕەکەی کە کێشی یەک لەسەر ملیۆنی زەوی وزاری پادشای نیە؟

وبەرزترین نمونە بۆ پەروەردگارە.

ئایا ئەم ڕەخنە گرتنە ؛ شتێکی ئاقڵانەیە لەڕاستیدا؟

بابەتەکە پەیوەندی بە قەبارە وکێشەوە نیە.

پاشان ئایا ئەم گەردوونە لەخاڵێکی بچووکەوە دەستی پێکرد کە بچووکترە لە سەری دەرزی بە ملیارەها جار هەروەکو زانایانی فیزیای جیهان دەڵێن؟

بۆیە قەبارە ڕێژەییە.

ئایا بۆچی مولحید ڕەخنە دەگرێت وپێی قبوڵ نیە ئەگەر خوای گەورە چی بیەوێت دروستی بکات بەو چۆنیەتیەی خۆی دەیەوێت؟

ئایا پەروەردگار سەرچاوەکانی کەم دەبێتەوە لەو شتانەی دەیکات ؛ هەتاوەکو بەپێی پێویست بەکاریان بهێنێت؟

خوای گەورە لەوە بەرز وبڵندترە.

بەڵام ئایا ئێمە لە چەقی ئەم گەردوونەداین؟

بەڵێ ئەی مرۆڤ: تۆ لە چەقی گەردووندایت بەهۆی ئەرک پێسپاردنی -تەکلیفی- خودایەوە.

وئەم تەکلیفە : ئاینە.

ئاین ه سپاردەیە کە مرۆڤ لەئەستۆی خۆی گرت، وگەورەترین تاقیکردنەوەیە کە داواکراوە پەیڕەوی بکەیت وداواکراوەکانی جێبەجێ بکەیت.

تۆی ئەی مرۆڤ داواکراوە کە بەندایەتی بکەیت بۆ الله -سبحانە وتعالی- وبەم شێوەیە دەبیتە چەقی گەردوون، تۆ چەقی ئەم گەردوونەیت نەک بە قەبارە وهێز وتوانات بەڵکو بەهۆی تەکلیفی خوداییەوە.

ودەتوانیت خێر ئەنجامدەیت و واز لە شەڕ وخراپە بهێنیت، وتوانات هەیە باوەڕ بهێنیت یان کوفر بکەیت.

هەموو دەزانین کە تەکلیفی خودایی لێمان داواکراوە، ئەگەر بمانەوێت یان نەمانەوێت!

مولحید وئیماندار و(ئەوانەی دەڵێن نازانین ئایا خودا هەیە یان نا ؛ لائەدریەکان) ؛ هەمووی دەزانێت کە تەکلیفی خودایی لەسەرە وهەستی پێدەکات، ودەناڵێت بەدەست چزەچزی ویژدانی ڕەوشتەکانەوە، ولە ناخیەوە دەزانێت شتێک هەیە دەڵێت: ئەوە بکە وئەوە مەکە، کاری خێر بکە و واز لە خراپە بهێنە، هەمووومان لەڕاستی و واقیعی نەفسمان ئەمە دەزانین کە دەبێت گوێڕایەڵ بین!

ئێمە لە چەقی ئەم گەردوونەین بەهۆی تەکلیفی خوداییەوە!

وهەروەها لەچەقی ئەم گەردوونەین بەهۆی درک پێکردن وزانستمان، ئێمە لە شتەکان تێگەدەین وهەستیان پێدەکەین وڕاستی بوونمان دەزانین، وڕاستی گەردوون دەزانین لەدەوروپشتمان، وزۆر باش لەمانای بوون تێدەگەین.

بۆیە ئێمە داوالێکراوین وتەکلیفمان لەسەرە ولێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت!

وئێمە ئەو بوونەوەرەین کە تێدەگەین لە جوانی و وردبینی لە دروستکراوەکاندا، ئێمە ئەو بوونەوەرین کە دەتوانین تەکلیفەکان جێبەجێ بکەین یان کوفر بکەین وپشتیان لێبکەین، ودەتوانین هەڵبژێرین، ودەتوانین باوەڕ بهێنین یان کوفر بکەین.

ئێمە چەقین لەم گەردوونەدا.

{إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ ۖ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا} ﴿٧٢﴾

﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولً﴾ واتە: ﴿ئێمە ئەمانەتی (عەقیدە و بیروباوڕ، ئەمانتی سەرپشکیمان) نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان دا، (یاخود پێشنیارمان کرد کە ئێوە هەڵگری ئەم ئەمانەتە بن)،

بەڵام هەمووان دەستیان پێوەناو ترسان لێی (هەر پێیان چاك بوو ئاوا (مسیر بن، سەرپشك نەبن) کەچی ئادەمیزاد هەڵیگرت و گرتیە ئەستۆی، بەڕاستی زۆر ستەمكار و نەفام بوو (ئەگەر زۆرینە ڕەچاو بکەین)﴾

[سورة الأحزاب: 72]

## 15- هەندێک لە مولحیدەکان دەڵێن: زۆر ئەستێرە هەیە بۆیە بە پێی بیرۆکەی ئەگەرەکان ئاساییە ئەستێرەیەک هەبێت گونجاو بێت بۆ ژیان لەسەری.. ئایا ئەم بەڵگەهێنانەویان دروستە؟

و: پەیوەندی چیە لەنێوان زۆری ئەستێرەکان و ڕەخنەگرتن لە بەڵگەی وردبینی لەدروستکردندا؟

مەسەلەکە سەبارەت بە ماددە یەکەمیەکان نیە.

لەنێو دارستانێکی پڕ لە میوە وبەرهەم وئاژەڵ بم، مانای ئەوە نیە لەناکاو لەناوەڕاستی دارستانەکەدا قازانێک پڕ لە چێشتی لێنراو دەربکەوێت، مەسەلەکە ماددە سەرەتایەکان نیە!

وهەروەها بوونی لم لە بیابانەکانی جیهان، مانای ئەوە نیە کە چارەسەرکاری ژمارەیی وچیپی ئەلیکترۆنی بدۆزمەوە لە هەموو شوێنێکی بیابانەکانی سەر زەوی کە لە لم دروست دەکرێن !

مەسەلەکە پەیوەست نیە بە ماددەی سەرەتاییەوە؛ بەڵکو باسەکە لەسەر دروستکردن و وردبینیە Know how .

تەنها بوونی کۆمەڵێک ئەستێرە بەس نیە بۆئەوەی ئەستێرەیەک دەربکەوێت بەم وردیە وەک زەوی.

باسەکە لەسەر وردبینی وخوڵقاندن ودروستکردنە،

{صُنْعَ اللَّـهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ} ﴿٨٨﴾

﴿صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ﴾ واتە: ﴿ئەمەیە دەستکردی ئەوخوایەی کە هەموو شتێکی بەئەوپەری ڕێکوپێکی دروستکردووە﴾

[سورة النمل: 88].

بوونی ئەستێرەی زۆری تر هەرگیز پاساو نیە بۆ بوونی ژیان لەسەر زەوی.

بوونی ئەستێرەی تر پاساو نیە بۆ بوونی کۆدی بۆماوەیی لە نێو چوار ملیار پیت کە هەموو فەرمانەکانی ئەندامەکان وهۆرمۆنەکانت ڕێکدەخات بەڕێکخستنێکی سەرسوڕهێنەر پێش ئەوەی خۆت بوونت هەبێت!

ژیان زانیاریە، نەک ماددە.

ئەگەر من ومولحیدێک بچینە سەر یەکێک لە ئەستێرەکان وئامێرێکی ئاڵۆز بدۆزینەوە کە بە ڕێکخستنێکی زۆر سەیر ئیش دەکات، ئەگەر لە فەرمانەکانی تێنەگەین، ئایا دەکرێت نکۆڵی

بکەین لەوەی ئەم ئامێرە دروستکارێکی هەیە ؛ تەنها بەهۆی ئەوەی ئێمە لەسەر ئەستێرەیەکی زۆر گەورەین؟

ئەقڵ وبیرکردنەوەی سەرەتایی وا لە من ومولحیدەکە دەکات کاتێک ئەم ئامێرە دەبینین بڵێین کە ئەم ئامێرە دروستکارێکی بەتوانای هەیە.

وئەوەی نکۆڵی دەکات لەم بیرکردنەوە سەرەتاییە ونکۆڵی دەکات لەبوونی دروستکارەکە ؛ ئەو داواکراوە بەڵگە بهێنێتەوە، نەک ئەوەی بەرامبەر!

مولیحد لەم گەردوونە سەرسوڕهێنەرە داواکراوە بەڵگە بهێنێتەوە نەک ئیماندار!

جارێکیان مولحیدێکی لائەدری بەناوی کارل ساغان لە ڕۆمانێکی بەناوی (کۆنتاکنت Contact)، باسی ئەوە دەکات چۆن زاناکان بەدوای زیرەکی دەگەڕێن لە دەرەوەی زەوی.

ولەو ڕۆمانە خەیاڵیەدا زاناکان زنجیرەیەک درێژی ژمارەیان دۆزیەوە کە لە ئاسمانی دەرەوە هاتبوو؛ وچونکە ئەم زنجیرە سەرەتاییە ئاماژەیە بۆ بەهایەکی بیرکاری دیاریکراو، ونرخێک کە بەڵگەیە لەسەر ڕێکخستن، بۆیە ئەمە بووە بەڵگەیەکی ئەقڵی پێویست بۆئەوەی بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی ئەم پەیامە لە شارستانیەتێکی ترەوە هاتووە ودەیەوێت پەیوەندیمان پێوە بکات!

ئەوەی جێی پێکەنینە کە کارل ساغان کە لائەدریەکی بەناوبانگە، بەڵام ئەقڵی دان بەوەدا دەنێت کە ئاڵۆزی وڕێکخستن لە پەیامێکی بچووکدا بەڵگەیە لەسەر دروستکردن و وردبینی!

تەنها زنجیرەیەک ژمارەی یەکەمی دەبێتە هۆی بریاردان لەسەر ئەوەی شارستانیەتێکی مەزن هەبووە؛ ئەی چی دەڵێیت سەبارەت بە چوار ملیار پیت کە لەناو هەر خانەیەک لە خانەکانی لاشەت هەیە، ئەگەر یەک پیتیان نەبێت لەوەیە کارەسات ڕووبدات، ئایا چۆن ئەم هەموو وردبینیە دەگەڕێنیتەوە بۆ لێکدانەوەی نامەنتیقی ئیلحادی زۆر سەیر ونامۆ؟

ئەقڵ ومەنتیق نیە کە ئەم لێکدانەوە نامەنتیقیانە بکەیت بۆ ڕێگرتن لەڕاڤەکردنی دیاردەیەک لە چوارچێوەی خۆیدا ئاماژەیە بۆ خوڵقێنەر،

{قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ} ﴿١٠١﴾

﴿قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ﴿پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانەو ئاگاداریەکان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنەبەر).﴾

[سورة يونس: 101].

### *16- بۆچی ناکرێت زیاتر لە یەک خوڵقێنەری ئەزەلی هەبێت؟*

و: خوای گەورە دەفەرموێت:

{لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّـهُ لَفَسَدَتَا} ﴿٢٢﴾

﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ واتە: ﴿ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (اللّٰه)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێک دەچوون بەسەر یەکدا﴾

[سورة الأنبياء: 22].

بوونی خوایەکی تر لەگەڵ اللّٰه ؛ زۆری لەژمارەی خوایەکان واتە پێویستی.

وپێویستی بۆ پەروەردگار -سبحانە وتعالی- ئاماژەیە بۆئەوەی کە گەردوون لە ئاسایشدا نیە ولەوەیە لەناوبچێت.. ئەمەیش دەبێتە هۆی خراپە لەنێو گەردوون.

بۆیە هیچ زامنێک نیە بۆئەوەی گەردوون بمێنێت ئەگەر خودایەکی هەبێت کەپێویستی بە کەسانێکی تربێت!

{لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّـهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّـهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ} ﴿٢٢﴾

﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ واته: ﴿ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (الله)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێک دەچوون بەسەر یەکدا، پاکی و بێگەردی بۆ خوا کە پەروەردگاری عەرشە، لەو باس و خواسانەدا (کە خوانەناسان) دەیڵێن (هاوەڵ بۆ ئەو زاتە بڕیار دەدەن).﴾

[سورة الأنبياء: 22].

پێویستی بەیەکێکی تر دوورە لە خوای گەورە ئەو زاتە دەوڵەمەندە وبێ نیازە لە بوونەوەرەکان وتەنها خۆی هەموو گەردوونی ڕاگرتووە -سبحانه وتعالى-.

سەرەڕای ئەوەی باسکرا: ئەگەر زیاتر لە یەک خوا هەبوایە ئەوا ئەگەری بەریەککەوتن زیاتر دەبوو لە ئەقڵەوە بەبەراورد لەگەڵ ڕێککەوتن، چونکە زیاتر لە خوایەک واتا زیاتر لە یەک ویست وخواست، وزۆری خواستەکان واتا هەریەکێکیان پێویستی بەئەوی ترە، وئەمیش دەبێتە هۆی خراپە لە ئاسمانەکان وزەوی.

وفیترەتی مرۆڤ دان بەوەدا دەنێت کە الله تاکە، ئەگەر کەسێکی فیزیایی یان نافیزیایی بڕوانێتە گەردوون ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە تەنها یەک خوا هەیە؛ ئەمیش فیترەتی مرۆڤە.

## 17- بۆچی ئاین؟

و: سەرسەختترین مولحید پێی وایە ڕاستگۆیی باشترە لە درۆ، ئایا وایە؟

سەرسەختترین مولحید پێی وایە سپاردە پارێزی باشترە لە خیانەت، ئایا وایە؟

ئەم دەستەواژانە لەم جیهانە ولە جیهانی مادیەوە نەهاتوون بۆئەوەی لێکدانەوە بۆ مانا وئاماژە ومەبەستەکانیان بکەن.

مانای ڕاستگۆیی چیە؟

مانای سپاردە پارێزی چیە؟

ئایا ئەگەر ناخی گەردیلەکان شی بکەینەوە ؛ هیچ مانایەک دەدۆزینەوە بۆ : ڕاستگۆیی یان درۆ؟

ئەگەر بەوردی سەیری فیزیای گەلەئەستێرەکان یان کیمیای هۆرمۆنەکان بکەین ئایا دەتوانین: ئەمانەت وخیانەت بدۆزینەوە؟

ئەم دەستەواژانە لەم ژیانە مادیەوە نیە.

بەڵکو دەستەواژەی هەقیقین.

بەڵکو لە گەورەترین بابەتەکانە.

بەهای مرۆڤ لەڕەوشتیدایە نەک بە قەبارەی مادیی ونە بە ژمارەی گەردیلەکانی ونە بە ئاستی وزە لە خانەکانیدا.

بەهای مرۆڤ لە پابەندبوونیەتی بە تەکلیفی خودایی لە ناخیدا.

وئەم بەهایە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک بەشدار نیە تێیدا لەگەڵ جیهانی ماددی.

پیاوی چاک وپیاوی خراپ هەیە.

بەڵام شاخی چاک وشاخی خراپ نیە.

وئەستێرەی ئەمانەت پارێز وئەستێرەی خیانەتکەر نیە.

تەنها مرۆڤ پەیوەندیدارە بە بەهاکان ومەبەست ومانای بوون.

تەنها مرۆڤ وجنۆکە درک بەوە دەکەن کە تەکلیفی خوداییان پێ سپێردراوە.

وهەستکردن بەمانای ڕەوشت تەنها بەشێکە لە فیترەتی تەکلیفی خودایی لەناخمان.

ئاین گرنگە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ.

تەنها ئاین مانای ڕەوشت شی دەکاتەوە وبۆچی هەیە وبۆچی گرنگە پابەند بین پێوەی.

تاکە شت کە تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی دەدات بە ڕەوشتەکان تەنها ئاینە.

ناتوانین لە ڕەوشت تێبگەین مەگەر لە چوارچێوەی تەکلیفی خودایی نەبێت.

وناكرێت بزانین بۆچی ڕەوشت فیترەیە لە مرۆڤدا تەنها لەڕێگەی ئاینەوە نەبێت.

ولەڕێگای ئاینەوە دەزانین مەبەستی بوون چیە، ودەزانین ڕەوشتەکان بەشێکن لە تەکلیفی خودایی کە هەست دەکەین بە گرنگی پابەند بوون پێوەیان تەنانەت ئەگەر پابەندیش نەبین پێوەیان.

ئاین پێویست وگرنگە بۆ مرۆڤ.

ولەڕێگای ئاینەوە دەزانین بۆچی لێرەین؟

ودەزانین لەپاش مردن چی هەیە؟

ومانای بوون دەزانین.

ودەزانین چی داواکراوە لەئێمە لەم بوونەدا؟

زانست بە ئاین واجبە بۆئەوەی مرۆڤ ئەو شتانە بزانێت کە سەرقاڵی کردووە وبەردەوام بیری لێدەکاتەوە.

بۆیە بە بێ ئاین هەموو جیهان دەبێتە کوێری وهیچێکی تەواو.

ئیبن ئەلقەیم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: هیچ ڕێبازێک نیە بۆ بەختەوەری وسەرفرازی مرۆڤ لە دونیا وقیامەت مەگەر لە ڕێبازی پێغەمبەرانەوە نەبێت، وهیچ ڕێگایەک نیە بۆ ناسینی پاک -باش- وپیس -خراپ- بە وردی مەگەر

لەڕێگای ئەوانەوە، وتەنها لەڕێگای ئەوانەوە مرۆڤ دەگات بە ڕەزامەندی خوای گەورە.[1]

دونیا تاریک ونەفرەت لێکراوە مەگەر ئەو شوێنە نەبێت کە خۆری ئاین وپەیام پێی گەیشتووە، هەروەکو شێخی ئیسلام ئیبن تەیمە دەڵێت -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.[2]

بەبێ ئاین مەبەستی بوون نازانین ومانا وبەهای خێر نازانین چیە.

وبەبێ پەیامەکان جیهان دەبێتە شتێکی بێنرخی ترسناک.

کاتێک ئاین نامێنێت ومرۆڤ نکۆڵی دەکات لەپێغەمبەرایەتی ئەو کاتە مرۆڤ دەبێتە زبڵێکی ئەستێرەیی هەروەکو کارل ساغان ئاماژەی بۆ دەکات، ومرۆڤ دەبێت بە مێروویەک لەلای سارتەر لە ڕۆمانی (هێڵنج).[3]

---

1 [زاد المعاد: 1/ 68].

2 [مجموع الفتاوى 19 / 94،93].

3 Video Source: The Shores of the Cosmic Ocean [Episode 1]Some part of our being knows this is where we came from. We long to return. And we can. Because the cosmos is also within us. We're made of star-stuff. We are a way for the cosmos to know itself. 06 min 04 sec

ومرۆڤ دەبێتە پاشەڕۆیەکی کیمیایی یان بەمانایەکی وردتر پیسیەکی کیمایی Chemical Scum هەروەکو ستیفن هاوکینگ دەیڵێت.[1]

پێغەمبەرایەتی تاکە ترپەی بوونە، بەبێ پێغەمبەرایەتی چاکترین داهێنان وخۆشترین چێژ دەبنە شتی ترسناک!

بەبێ ئاین هەموو جیهان دەبێتە دێوی ترسێنەر.

وئەگەر پرسیارێکی بوون لە هەر مولیحدێک بکەیت : بۆچی ئێمە لێرەین لەم جیهانە یان لەپاش مردن چی هەیە؟

یان پرسیارەکەت بەهەڵەدا دەبات وچەواشەکاری دەکات یان تەواو بێدەنگ دەبێت.

بۆیە ئاین داواکراوێکی سروشتیە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ وتێگەیشتنی گرنگی بەها ڕەوشتیەکان، وداواکراوە بۆ تێگەیشتنی مانای بوون ومەبەست لە بوون وبەدیهێنانی بەندایەتی بۆ اللّٰه ئەو بەندایەتیەی دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی مرۆڤ.

---

[1] From an interview with Ken Campbell on Reality on the Rocks: Beyond Our Ken, 1995

## 18- چی ڕێگرێک هەیە لەوەی ئەم ڕەوشتانە دەرەنجامی مێشک وکۆمەڵگا بێت؟

و: مێشک پێکهاتووە لە هەمان ئەو پێکهاتە مادیانەی کە لە ژیانی مادیدا هەیە !

هەرچەندە مێشک ئاڵۆز بێت یان هەرچەندە پێکهاتە مادیەکان ئاڵۆز بن ئەوا کۆمەڵە سفرێک هیچ شتێک زیاد ناکات مەگەر سفری تر نەبێت.

ئەگەر مادده خێر وشەڕ نەناسێت ئەوا مێشکیش بەهەمان شێوەیە !

لێرەدا پرسیار لە مولحید دەکەین: چۆن بیرۆکەی خێر وشەڕ دەرکەوت ئەگەر جیهانی ماددی هەمووی لەڕوانگەی ڕەوشتەکانەوە بێلایەن بێت، وخێر وشەڕ نەناسێت؟

وپرسیاری دووەم: چی ڕێگرێکی مێشکی هەیە کە ڕێگر بێت لەلەناوبردنی هەموو خەڵکی سەر زەوی؟

چی ڕێگرێکی مێشکی هەیە کە ببێتە ڕێگر لەوەی ئەو ڕەگەزانەی مرۆڤ کە (لە پلەیەکی خوارتردان) بخرێنە نێو قەفەزی ئاژەڵەکانەوە؟

چی ڕێگرێکی مێشکی هەیە لە لەناوبردنی نەخۆش وکەم ئەندام وپیر و (ئەو ڕەگەزانەی لە پلەیەکی خوارتردان) هەروەکو

ڕوویدا له سەردەمی نازیەکان له پرۆژەی بژاردە کردنی سروشتی - پرۆژەی ئەکشن تی فۆ - ؟[1]

ئەم پرسیارانە مێشکی ماددی هیچ وەڵامێکی بۆیان نیە بە بەهەڵەدانان یان بەڕاستدانان.

مێشک بێلایەنە لە ڕوانگەی ڕەوشتەکانەوە، چونکە لە هەمان پێکهاتەکانی زەوی پێکدێت.

بۆیە هیچ پەیوەندیەک نیە لەنێوان مێشک وڕەوشتەکان نە لە نزیک ونە لە دوورەوە.

بەڵام بیرۆکەی : کۆمەڵگە هۆکاری پەیدابوونی ڕەوشتەکانە ؛ ئەمە بیرۆکەیەکی نامۆیە، چونکە ڕەوشتەکان پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە وەکو مرۆڤ نەک هەموو کۆمەڵگا.

پاشان کۆمەڵگا لە هەمان پێکهاتەی ماددەکان پێکهاتووە، بۆیە سفری زیاتر تەنها سفری تر بەرهەم دەهێنێت، ئیتر چۆن کۆمەڵگا ڕەوشتی بەرهەم هێنا، لەکاتێکدا ڕەوشتەکان هیچ پەیوەندیان بە ژیانی ماددیەوە نیە؟

پاشان ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، وپێمان وابێت ڕەوشتەکان کۆمەڵگا دایهێناوە، ئەوا لێرەدا نازیەکان ڕاست بوون لە لەناوبردنی خەڵکی چونکە کۆمەڵگا ئەمەی پێ باش بوو.

---

[1] https://en.wikipedia.org/wiki/Aktion_T4

کاتێک جیهان بڕیاری دا دادگایی نازیەکان بکات ؛ ئەوا ئەم بڕیارە لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ڕەوشتەکان ڕەهان وکۆمەڵگا دایان ناهێنێت، ئەگەر نا نەیاندەتوانی دادگاییان بکەن ونەیاندەتوانی بزانن کە ئەمەی کردوویانە هەڵەیە هەر لە سەرەتاوە.

ڕەوشتەکان جیاوازن لە کۆمەڵگا وسەربەخۆن، ڕاست هەر ڕاستە لەلای کۆمەڵگای باش وکۆمەڵگای خراپ.

وهەڵە هەر هەڵەیە لەلای کۆمەڵگای باش وکۆمەڵگای خراپ.

ڕەوشتەکان مانای تایبەتی خۆیان هەیە کە مێشک وکۆمەڵگا تێدەپەڕێنن.

### 19- زیاتر لە خوایەک هەیە لە شارستانیەتەکانی سەر زەوی، بۆچی تەنها باوەڕهێنان بە اللە بەتایبەتی؟

و: هیچ پەرستراوێک نیە لە هەموو ئاینەکانی سەر زەوی جگە لە اللە.

بەپێچەوانەی ئەو ئاینانەی کە خوای تریان پەرستووە لە گەڵ اللە وکردویانن بە خوا -پەرستراو- وەکو عیسا ورۆحی قودس لە نەسڕانیەت وفنشو وشیفا وبراهما لە هیندۆسیەت وهتد.

هەموو ئاینەکان باوەڕیان بە الله هەیە کە تاکە وباوەڕیان وایە ئەو خوڵقێنەری بوونە.

بەڵام ئەوان لەگەڵ الله ؛ پەرستراوی تر دەپەرستن نەک لەمە زیاتر.

تەنانەت موشریکەکان بتەکانیان بە پەرستراو -خوا- دانەنا لە خودی خۆیاندا، بەڵکو دانیان بەوە دەنا کە الله تەنها خۆی خوڵقێنەرە، بەڵام دەیانووت ئەمانە نێوەندن بۆ گەیشتن بە الله،

{وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّـهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ} ﴿٦١﴾

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ واتە: ﴿ئەگەر پرسیار لە بێ باوەڕان بکەیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، ڕۆژو مانگی ڕام کردووە، بەدڵنیایی و بێ دوودڵی دەڵێن: (الله) دروستی کردوون، جا چۆن لادەدرێن لە یەکتاپەرستی و فریو دەخۆن؟!﴾

[سورة العنكبوت: 61]

شێخ ئیسلام ئیبن تەیمیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (هەرکەسێک پێی وابێت سەبارەت بە بت پەرستەکان کە ئەوان پێیان وایە ئەو بتانە جیهان دروست دەکەن یان باران

دەبارێنن یان ڕووەک دەڕوێنن یان ئاژەڵ دروست دەکەن یان هتد، ئەوا نەزانە بەڵکو مەبەستی بت پەرستەکان هەمان مەبەستی موشریکە گۆڕ پەرستەکانە)[1].

و ول دیورانت دان بەوەدا دەنێت کە بنچینەی هیندۆسیەت لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕهێنان بە اللّٰه ی تاک وبێ هاوتا، سەبارەت بە خواکانی هیندۆس دەڵێت: (ئەم هەزارەها خوایانە هەمان شتە کە کەنیسەکان دەیکەن لە بەپیرۆزدانانی پیاوچاکەکانیان، تەنانەت بۆ یەک ساتیش نایەت بە بیری هیندیەک کە ئەم خوایە زۆرانە خاوەن هێز ودەسەڵاتی باڵا بن)[2].

لە ڕاپۆرتێک بۆ حکومەتی بەریتانی لە هیند لەکاتی داگیرکردنی بەریتانیا بۆ هیند هاتووە: (ئەنجامی گشتی کە لیژنەی گەڕان بڕیاری لەسەر داوە ئەوەیە زۆرینەی هیندیەکان باوەڕێکی پتەویان بە یەک خودا هەیە کە باڵاترین ودەسەڵاتدارترینە)[3].

اللّٰه تاکە لە هەموو ئاینەکانی سەر زەوی،

{وَإِلَـٰهُنَا وَإِلَـٰهُكُمْ وَاحِدٌ} ﴿٤٦﴾

---

1 [مجموع الفتاوى: 1 / 359].

2 [قصة الحضارة، ول ديورانت، 3 / 209].

3 [هەمان سەرچاوەی پێشوو].

﴿وَإِلَـٰهُنَا وَإِلَـٰهُكُمْ وَاحِدٌ﴾ واته: ﴿خوای ئێمە و خوای ئێوە تەنها یەکێکە﴾

[سورة العنكبوت: 46].

وبتەکان وئەو خوایانەی مرۆڤەکان دایان ناون؛ تەنها هۆکارێکی کوفرین بۆ گەیشتن بە الله،

{وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّـهِ زُلْفَىٰ} ﴿٣﴾

﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ﴾ واته: ﴿ئەوانەش جگە لەو زاتە کەسانی ترو شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنها لەبەر ئەوەی لە خوا نزیکمان بخەنەوە﴾

[سورة الزمر: 3].

***20- ئەگەر مرۆڤ شتێک بکات کە پێویستی پێ نیە ئەمە گاڵتەجاڕیە ! وخوای گەورە پێویستی بە ئێمە نیە ئیتر بۆچی ئێمەی دروست کردووە؟***

و: بیرۆکەی پێویستی بەرامبەر گاڵتەجاڕیە ئەمە بیرۆکەیەکی بێ مانا وپوچە!

پێویستی بەرامبەر بە حیکمەتە نەک بەرامبەر بە گاڵتەجاڕی.

دکتۆرێکی دەوڵەمەند وخاوەن ناوبانگی باش لەوەیە هەندێک خەڵکی چارەسەر بکات بێ ئەوەی پێویستی پێیان هەبێت، بەڵکو لەوەیە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان چارەسەریان بکات، وئێمە لێرەدا کردەوەکەی بەوە وەسف ناکەین کە گاڵتەجاڕیە!

حیکمەت ومەبەستی مەزن بۆ کردنی کارێک لە بازنەی پێویستی/گاڵتەجاڕی ناسوڕێنەوە!

ولەوەیە یەکێک لە مەلەوانەکان منداڵێک ڕزگار بکات وەکو ڕەحمەتێک بۆی پاشن دەڕوات بێ ئەوەی چاوەڕێی ستایش بکات لە کەسوکاری منداڵەکەوە، ولێرەدا کردەوەکەی بە پێویستی وگاڵتەجاری پۆلێن ناکرێت بەڵکو ئەمە کارێکی بەخشنەدەیە ومەبەستێکی پیرۆزە وڕەوشتێکی جوانە!

بۆیە هیچ پەیوەندیەک نیە لەنێوان پێویستی وگاڵتەجاری ![1]

وله (صحيح مسلم) لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای گەورە دەفەرموێت:

"يا عِبَادِي لو أنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وإنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا علَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنكُمْ، ما زَادَ ذلكَ في مُلْكِي شيئًا، يا عِبَادِي لو أنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وإنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا علَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ

1 [ظاهرة نقد الدين في الفلسفة الحديثة، د. سلطان العميري، رسالة دكتوراة].

وَاحِدٍ، ما نَقَصَ ذلكَ مِن مُلْكِي شيئًا، يا عِبَادِي إنَّما هي أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إيَّاهَا، فمَن وَجَدَ خَيْرًا، فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ وَمَن وَجَدَ غيرَ ذلكَ، فلا يَلُومَنَّ إلَّا نَفْسَهُ".

«ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە لە سەر دڵی خراپەکارترین (گوناهبارترین) کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات، ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ وجنۆکەوە بە هەمووتانەوە لە یەك شوێن بووەستن و داوا لە من بکەن، ئەوا من داواکاری هەمووی جێبەجێ دەکەم ئەوەندە لە موڵکی من کەم دەکات هەروەکو چۆن دەزوویەك لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە کاتێك دەخرێتە ناو دەریاکە ودەهێندرێتە دەرەوە، ئەی بەندەکانم، ئەوە تەنها کردەوەکانتانە من بۆتان دەبژێرم، وپاشان پاداشتتان دەدەمەوە (بە چاکە وخراپە)، جا بۆیە ئەوەی خێر وخۆشی بینی؛ ئەوا با سوپاس وحەمدی خودا بکات، وئەوەش جگە لە ئەوەی بینی؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات».[1]

خوای گەورە بێ پێویستە لە هەموو جیهان.

وهەموو هەوڵدان وکۆششکردن وکردەوەیەکمان تەنها بۆ نەفسی خۆمانە،

[1] [صحيح مسلم: 2577].

{وَمَن جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ ۚ إِنَّ اللَّـهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ} ﴿٦﴾

﴿وَمَن جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِۦ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ واته: ﴿ئەوەش کە هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات لە پێناوی گەیاندی ئاینی خوادا; بێگومان قازانج و سوودی هەوڵ و کۆششەکەی هەر بۆ خۆیەتی، چونکە بەڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو خڵکی. ( بەڵام لە قیامەتدا ئەو زاتە زۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە هەوڵ و کۆششیان داوە لە پێناوی ئاینەکەیدا)﴾

[سورة العنكبوت: 6].

وئێمە دەزانین کە خوای گەورە حیکمەتی هەیە لە هەموو خوڵقێنراوەکانیدا ئەگەرچیش سەبارەتیان نەزانین، ونەزانینی نەخۆش سەبارەت بە حیکمەتی پزیشک ئەمە مانانی ئەوە نیە کە بڕیارەکانی پزیشک بۆ گاڵتەجاڕیە.

زانست بە حیکمەتەکانی خوای گەورە مانای ئەوە نیە هەموو لایەکانی حیکمەتەکە بزانین بەڵکو بەسە تەنها بەشێکی بزانین!

بەسە هێندە بزانین کە ئێمە ڕاسپێردراوین -موکەلەفین- بۆ پەرستنی اللّٰە ودەزانین کە حیکمەتی خوداییی هەیە، ئەمە بەسە بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر نا وەکو ئەوە دەبین کە کافرە بەهەموو شتێک کە تێی ناگات، ﴿بَلْ كَذَّبُوا بِمَا لَمْ يُحِيطُوا بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ﴾ واتە: ﴿بەڵکو سەرەڕای ئەو

هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بەقورئان نەکردووە کەهیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە سەرئەنجامی ئەو بەڵێنانەی کە بەڵێنی پێداون﴾ [سورة یونس: 39].

خوای گەورە حەکیمە -دانایە- وئێمەی بۆ حیکمەتێک دروستکردووە -سبحانە وتعالی-.

وتەنها اللہ شایستەی ئەوەیە بپەرسترێت.

هیچ یەکێک شایستەی پەرستن نییە جگە لە اللہ، ئەو خوڵقێنەرەی کە ئێمەی لە نەبوونەوە دروستکردووە، خوای گەورە دەفەرموێت:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} ﴿٢١﴾

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ واتە: ﴿ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، ئەو زاتەی کە ئێوە و پێشینانی ئێوەشی بەدی هێناوە، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر﴾

[سورة البقرة: 21].

وئەو زاتە هیدایەتی ئێمەی داوە وشەریعەت وقەدەری داناوە وفەرمان ونەهی کردووە،

{أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ} ﴿٥٤﴾

﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ﴾ واته: ﴿هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە﴾

[سورة الأعراف: 54].

تەنها خوڵقاندن بەدەستی خوای گەورە نیە، بەڵکو هەموو قەدەر وفەرمان وبڕیارێکیش بەدەستی ئەوە وئێمە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوین -سبحانە وتعالی-.

پەرستن مافی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی، ئەو زاتە -سبحانە وتعالی- ئێمەی دروستکردووە وژیان ورزق ورۆزی پێبەخشیووین، وهیدایەتی داوین وپێغەمبەرانی بۆ ناردووین بۆ تاقیکردنەوەو هوڵسەنگاندنان تا دەرکەوێت کامان کردەوەمان باشترە، پەرستن مافی خوای گەورەیە لەسەر ئێمە،

{الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ} ﴿٢﴾

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ واتە: ﴿هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە بەرانبەر ئیمانداران﴾

[سورة الملک: 2].

وژیان وقیامەتمان لەسەر ڕێرەوێکی ڕاست نابێت مەگەر بە پەرستن نەبێت، ورەوشتەکانمان تەنها بە پەرستن ڕێک دەبێتەوە، پەرستن ڕێگرە لە خراپەکاری وگوناھ وتاوانەکان و بەھۆیانەوە ژیانی خەڵکی چاک دەبێت، پەروەردگارمان - سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

{ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ ۖ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ} ﴿٤٥﴾

﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ﴾

واتە: ﴿ونوێژیش بەچاکی ئەنجام بدە، چونکە بەڕاستی نوێژ بەرھەڵستە لە گوناھ و تاوان و نادروستی دەکات﴾

[سورة العنکبوت: 45]

وتەنھا بە پەرستن بەھەشت دەبەینەوە ودەبێتە ھۆی ڕزگاربوون لە قیامەتدا وبەختەوەری لە ژیاندا.

پەرستن بۆ سوود وخێری ئێمەیە، و واجبە لەسەرمان بەرامبەر بە پەروەردگار -عز وجل- چونکە ئەو خوڵقێنەرمانە، وسوودی تەنها بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە وکەمتەرخەمی تێیدا تەنها زیانی بۆ خۆمان دەبێت.

وبەھەشت بەنرخە، ھەرکەسێک بەھەشتی بوێت دەبێت کردەوەی بۆ بکات، وئێمە پێویستمان بە یارمەتی اللّٰه یە -

سبحانه وتعالی-، وپێویستمان بە پەرستنیەتی وئەو زاتە بێ پێویستە لە هەموان وبێ پێویستە لە هەموو خوڵقێنراوەکان.

### 21- چۆن خوای گەورە بناسین؟

و: خوای گەورە دەناسین لە زۆر ڕێگاوە بەڵام لێرەدا چواریان باس دەکەین:

ڕێگای یەکەم: خوای گەورە دەناسین لەڕێگای سروشت وفیترەتی پاکمانەوە.

مرۆڤ بە فیترەتی پاکی خۆی دەزانێت کە خوڵقێنەرێک هەیە، تۆ بە فیترەت دەزانیت کە خوڵقێنەرێکت هەیە کە لەسەر ئەم شێوە وئەندامە ورد وسەرسوڕهێنەرانە دروستی کردویت.

وهەروەها مرۆڤ بە فیترەتی دەزانێت کە داواکراوە بپاڕێتەوە وداوای بەهاناوە هاتن بکات لە پەروەردگاری بە پەرستن، وبە فیترەتی دەزانێت پێویستی بە پەروەردگارێتی -سبحانە وتعالی- وپێویستی بە ئەو زاتەیە لە هەموو کاتێکدا، وئەم هەستەی بەپێویستی زیاتر دەبێت لەکاتی نارەحەتیەکاندا.

فیترەتی ناسینی الله هەموو مرۆڤەکانی لەسەر دروستکراوە، خوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

{فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّـهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّـهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} ﴿٣٠﴾

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ واته: ﴿(ئەی ئینسان بەدڵێکی پاك و بێگەردەوە) ڕوو بکەرە بەرنامەو ئاینی خواو ئەملاولا مەکە، خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیە بن کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە (واتە قورئان کەتەلۆك و نەخشەی ژیانی ئادەمیزادەکانە لێی لامەدەن)، هیچ جۆرە گۆڕانکاریەك لە نەخشەو دروستکراوی خوادا ڕونادات، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن﴾

[سورة الروم: 30].

وهەروەها -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت:

{وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَا ۛ أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَافِلِينَ} ﴿١٧٢﴾

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ شَهِدْنَا أَن تَقُولُوا يَوْمَ

الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَافِلِينَ﴾ واته: ﴿یادی ئەوکاتەش بکەرەوە کە پەروەردگارت پشتاو پشتی نەوەی ئادەمی کۆ کردەوە وپەیمانی لێ وەرگرتن و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە و (پێی فەرموون): ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: نابێت تۆ خوای ئێمە نەبیت، بەڵێ شایەتیمان داوە (کە تۆ پەروەردگارمانیت)، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لەمە بێئاگا بوین!!﴾
[سورة الأعراف: 172].

پێش ئەوەی دروست بکرێین خوڵقێنراوین لەسەر ئەوەی خوای گەورە بناسین وبەندایەتی بۆ بکەین،

(وَ أَشْـهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ شَـهِدْنَـا).

﴿وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ شَهِدْنَا﴾ واته: پەیمانی لێ وەرگرتن و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە و (پێی فەرموون): ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: نابێت تۆ خوای ئێمە نەبیت، بەڵێ شایەتیمان داوە (کە تۆ پەروەردگارمانیت)﴾

وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

ما مِن مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ علَى الفِطْرَةِ.

«هەموو منداڵێک لەسەر فیترەت* لەدایک دەبێت»

*(فیترەت واتە: ئەو سروشتە پاکەی خوای گەورە مرۆڤی

لەسەر دروستکردووە لە باوەڕ بە تاکبوونی اللە -تەوحید- وهەروەها قبوڵکردنی شتە باش وپەسەندەکان وڕەتکردنەوەی شتە خراپەکان)[1].

هەموومان لەسەر ئەم فیترەتە لەدایک دەبین، وئەم فیترەتە بەسە بۆ هەموو مرۆڤێک هەق وڕاستی بوێت بۆئەوەی بگات بەهەق وڕاستی ودەبێت تەسلیم وگوێڕایەڵ بێت بۆ ڕاستی هەرکاتێک دۆزیەوە.

وئەم فیترەتە نکۆڵی لێناکرێت تەنانەت لەلای ئەوانەیشی زۆر ڕۆچوون لە کوفردا بەتایبەت لەکاتی کارەسات وناڕەحەتیەکاندا، خەڵکی هەموویان پەنا دەبەن بۆ اللە لەکاتی ناڕەحەتیدا وشیرک وهاوبەش بڕیاردانیان لەبیر دەچێتەوە،

{وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا} ﴿٦٧﴾

﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا﴾ واتە: ﴿(خەڵکینە ئێوە) کاتێك لە دەریادا ناخۆشی و تەنگانە تووشتان دەبێت، ئەوە هەرچی پەرستراو هەیە لە بیرو هۆش و باوەڕتاندا نامێنێت و ون دەبێت جگە لەو زاتە (هاناو هاوار هەر بۆ زاتی خوا دەبەن تا ڕزگارتان بکات) بەڵام کاتێك

---

[1] [صحيح مسلم: 2658].

(فریاتان دەکەوێت) و ڕزگارتان دەکات و دەتانخاتە وشکانیەوە، ئێوە پشت لە بەرنامەکەی دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و نایناسن، بەڵکو زۆربەی ئینسانەکان ناشوکرو سپڵەن﴾

[سورة الإسراء: 67].

ئەگەر مرۆڤ لەکاتی تەنگانە ونارەحەتی هەست بە تیاچوونی بکات، ئەوا تەنها لە اللّٰه دەپاڕێتەوە، وهەموو شیرک بڕیاردانێکی لەبیر دەچێتەوە؛ وئەم دڵسۆزیە لە داواکردن لە اللّٰه لەکاتی نارەحەتی پاڵنەرەکەی بریتیە لە فیترەتی پاک کە لەنێو هەموو مرۆڤێکدا هەیە.

یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکان بەناوی (ئیزنهاوەر) کەسەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا بوو ، پاش ئەوەی بینی کە چۆن هێز وسەربازەکان دەگەڕێنەوە بۆ فیترەت لەکاتی مەترسیەکی سەخت، دەڵێت: (هیچ مولحیدێک نیە لە نێو خەندەقەکانی جەنگدا).[1]

لە خەندەقەکان لەکاتی جەنگ هیچ کەس نکۆڵی لە بوونی اللّٰه ناکات، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ لای اللّٰه ، ئەمە

---

1 https://en.wikipedia.org/wiki/There_are_no_atheists_in_foxholes

هەقیقەتی فیترەتە کە هەموو مرۆڤێک دانی پێدا دەنێت لەکاتی تەنگانە.

ڕێگای دووەم بۆ ناسینی اللە بریتیە لە ئەقڵ: ئێمە خوای گەورە دەناسین بە ئەقڵ.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ} ﴿٣٥﴾

﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟!﴾

[سورة الطور: 35].

هەر بە ئەقڵ سێ ئەگەر هەیە چوارەمیان نیە:

یەکەم: ئەوەیە بەبێ خوڵقێنەر دروستکرابین، ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟!﴾، ئەمیش مەحاڵە، چۆن بەبێ خوڵقێنەر دروست دەبین؟

دووەم: خۆمان خۆمانمان دروستکردبێت، ﴿أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ﴾ واتە: ﴿یان هەر خۆیان دروستکارن؟!﴾، وئەمیش مەحاڵە، چۆن دەتوانم خۆم دروست بکەم پێش ئەوەی خۆم بوونم هەبێت؟

بۆیە هەر بە ئەقڵ تەنها ئەگەری سێیەم دەمێنێتەوە، ئەویش ئایەتەکە باسی نەکردووە چونکە زانراوە، ئەویش ئەوەیە پەروەردگارێک ئێمەی خوڵقاندووە.

ئێمە بە ئەقڵ خوای گەورە دەناسین.

ڕێگای سێیەم بۆ ناسینی الله بریتیە لە سەیرکردن وتێڕوانین بۆ خوڵقێنراوەکانی الله:

سەیرکردن وتێڕوانین بۆ خوڵقێنراوەکانی الله دەمانگەیەنێت بە بیرکردنەوە لە مەزنی الله -عز وجل-،

{قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} ﴿١٠١﴾

﴿قُلِ انظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: ﴿پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا﴾

[سورة يونس: 101].

هەتا زیاتر سەیر بکەین وبیر بکەینەوە لە وردی خوڵقێنراوەکانی الله کە سەرسوڕهێنەرە لە کاملی و وردبینی دروستکردندا ئەوا زیاتر الله دەناسین.

وئەمە پێشتر باسمان کرد لە بەڵگەی بەدیهێنان وبەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان- و وردبینی.

ڕێگای چوارەم بۆ ناسینی الله لەڕێگای پێغەمبەرانەوەیە:

وئەمە گەورەترین ڕێگایە بۆ ناسینی اللە -عز وجل-، ئەمیش بریتیە لەوەی خوای گەورە بناسین لەڕێگای پێغەمبەرانیەوە، پێغەمبەران سەبارەت بە اللە قسەیان کردووە وباسی سیفەت وزاتی اللە یان کردووە، لەڕێگای پێغەمبەرانەوە ناو وسیفەتەکانی اللە مان زانی، ودەزانین چۆن اللە بپەرستین وچۆن لێی نزیک بینەوە، ودەزانین چۆن لەڕۆژی قیامەت ڕزگارمان ببێت لە سزای خوای گەورە، پێغەمبەران بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ پەرستنی اللە یان بەمانایەکی تر: بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو فیترەتەی لەسەری دروستکراون و بۆ ئەوەی خوای گەورە بپەرستن بەو شێوەیەی فەرمانی پێکردوون

پێغەمبەران ڕێنموێنی خەڵکیان کردووە بۆ ڕێبازی هەق وڕزگاربوون،

{رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّـهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّـهُ عَزِيزًا حَكِيمًا} ﴿١٦٥﴾

﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ واتە: ﴿پێغەمبەرانمان (ڕەوانە کردووە) کە مژدەدەرن (بە ئیمانداران) و ترسێنەرن بۆ (یاخیەکان)، تا خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەمێنێت (لەسەر بێ دینی و یاخی بوونیان) دوای ئەوەی خوا

پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوون، بێگومان هەمیشەو بەردەوام خوا باڵادەست و دانایە﴾

[سورة النساء: 165].

باسکردنی خوای گەورە لەلایەن ئەو پێغەمبەرانەوە، وسەرخستنی ئەو پێغەمبەرانە لەلایەن خوای گەورە بە موعیجزەکان، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ یەکێک بەڵگەی پێ نەبێت بەرامبەر خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا.

خوای گەورە -عز وجل- فیترەتی پێبەخشیوویت کە بەهۆیەوە پەروەردگارت دەناسیت، وئەقڵ وتێڕوانینی پێبەخشیوویت وپێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوویت، بۆیە هیچ بەڵگەیەکت پێ نیە بەرامبەر خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا.

## 22- ئاینی زۆر هەیە بۆچی تەنها شوێنی ئیسلام بکەوین؟

و: ئیسلام تەنها ئاینێک نیە لە نێو ئاینەکان.

ئیسلام هاوشێوەی بیروباوەڕی پێغەمبەرانە لە پێغەمبەرانی سەردەمی کۆن (العهد القديم).

ئیسلام بریتیە لە ڕاستکردنەوەی ڕێبازی ئەو ئاینانەی لەسەر ڕێگای ڕاست لایان داوە، وگەڕاندنەوەی بیروباوەڕی تەوحید- یەک خوا پەرستی- پێغەمبەرانی سەردەمانی پێشو.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ ۖ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ اللَّـهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ} ﴿١٣﴾

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰۖ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِۚ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ واته: ﴿ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئەوەی کەفەرمانی پێکردووە بە _نوح_، هەر بەوشێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محمد صلی اللە علیە وسلم وەحی و نیگا کردووە و بە ئیبراهیم و موساو عیساشمان ڕاگەیاندووەکە ڕێبازی ئاین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایەدار بن، ئەم بانگەوازە ڕاست و دروستە زۆر بەلای بت پەرست و خوانەناسانەوە گران و زەحمەتە، بەڵام خوای دانا خۆی کەسانی شایستە هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی ئاینەکەی ڕێنموویی خەڵکانێك دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ لای بەرنامەکەی بەپەرستن و ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاك﴾

[سورة الشورى: 13].

ئیسلام ئاینێک نیە وەکو ئاینەکانی تر بەڵکو بنچینەی ئاینەکانە.

## 23- ئیسلام چییە؟

و: ئیسلام واتە تەسلیم بوون و ملکەچی وگوێڕایەڵی بۆ خوای گەورە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّـهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۗ وَاتَّخَذَ اللَّـهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا} ﴿١٢٥﴾

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلً﴾ واتە: ﴿کێ هەیە ئاینی چاکترە پەسەندترو جوانتر بێت لەو کەسەی ڕووی کردۆتە خوا و خۆی تەسلیمی ئەوزاتە کردووە لەکاتێکدا کارجوان و کار پەسەندەو شوێنی ئاینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت، کە خوا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشەویستی خۆی ورێزداری کردووە.﴾

[سورة النساء: 125].

ومانای ﴿أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ: ڕووی کردۆتە خوا و خۆی تەسلیمی ئەوزاتە کردووە﴾ واتە: تەسلیم و ملکەچ بوون بۆ خوای گەورە وپیرۆز، ئەمە باشترین کەسە لە ڕوانگەی دینداریەوە.

وخوای گەورە دەفەرموێت:

{فَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا ۗ وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ} ﴿٣٤﴾
﴿فَإِلَـٰهُكُمۡ إِلَـٰهٞ وَٰحِدٞ فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ﴾ واته: ﴿خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، هەمووتان تەسلیم و ملکەچی ئەو بن، مژدەش بدە بەبەندە ملکەچ و فەرمانبەردارو دڵ ئاوەدانەکان﴾

[سورة الحج: 34].

و مانای ﴿فَإِلَـٰهُكُمۡ إِلَـٰهٞ وَٰحِدٞ فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ:هەمووتان تەسلیم و ملکەچی ئەو بن﴾ ؛ واتا: ملکەچ و تەسلیمی حوکمەکەی بن.

مانای ئەم ئایەتانە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئیسلام واتە تەسلیم بوونی ڕەها بۆ خوای گەورە، ملکەچبوون بۆ ئەو زاتە شکۆدارە و گوێڕایەڵیکردنی شەریعەت و مەنهەجەکەی بە ڕازی بوون و قبوڵ کردن ئەمە ناوەڕۆک و هەقیقەتی ئیسلامە.

ئیسلام واتە ملکەچبوون بۆ خوای گەورە لە قەزا و قەدەر و شەریعەتەکەی.

ئیسلام ئایینی خوای گەورەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت:

{إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّـهِ الْإِسْلَامُ} ﴿١٩﴾

﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ واته: ﴿بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە﴾

[سورة آل عمران: 19].

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە هیچ ئاینێک قبوڵ ناکات جگە لەم ئایینە نەبێت،

{وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} ﴿٨٥﴾

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واته: ﴿جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە﴾

[سورة آل عمران: 85].

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی پێ ناردووە، ئاینی پێغەمبەران یەکە ئەویش ئیسلامە، و هەموو پێغەمبەران تەوحید -یەک خوا پەرستی- یان هێناوە ئەگەر چیش شەریعەتەکانیان جیاواز بن.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ} ﴿٢٥﴾

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ واته: ﴿ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەک نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.﴾

[سورة الأنبياء: 25].

وتەنها ئاینی ئیسلام لەسەر ئەم تەوحیدە ماوەتەوە.

ئیسلام تاکە ئاینی تەوحیدە لەسەر زەوی.

لەکاتێکدا ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ شەریعەتەکانی تر شیرک وهاوبەش بڕیاردانیان تێ کەوتووە، کەم یان زۆر بێت، پاش مردنی پێغەمبەر وپاش ئەوەی خەڵکی وازیان لە تەوحید هێنا خەڵکی لەگەڵ کاتدا تووشی شیرک وهاوبەش بڕیاردان بوون بۆ اللّٰه، وئەمڕۆ تەنها ئاینی ئیسلام لەسەر ئەو تەوحیدە پاکە ماوەتەوە کە پێغەمبەران پێی هاتوون.

### 24- ئایا ئیسلام دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەقڵەکان نەیانتوانیوە وەڵامیان بدەنەوە، وەک: ئێمە لە

## کوێوە هاتووین؟ بۆچی ئێمە لێرەین لەم دونیایە؟ سەرەنجام وچارەنووسمان بەرەو کوێیە؟

و: ئیسلام وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەی داوەتەوە لە یەک ئایەتی قورئانی پیرۆزدا، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} ﴿٢٢﴾

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واته: ﴿جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم، ئێوەش خەڵکینە هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە﴾

[سورة يس: 22].

لەکوێوە هاتووم؟ خوای گەورە منی دروست کردووە ﴿الَّذِي فَطَرَنِي : کە بەدی هێناوم﴾.

وبۆ کوێ دەچم؟ دەگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە بۆئەوەی لێپرسینەوەم لێبکات لەسەر کردەوەکانم ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ : ئێوەش خەڵکینە هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە﴾.

بۆچی هاتووم بۆ ئەم جیهانە؟ بۆئەوەی الله بپەرستم وتاقی بکرێمەوە.

بۆچی الله بپەرستم؟ سروشتیە کە خوای گەورە بپەرستم لەکاتێکدا منی دروستکردووە، ئەمە سروشتی پەیوەندیە

لەنێوان بەندە وپەروەردگاری... ئەویش ئەوەیە بەندە پەروەردگار وخولْقێنەری بپەرستێت،

(وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي).

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي : جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم﴾

تەنها ئەم ئایەتە وەڵامی سێ گرنگترین پرسیاری تێدایە کە مرۆڤایەتی وەکو پێویست ناتوانێت وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە.

{وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} ﴿٢٢﴾

﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: ﴿جا ئەوە بۆچی من ئەو زاتە نەپەرستم کە بەدی هێناوم، ئێوەش خەڵکینە هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە﴾

[سورة یس: 22].

## 25- چۆن زانیت کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرە لەلایەن خوداوە نێردراوە؟

و: زۆری موعجیزەکان واتایەکی موتەواتیر ویەقینی تەواو دەبەخشن لە سەر پێغەمبەرایەتی سەروەرمان

ئەرستۆ فەیلەسوفە بەکۆی کارەکانی نەک بەهۆی ڕستەیەک کە وتوویەتی یان لێکدانەوەیەکی فەلسەفی.

وئەبوقرات بەکۆی پرۆژەکانی پزیشکە نەک بەهۆی نەشتەرگەریەک کە کردوویەتی.

وهەروەها بەڵگە موعجیزە باسکراوەکان لە پێغەمبەرەوە - صلی الله علیه وسلم- ئاماژەن بۆ موتەواتیری ودڵنیایی تەواو سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەرە.

ئەگەر سەیری ژیاننامەی بکەیت -صلی الله علیه وسلم- دەبینیت ڕاستگۆ بوو و بە ڕاستگۆیی ناوبانگی دەرکردووە تەنانەت لەلایەن دوژمنە سەرسەختەکانیشیەوە، وهەرگیز تۆمەتی درۆ وتاوانی بۆ هەڵنەبەستراوە، پاشان ئەو باسی شتە نەبینراوەکان -غەیب- دەکات وبەو شێوەیە ڕوودەدات کە ئەو باسی کردووە، وپێش ئەمانە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بیروباوەڕی وەکو بیروباوەڕی هەموو پێغەمبەرانە کە بانگەشەیان بۆ کردووە، پاشان پێغەمبەرانی پێش خۆی موژدەی هاتنی ئەمیان داوە بە سەدەها ساڵ پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ موتەواتیری ودڵنیایی تەواو سەبارەت بە دروستێتی پەیامەکەی.

پاشان چی دەڵێی سەبارەت بە گەورەترین نیشانە وئایەت کە پێی هاتووە ئەویش قورئانی پیرۆزە؟

خوای گەورە بە قورئان تەحەدای ڕەوانبێژ وقسەزانەکانی کردووە کە ئەگەر دەتوانن شتێک بهێنن وەکو قورئان یان تەنانەت سورەتێک وەکو سورەتەکانی، بەڵام نەیانتوانی.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا} ﴿٢٤﴾

﴿لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا﴾ واتە: ﴿خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن﴾

[سورة البقرة: 24].

بۆیە نەیانکرد وناشتوانن ئەوە بکەن.

بەردەوام قورئانی پیرۆز تەحەدای ڕەوانبێژ وقسەزانەکانی موشریکەکان دەکات، ئەوان لەگەڵ ئەم هەموو توانایەشدا ناتوانن لەم تەحەدایە سەر بکەون، وناتوانن هیچ شتێک بهێنن وەکو قورئان تەنانەت سورەتێکیش.

د. عبداللّٰه دراز -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم تەحەدایە نەترسا لەوەی ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی گەرموگوڕ وحەماسەتی ئەدەبی؟

بۆیە هەموویان هەڵدەستان بە کێبڕکێ کردنی بەئاگاداریەوە ؛ چی بکات ئەگەر کۆمەڵێک لە ڕەوانبێژ وقسەزانەکانیان ڕێککەوتبان لەسەر ئەوەی قسەیەک بهێنن وەکو قورئان بێت ئەگەرچیش لەهەندێک لایەنیەوە بێت!

پاشان ئەگەر قەناعەتی بە خۆی کردبێت کە ئەم حوکمە بدات بەسەر خەڵکی سەردەمی خۆی ؛ ئەی چۆن حوکم دەدات بەسەر نەوەکانی داهاتوو؟

بەڕاستی ئەم شتە پیاوێک ناوێرێت بیکات کە نرخی خۆی بزانێت مەگەر ئەوە نەبێت بەتەواوی متمانەی هەیە بە هەواڵی ئاسمانی و بەو ڕێگایەی بڕیاری ئاسمانی بابەتەکە بەڕێوە دەبات، بەم شێوەیە تەحەداکەی خستە پێش جیهان، بۆیە بڕیارێکی یەکلاییانە بوو، هەرکەسێک پێچەوانەی بێتەوە ئەوا تووشی لاوازی وبێ توانایەکی ئاشکرا، وشکستی ڕوون بووە بەدرێژی سەردەم وکاتەکان).[1]

ئەو موشریکەکان پێیان وابوو کۆکرنەوەی سوپاکان وگردبوونەوەی کۆمەڵەکان بۆ جەنگان دژی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاسانترە لە لاسایی کردنەوەی قورئان وقبوڵکردنی تەحەدیەکە؛ چونکە ئەمە ئەوپەڕی هەوڵدانیانی دەویست،

{وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ} ﴿٢٦﴾

﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَـٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ واتە: ﴿بێ باوەڕان دەیانوت: گوێ مەگرن بۆ ئەم

---

[1] [النبأ العظيم، د. عبد الله دراز رحمه الله، ص44-45].

قورئانە و بیکەن بەگاڵە و هەرا و هوریا (لەم سەردەمەدا ئەو ڕاگەیاندنەی بەدەست ناحەزانەوەیە ئەو ڕۆڵە دەبینێت) بۆ ئەوەی ئێوە زاڵ ببن و بیبەنەوە﴾

[سورة فصلت: 26].

هەموو عەرەب وئەو ئومەتانەیشی ئەم تەحەدایەیان پێگەیشتووە ؛ نەیانتوانی شتێک بکەن کە مولحیدەکان وئەوانی تر لە بێباوەڕان بتوانن پشتی پێ ببەستن.

ئالوسی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (هیچ یەکێکیان هەتاوەکو ئەمڕۆیش هیچ وشەیەکی نەووت وباسی هیچ وەسف و وەسفکراوێکی نەکرد) ؛ مەبەستی ئەوەیە نەیانتوانی بەهیچ شێوەیەک ڕەد و وەڵامی قورئان بدەنەوە ونەیانتوانی سورەتێکیش هاوشێوەی قورئان بهێنن.

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (کاتێک هێشتا مسوڵمان نەبوو) دەڵێت: «گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا -سورەتی الطور-ی دەخوێند، کاتێک گەیشت بە ئەم ئایەتە:

{أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ ﴿٣٧﴾}

﴿ أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * ئايا ئەوان (بێ خوڵقێنەرێک) لە خۆیانەوە دروست بوون یان خۆیان (خوڵقێنەر) ودروستکاری خۆیانن؟(35)
أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ * ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان وزەوییان دروست کردووە (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیا نین وگومانمان هەیە(36)
أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ * ئەی ئایا گەنجینەکانی پەروەردگاری تۆ لای ئەوانە؟ یان ئایا هەر ئەوان دەسەڵاتدار وزاڵن (37) ﴾

[سورة الطور].

دەڵێت: دڵم خەریک بوو بفڕێت».[1]

قورئان نهێنی سەیر وعەجیبی تێدایە کە دەگاتە نەفسی مرۆڤ.

تێڕامان بکە چۆن ئافرەتانی موشریکەکان کۆدەبوونەوە لە دەوری ماڵی ئەبوبەکر کاتێک قورئانی دەخوێند چونکە زۆر سەرنجی ڕادەکێشان وکاریگەربوون پێی، ئەمەش بووە هۆی نارەحەتی لای پیاوانی قورەیش.[2]

---

1 [صحيح البخاري: 4854].
2 [صحيح البخاري : 3905].

وبۆیە شاندەکانی عەرەب ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی گوێ لە قورئان نەگرن ورێگا نەدەن کەس گوێی بۆ بگرێت لە کەسوکاریان، ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ مانەوە لەسەر کوفر.

لە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئانی پیرۆز کە نەبڕاوەن ویەکێک لەوانەی د. عبداللّٰه دراز -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی کردووە لە مەسەلەی دابەزینی ئایەتەکانی قورئان لە ماوەی جیاوازدا، پاشان پێغەمبەر -صلی اللّٰه علیه وسلم- ئاماژەی کرد بۆ دانانی ئایەتەکان لە شوێنی دیاریکراو لە نێوان سورەتەکان وئایەتی تر لە نێو سورەتی تر، پاشان هەر سورەتێک وەکو پێکهاتەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (لەکاتی دابەزینی قورئان هەندێک بابەت لەقورئاندا جیاواز بوون لە ئەوانی تر، بۆیە پلەبەپلە دەبوونە یەکەیەکی سەربەخۆ پاش ئەوەی ئایەتی تر دادەبەزی -لەسەر هەمان بابەت-، هەندێکیان لێرە وئەوانی تر لەشوێنی تر لەگەڵ ئەوانی تر دادەنران، بەپێی فەرمانی پێغەمبەر -صلی اللّٰه علیه وسلم- کە ئەویش لە ڕۆحی پیرۆزەوە -جبریلەوە- پێی دەگەیشت.

ئەگەر سەیری مێژووی دابەزینی ئابەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەین، تێبینی دەکەین ئەم وەحیە بەشێوەیەکی گشتی بەسترابووەوە بە حاڵەت وبۆنە وڕووداوی تایبەت، وئەمە وامان لێدەکات پرسیار بکەین سەبارەت بە ئەو کاتەی کە

ڕێکخستنی هەر سورەتێکی تێدا تەواو بوو وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ.

وەکو ئەوە وابێت قورئان پارچەپارچەی جیاواز وژمارەدار بێت لەسەر بینایەکی کۆن، ودووبارە بنیات نرایەوە لە شوێنێکی تر لەسەر هەمان شێوازی پێشوو، ئەگەر نا چۆن دەکرێت لێکدانەوە بکرێت بۆ ئەم ڕێکخستنە خێرا ومەنهەجیانەی زۆرێک لەسورەتەکان لەهەمان کاتدا؟

بەڵام چی زامنێکی مێژووی مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بهێنێت لەکاتی دانانی ئەم پیلانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی داهاتوو وداواکراوەکانی شەریعەت، وچارەسەرە ویستراوەکان، چ جای شێوازی زمانەوانی کە دەبێت ئەم چارەسەرانەی تێدا پیشان بدرێت، وهەروەها گونجاوی شێوازی لەگەڵ ئەم سورەتە جیا لە ئەوانی تر؟

ئایا ناگەینە سەرەنجامی ئەوەی ئەم پیلانە وجێبەجێبوونی بەو شێوەیەی هیوامان دەخواست، دەبێت لەلایەن خوڵقێنەرێکی مەزنەوە پیلانی بۆ دانرا بێت، کە توانای هەیە ئەم گونجاندنە داواکراوە دامەزراو بکات؟).[1]

قورئان موعجیزەیەکی سەربەخۆیە لەسەر ڕاستگۆیی پەیامبەرایەتی -صلى الله عليه وسلم-.

---

1 [كتاب مدخل إلى القرآن الكريم، د. عبد الله دراز].

وئەو موعجیزانەی لەسەر دەستی ڕوویداوە -صلى الله علیه وسلم- زۆرن وزیاترن لە هەزار، وڕووداني ماوەکەی دوور نیە وئەوانەی گێڕاویانەتەوە لە ڕاستگۆترین وچاکەکارترین خوڵقێنراون.

وئەو گێڕەرەوانە کە ئەم موعجیزانەیان بۆ ئێمە باسکردووە لە شتی زۆر ورددا درۆ ناکەن ئەی چۆن درۆ بەناوی ئەوەوە دەکەن، لەکاتێکدا دەزانن ئەوەی درۆ بەناوی ئەوەوە بکات ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخ، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- هەڕەشەی کردووە.

وهەندێک لە موعجیزەکانی پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- هەزارەها لە هاوەڵان بینیویانە وهەندێکیان دەیەها هاوەڵ گێڕاویانەتەوە، ئیتر چۆن ڕێک دەکەون لەسەر درۆ کردن لە هەموویاندا؟

ونمونە لەسەر موعجیزەکانی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بینیان: فەرموودەی گریان ونالەی قەدی دارەکە ئەمیش فەرموودەیەکی بەناوبانگە ومتەواتیرە -زۆرێک گێڕاویانەتەوە-؛ پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- وتاری دەدا لەسەر ئەو قەدی دارە، کاتێک مینبەرێکی بۆ دروستکرا و بەسەریدا سەرکەوت و وتاری دا، قەدی دارەکە دەستی کرد بە گریان ونالە وەکو گریان ونالەی منداڵ، بەردەوام بوو لەسەر ئەمە

هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باوەشی پێدا کرد وبێدەنگ بوویەوە.

ئەم فەرموودەیە ئەم هاوەڵانە گێڕاویانەتەوە: (أنس بن مالك، وجابر بن عبد الله، وعبد الله بن عباس، وعبد الله بن عمر، وأُبي بن كعب، وأبي سعيد، وسهل بن سعد، وعائشة بنت أبي بكر، وأم سلمة).

ئایا ئەم ژمارەیە لە هاوەڵان ؛ دەکرێت یەکدەنگ بن لە درۆکردن لە گێڕانەوەیەکی هەواڵی وەکو ئەمە؟

بەڵکو هەندێک لە موعجیزەکانی هەزارەها لە هاوەڵان ئامادەی بوون وەکو دەرچوونی کانیاوی ئاو لەنێو پەنجە پیرۆزەکانیەوە هەتاوەکو هەزار وپێنج سەد هاوەڵ دەستنوێژیان لێگرت ولێیان خواردەوە، وفەرموودەکە متەواتیرە ولە گێڕانەوەی (بخاري) و (مسلم)ە.

وزۆربوونی خواردنێکی کەم بۆئەوەی سوپایەکی مەزن لێی بخوات، وئەمیش گێڕانەوەیەکی متەواتیرە لە هاوەڵانەوە، وئیمامی بوخاری بەتەنها موعجیزەی زۆربوونی خواردن

لەسەر دەستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە زیاتر لە پێنج شوێن باسکردووە لە سەحیحەکەیدا.[1]

ئەگەر بەڵگەکانی ڕاستگۆیی دامەزراو بن وموعجیزەکان زۆر بن لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتی -صلى الله عليه وسلم-، ئیتر چۆن ئاقڵێک هەموو ئەمانە بەدرۆ دەخاتەوە؟

وئەمیش هەندێک موعجیزەی ترە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- :

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەوێکیان هەواڵیدا بەوەی بایەکی توند هەڵدەکات، ونەهی کرد لەخەڵکی بەپێوە بوەستن، پیاوێک هەستا وبایەکە هەڵیگرت ولە شوێنێکی دوور فڕێی دا.[2]

وهەواڵیدا -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە مردنی نەجاشی لەو ڕۆژەی تێیدا مرد، ونوێژی لەسەر کرد وچوار تەکبیرەی کرد.[3]

وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە عومەر وعوسمان وعەلی وتەڵحە وزوبەیر شەهید دەبن -

---

1 [البخاري (1217)، البخاري (2618)، البخاري (3578)، البخاري (4101)، البخاري (6452). وهەموویان ڕووداوی جیاواز بوون وئەمانە تەنها لە بوخاریدا هاتوون!].

2 [صحيح مسلم: 3319].

3 [صحيح البخاري: 1333].

ڕەزای خوایان لێبێت-، وئەوان وەکو خەڵکی ئاسایی لەسەر جێگاکانیان نامرن.

پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان وعەلی وتەڵحە وزوبەیر چووە سەر شاخێک، ئەوبەردەی لەسەری بوون جوڵایەوە، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بەشاخەکە فەرمووی: (هێمن بە، کەس لەسەرت نیە جگە لە پێغەمبەرێک یان ڕاستگۆیەک یان شەهیدێک نەبێت).[1]

جەختی کردەوە لەسەر پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی وڕاستگۆیی بۆ ئەبوبەکر وبۆ ئەوانی تر شەهید بوون، وئەوەی باسیکرد ڕوویدا.

و 150 فەرموودە هەیە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە پەروەردگاری پاڕایەوە ودەستبەجێ وەڵامی دراوەتەوە وخەڵکیش شاهێدی لەسەر ئەمە دەدەن ![2]

وخەڵکی مەککە داوایان لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- کرد کە موعجیزە ونیشانەیەکیان پێ نیشان بدات، ئەویش نیشانی دان کە مانگ بووە بە دوو لەتەوە، وکێوی

---

1 [صحيح مسلم: 2417].

2 [ئەم فەرموودانە کۆکراوەتەوە لەلایەن : سعيد بن عبد القادر باشنفر، لەکتێبی (دلائل النبوة)، لەچاپی (دار ابن حزم)]

حیرا لەنێوانیان بوو، وئەم فەرموودەیە متەواتیرە واتا؛ لەئەوپەڕی بەرزی پلەی سەحیحی دایە.

وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سورەتی (القمر)ی دەخوێند کە موعجیزەی لەتبوونی مانگی تێدا باسکراوە لەکاتی کۆبوونەوە گەورەکان وەکو جومعەکان وجەژنەکان بۆئەوەی خەڵکی ئەو موعجیزەیە ببیستن وئەم موعجیزەیەی بەکاردەهێنا وەکو بەڵگەیەک لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتی.

پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیدا سەبارەت بەوەی کە ئادەم کۆتا خوڵقێنراوی زیندووە، دەفەرموێت: (وئادەم دروستکراوە لەپاش عەسر لەڕۆژی جومعە؛ کۆتا خوڵقێنراو بوو).[1]

وئەمیش هەقیقەتێکی زانستیە وئێستا سەلمێنراوە، چۆن پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زانستی هەبوو سەبارەت بەوەی ئادەم -عليه السلام- کۆتا بوونەوەری زیندووە کە لەسەر زەوی دەردەکەوێت پاش دەرکەوتنی ڕووەک وئاژەڵەکان؟

سەیری ئەم ئایەتە بکە، خوای گەورە دەفەرموێت:

---

1 [صحيح الجامع: 8188].

{وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً} ﴿١٢﴾

﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِۖفَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً﴾ واته: ﴿ئێمە دیاردەی شەو و ڕۆژمان کردووە بە دوو بەڵگە و نیشانە (لەسەر دەسەڵاتی خۆمان و بۆ حەسانەوە و ئەنجامدانی کاروبارتان و ڕاگرتنی پلەیەکی گەرمای لەبار بۆ ژیانتان)، ئینجا ئێمە تاریکیمان بەسەر دیاردەی شەودا هێناوە و دیاردەی ڕۆژیشمان بە ئاشکرا و دیار و بینراو سازاندووە﴾

[سورة الإسراء: 12].

﴿فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ * ئینجا ئێمە تاریکیمان بەسەر دیاردەی شەودا هێناوە﴾ : واتا مانگ کە دیاردەی شەوە ؛ ڕۆشنا بووە پاشان ڕۆشناییەکەی لابراوە.

وئەمە لێکدانەوەی هاوەڵانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە، ئیمام ئیبن کەسیر -ابن الكثير- لە تەفسیرەکەیدا دەیگێڕێتەوە لە عبداللّٰه کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە دەڵێت: (مانگ ڕۆشنا بوو هەروەکو ڕۆشنایی خۆر، بووە نیشانەی شەو، بۆیە ڕۆشناییەکەی لابرا).

وسەیر ئەوەیە کە زانستی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە، ناسا بڵاوی کردەوە لەسەر ماڵپەڕ وکەناڵە فەرمیەکانی: یەکەم ماوەی تەمەنی مانگ وتێیدا ڕۆشنا ودرەوشاوە بوو -وەکو خۆر-.[1]

وبە متەواتیر سەلێمنراوە کە ئەو نیشانە وئایەتە ڕوویداوە وهەروەها هەواڵدانیش سەبارەت بە نەبینراوەکان -غەیب- و وردەیە بێ سنوورەکانی نهێنیەکانی ئاسمانەکان وزەوی لەسەر دەستی یەک پیاو -صلی الله علیه وسلم-، ودابەزینی قورئانی بۆی، ولەسەر هەمان پەیامی پێغەمبەرانی پێشووە، ولەلایەن خوای گەورە سەرخراوە وکۆچی دوایی نەکرد هەتاوەکو شەریعەتەکەی کامڵ بوو.

بۆیە؛ دانپێدانان بە یەقین ودڵنیاییەوە لەسەر ئەوەی پێغەمبەرە ئەمە ژیری وئاقڵێتیە!

نیشانە غەیبیەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- زیاترە لە هەزار.

وگێڕەوەی موعجیزەکانی ؛ هاوەڵانی بوون کە ڕاستگۆترین وچاکەکارترین خولقێنراون.

---

1 http://www.nasa.gov/mission_pages/LRO/news vid-tour.html/
https://www.youtube.com/watch?v=UIKmSQqp8 wY

وسەیر ئەوەیە گەورەکانی نێو هاوەڵان مسوڵمان بوون پێش ئەوەی ئەو موعجیزانە ببینن، وئەوان مسوڵمان بوون چونکە زانیان پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ڕاستگۆیە، وهەرگیز درۆی نەکردووە.

ئەم هەڵوێستەی گەورەکانی نێو هاوەڵان هەڵوێستێکی ئەقڵی دانایە، ڕاستگۆیی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەیە وبەسە بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتی، .. چونکە : ئەو کەسەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات یان ئەوەتا: ڕاستگۆترینی نێو خەڵکیە، چونکە پێغەمبەرە.. وپێغەمبەر ڕاستگۆترینی نێو خەڵکیە.

یان ئەوەتا: درۆزنترینی نێو خەڵکیە، چونکە درۆ دەکات سەبارەت بە گەورەترین بابەت.

تەنها نەزانەکان جیاوازی ناکەن لەنێوان ڕاستگۆترین ودرۆزنترینی نێو خەڵکی.[1]

زۆر ئاسانە کە ئاقڵ بتوانێت جیاکاری بکات لەنێوان ڕاستگۆترین ودرۆزنترینی خەڵکی.

وموشریکەکان لە یەکەم ڕۆژی پەیامبەرایەتیەوە دانیان بەوەدا نا کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز درۆی

1 [ثبوت النبوات عقلًا ونقلًا، ابن تيمية، دار ابن الجوزي، ل / 573 ، وبمعناه في نفس المصدر ص318]

نەکردووە، پێیان ووت: (هەرگیز نەمانبینیوە درۆت کردبێت).[1]

وکاتێک هەرقل پرسیاری کرد لە ئەبو سوفیان پێش ئەوەی مسوڵمان بێت: (ئایا ئێوە تۆمەتی درۆکردنتان دەداتەوە پاڵی پێش ئەوەی ئەم قسانە بڵێت؟).

ئەبو سوفیان ووتی: نەخێر.

هەرقل ووتی: (ناکرێت درۆ لەگەڵ خەڵکی نەکات ودرۆ بەناوی خوای گەورە بکات).

پاشان هەرقل وتە بەناوبانگەکەی ووت: (ئەگەر لەلای بوومایە ئەوا پێیەکانیم دەشۆرد).[2]

کافرەکان نەیانتوانی یەک درۆکردنی بسەلمێنن لە هەموو ژیانیدا -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە قورئان نکۆڵی کرد لە کوفریان هەرچەندە دەیانزانی حاڵی بەم شێوەیە پێش ئەوەی ببێت بە پەیامبەر ، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ} ﴿٦٩﴾

---

1 [صحيح البخاري : 4971].

2 [صحيح البخاري : 7].

﴿أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ﴾ واته: ﴿یان ئەوەیە پێغەمبەرەکەیان نەناسیووەو ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی بڕوا بە پەیامەکەی نەکەن و دژی بوەستن!!﴾

[سورة المؤمنون: 69].

حاڵ وژیاننامەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەیەکی سەربەخۆیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەرە.

-صلى الله عليه وسلم-.

ئەگەر هۆکارەکانی ڕاستگۆیی بەشێوەیەکی گشتی پاڵپشت بن بۆ پێغەمبەرایەتی -صلى الله عليه وسلم-، ئیتر چۆن ئاقڵێک هەموو ئەمانە بەدرۆ دەخاتەوە؟

## 26- چۆن بزانم کە داواکراوە لێم باوەڕ بە الله بهێنم؟

و: سەیری نەفسی خۆت بکە دەزانیت کە تۆ لەتاقیکردنەوەدایت، ئایا هەستێک نیە لە ناخت ؛ کاری چاک بکە وکاری هەڵە مەکە؟

ئەگەر لەپێشت هەندێک پارە هەبێت وخاوەنەکەی لێی دوور بێت، ئەوا هەستێکت بۆ دێت دەڵێت: ئەم پارانە ببە وسوودی لێوەرگرە، وهەستێک لە بەرامبەردا دەڵێت: ئەمە مەکە ؛ حەرام وتاوانە.

تۆ لە هەموو ساتێکی ژیانت لە تاقیکردنەوەدایت.

ئەم هەستە -هەستی ئەوە بکە وئەوە مەکە- لەناختدا هەیە، چونکە تۆ لەڕاستیدا لەتاقیکردنەوە دایت وهەر تەنها بۆ بەسەربردنی ژیان دروست نەکراویت.. شتێک نیت بەهات نەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا} ﴿٣﴾

﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ واتە: ﴿بەڕاستی ئێمە ڕێنموویمان کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، بە ئازادی دەتوانێت ببیتە کەسایەتیەکی ئیماندارو سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕو خوانەناس﴾

[سورة الإنسان: 3]

مرۆڤ لەناخیدا هەستی (ئەوە بکە وئەوە مەکە) هەیە: یان ئەوەتا سوپاسگوزارە لە هەموو ساتێکی ژیانی.

بەڵکو لە هەموو قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ لەوەیە خێر یان شەڕ بکات، ئایا دەچێت بۆ مزگەوت تەنها بۆ کات بەسەر بردن.

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ} ﴿٥٦﴾

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ واته: ﴿من جن و مرۆڤایەتیم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنی من نەبێت﴾

[سورەتی الذاریات: 56].

لەهەر هەنگاوێک جۆرێک لە بەندایەتی بۆ الله یان سەرپێچی فەرمانەکانی ئەوی تێدایە -سبحانه وتعالی-.

هەرکەسێک ڕێنموێنی کرابێت بۆ ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە ئەوا ڕزگاری بووە، وئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی خوا بکات ئەوا بەهەڵەدا چووە.

وئەم توانای بژاردنە ئەوەی بەدوادا دێت کە لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤ دەکرێت لەسەر هەموو شتێک کە کردوویەتی.

مەبەستی خوڵقاندنمان بۆئەوەیە تاقی بکرێینەوە، وئەمە ئەو مەبەستەیە کە خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆ ناردووە وکتێبەکانی دابەزاندووە،

{وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّـهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ} ﴿٣٦﴾

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ واته: ﴿سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووەو پێمان

ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر﴾

[سورەتی النحل: 36].

ودوای ئەوەی تاقیکردنەوەکە کۆتایی دێت بە مردن، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە، ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ واتە: ﴿وتەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە﴾ [یس: 22].

{وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الْمُنتَهَىٰ} ﴿٤٢﴾

﴿وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الْمُنتَهَىٰ﴾ واتە: ﴿وگەڕانەوەی کۆتا بۆ لای پەروەردگارتە﴾

[النجم: 42].

{إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ} ﴿٨﴾

﴿إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ﴾ واتە: ﴿بەدڵنیاییەوە، گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارتە﴾

[سورەتی العلق: 8].

دەگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە بۆئەوەی لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکات لەسەر ئەوەی کردوومانە،

{وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ ﴿٤٠﴾ ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَىٰ ﴿٤١﴾}

﴿وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ * بێگومان هەوڵ و کۆششەکەی دەبینرێتەوە لەقیامەتدا (40)

ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَىٰ * پاشان پاداشت دەدرێتەوە بەتێرو تەسەلی (41)﴾

[سورەتی النجم].

دەبینرێت ئەوەی کردووتە لە کردەوە ولێپرسینەوەت لێ دەکرێت لەسەر هەموویان،

{فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴿٨﴾}

فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * ئینجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەک چاکەی کردبێت دەیبینێتەوە (7)

وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ * وە هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەک خراپەی کردبێت دەیبینێتەوە (8)﴾

[سورەتی الزلزلة].

## 27- ئایا دەبێت ئیمان هێنان بە اللّٰه بەس بێت وکوفر بکرێت بە پێغەمبەران؟

و: نابێت،

ئیمان بە بوونی اللّٰه لەگەڵ باوەڕ نەبوون بە پێغەمبەران بەس نیە بۆئەوەی مرۆڤ مسوڵمان بێت، مانای چیە کە باوەڕت وابێت خوای گەورە خوڵقێنەر ورۆزیدەر وبەڕێوەبەری

گەردوونە، پاشان کوفر بکەیت بە وەحیەکەی ونکۆڵی بکەیت لە پێغەمبەرانی؟

ئەمە کوفری گەورەیە.

ئایا کێ تاوانێکی گەورەتری کردووە لەوەی کە نکۆڵی لە وەحی پەروەردگار دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت:

{إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّـهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّـهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُولَـٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾}

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا * بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە خواو پێغەمبەران ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خواو پێغەمبەرەکانیدا (گوایە باوەڕیان بەخوا هەیە بەڵام باوەڕیان بەپێغەمبەران نیە)، (یاخود) دەڵێن: باوەڕ دەهێنین بەهەندێک لە پێغەمبەران و باوەڕ بەهەندێکیان ناهێنین و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگە و بەرنامەیەک بۆ خۆیان بەدەست بهێنن (150)

أُولَـٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا * ئا ئەو کەسانە بەڕاستی هەر بێ باوەڕن و بۆ بێ باوەڕان سزایەکی سەر شۆڕکەرمان ئامادەکردوە (151) ﴾

[سورة النساء]

هەرکەسێک باوەڕی بە الله هەبێت وکافر بێت بە بەپێغەمبەران ئەوا لەڕاستیدا کافرە.

هەرکەسێک کوفر بکات بە پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکان ئەوا کافرە بە الله چونکە نکۆڵی کردووە لە وەحی، بۆیە ئەهلی کتێب کوفریان کرد بەهۆی باوەڕ نەبوونیان بە پێغەمبەرایەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-.

{إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَـٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ} ﴿٦﴾

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَـٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ﴾ واتە: ﴿بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەن کتێبەکان و موشریك و هاوەڵگەران دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمری تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، هەر ئەوانەن تاوانبارترین و خراپترینی خەڵکانی سەرزەوی﴾

[سورة البينة: 6]

وهەڕەشەی خوای گەورە بەوەی دەچنە دۆزەخەوە؛ هەق وڕاستیە، واتە: ﴿فَحَقَّ وَعِيدِ﴾ واتە: ﴿بۆیە هەڕەشەی (من لەدژیان) هاتەدی﴾ [سورة ق : 14].

ئیسلامەتی مرۆڤ دامەزراو نابێت وڕزگاری نابێت تەنها بەهۆی دانپێدانانی مرۆڤ لەسەر ئەوەی خوای گەورە خوڵقێنەر -الخالق- وڕۆزیدەر -الرزاق- ژییەنەرە -المحيي- ودەمرێنێت -المميت-ە، بەڵکو دەبێت مرۆڤ باوەڕی بە پێغەمبەران هەبێت.

بۆیە ئیمان هێنان بە بوونی الله وکوفر کردن بە پێغەمبەران تەنها بەس نیە وسوودی بۆ بەندە نیە لە قیامەتدا، چونکە دەبێت بەندە خوای گەورە بپەرستێت وباوەڕی بەهەموو پێغەمبەران هەبێت.

ئەگەر ئیمان هێنان بە الله بەس بوایە ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرانی نەدەنارد وکتێبەکانی دانەئەبەزاند، چونکە هەموو مرۆڤایەتی خوای گەورە دەناسن لە فیترەتەوە.

خوای گەورە کە تۆی خوڵقاندووە وهیدایەت ورۆزی داویت تەنها ئەو شایستەی پەرستنە بەپێی شەریعەتەکەی کە پێغەمبەران هێناویانە.

## 28- ئایا کافر پاداشت دەدرێتەوە لەسەر کردەوە چاکەکانی لەلایەن خوای گەورەوە؟

و: کردەوەی چاک فیترەتە کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر کردنیان دروستکردووە، بۆیە دەبینیت هەموو مرۆڤێک ئەگەر کافر وموشریکیش بێت کاری چاک دەکات، هەموو خەڵکی کردەوەی چاک دەکەن بەهۆی فیترەتەوە کە خوای گەورە لەسەری دروستیانی کردووە.

بەڵام مەرجی قبوڵ بوونی کردەوەی چاک بریتیە لەوەی : مرۆڤ مەبەستی لەکردنی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، واتا؛ مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشت بێت لەلایەن خوای گەورەوە.

بۆیە ئەو کەسەی کوفری کردووە بە خوای گەورە وپەرستراوی تر دەپەرستێت لەگەڵ خوای گەورە ؛ پێی دەڵێین: بڕۆ بۆ لای ئەوانەی کردووتن بە شەریکی خوای گەورە لە کردەوە چاکەکاندا وداوای پاداشت لە ئەوان بکە، تۆ بە کردەوە چاکەکانت مەبەستت ڕەزامەندی خوای گەورە نەبووە بەتەنها.

بیهێنەوە بە بیری خۆت مرۆڤێک کەسوکاری پەروەردەیان کرد وخەرجیان لەسەر کرد هەتاوەکو بووە گەنج وبەهێز بوو، پاشان چوو بۆ لای خەڵکی تر بۆئەوەی خزمەتیان بکات، ئایا

مافی هەیە بگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکاری وبڵێت پێیان: کرێی خزمەتی کردنی ئەو خەڵکانەم بدەنێ؟

با بچێت بۆ لای ئەوانەی کە خزمەتیانی کردووە وبا پاداشتی لای ئەوان دەست بکەوێت.

وبەرزترین سیفەتەکانی کەماڵ وبێ پێویستی بە بوونەوەرەکان تەنها بۆ خوای گەورەیە.

ئەو خوایەی کە تۆی خوڵقاندووە ورۆزی داویت ونیعمەتی زۆری پێبەخشیوویت پاشان واز لە پەرستنی دەهێنیت ودەتەوێت پاداشتی کردەوەکانت لەلای ئەو دەست بکەوێت؟ ئەمە چۆن دەبێت؟

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا} ﴿٢٣﴾

﴿وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا﴾ واتە: ﴿کاتێک هاتین و تەماشای ئەوەمان کرد کە کردوویانە بەرباماندا وکردمانە تەپوتۆزێکی پەرش و بڵاو.﴾

[سورة الفرقان: 23].

وخوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

{وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا} ﴿٣٩﴾

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا﴾ واته: ﴿ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتە بەر کردەوەکانیان وەك تراویلکەو سەرابێك وایە لە بیابانێکدا بریسکە بداتەوە کەسێکی تینوو وا بزانێت ئاوە هەتا کاتێك گەیشتە لای دەبینێت هیچ نیە﴾

[سورەتی النور: 39].

ئەوانەی کافرن شایستەی پاداشت نین لەسەر کردەوەکانیان ئەگەرچیش کردەوەی چاک بن، چونکە ئەوان کافرن ومەبەستیان لە کردەوەی چاک بەدەستهێنانی پاداشتی پەروەردگاریان نیە، ومەبەستیان لە کردنیان ڕەزامەندی پەروەردگاریان نیە.

مەسەلەکە تەنها کردەوەی چاک نیە هەموومان لەسەر فیترەتی کردنی زۆرێک لە کاری چاکە دروست کراوین، بەڵکو بابەتەکە لەسەر ئەوەیە بۆچی کردەوەی چاکە دەکەیت وبۆ ڕەزامەندی کێ دەیکەیت؟ وئایا بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆت دەیکەیت یان بۆ ڕیا دەیکەیت یان بۆ ڕەزامەندی جگە لە الله دەیکەیت؟

هەموو ئەمانە لەپێناو خوای گەورە نین بۆیە پاداشت نادرێتەوە لەسەر کردنی ئەم کارە چاکانە لەلایەن خوای گەورە لە قیامەتدا.

## 29- ئەگەر ئیسلام ئاینی هەق وڕاستی بێت بۆچی گومان هەیە سەبارەت بە ئیسلام؟

و: گومان -شوبهە- بابەتێکە کە مسوڵمان لەناو ئایندا لێی تێ ناگات، ولێی تێکەڵ بووە وناڕوونە لەلای هەتاوەکو وەڵامێکی دەست دەکەوێت

وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- ویستی وابووە کە هەندێک مەسەلەی ناڕوون هەبێت لە هەندێک لە لقەکانی بابەتە ئاینیەکان، بۆئەوەی شوێنکەوتووانی باطل ونا ڕاستییەکان بەهۆیانەوە دوور بکەونەوە لە گوێڕایەڵی پەروەردگاریان

خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت:

{هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ۖ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّـهُ ۗ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} ﴿٧﴾

﴿هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌۖ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُۗ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ واتە: ﴿ئەو خوایە زاتێکە کە

قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ناردە خوارەوە، بەشێک لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدارو ڕوون و ئاشکران، ئەوانە بنچینەو بناغەی قورئانەکەن و هەندێکی تریشی واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و بە ئاسانی واتای مەبەست بەدی ناکرێت، جا ئەوانەی کە لە دڵیاندا لاری و لادان هەیە، حەز لە حەق و ڕاستی ناکەن، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراو جۆر و فراوانیان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنە و ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن، لە حاڵێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کەلە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بەهەر هەموو (ئەو ئایەتانە)هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشتی ئەوە، (لەڕاستیدا) بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە (لەم قورئانە)﴾

[سورة آل عمران: 7].

﴿فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ * جا ئەوانەی کە لە دڵیاندا لاری و لادان هەیە، حەز لە حەق و ڕاستی ناکەن، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراو جۆر و فراوانیان هەیە﴾ : ئەوەی لادان لەدڵی هەیە شوێنی گومانەکان دەکەوێت بەمەبەستی هەڵگیرساندنی

فیتنه وناكۆكی و بەمەبەستی دوورخستنەوەی خەڵكی له خوای گەورە وئاینەكەی.

خوای گەورە بەحیكمەتی خۆی ویستی وابوو كه ئیمان وكوفر هەبێت،

{فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ} ﴿٢﴾

﴿فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ﴾ واته: ﴿جا هەتانه بێ باوەڕەو هەتانه باوەڕدار﴾

[سورة التغابن: 2].

ئەوانەی حەزیان له كوفره پەیوەست دەبن بەو گومانانه وخۆیانی پێوه سەرقاڵ دەكەن ودوور دەكەونەوه له ئاین ونوێژ وئیمانەكەیان.

بەڵام ئیماندار شوێنی بەڵگەی جێگیر دەكەوێت كه (أُمُّ الْكِتَابِ:بنچینه وبناغەت)ن سەبارەت به دروستێتی ئاین و پەیامەكە، وئەگەر پرسیاری سەبارەت به شتێک هەبێت كه لێی تێناگات؛ پرسیار سەبارەتی دەكات، بەڵام ئەو شتانەی لێی تێناگات سەرقاڵی ناكات له ئاین ونوێژەكەی.

تەنها ئەوانەی كه نەخۆشی لەدڵیاندا هەیه ئەم گومانانه سەرقاڵیان دەكات ودووریان دەخاتەوه له ئاینەكەیان،

{وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّـهُ بِهَـٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّـهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ}
﴿٣١﴾

﴿وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَـٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ واته: ﴿با ئەوانەی دڵ و دەروونیان نەخۆشە لە دووڕووەکان و بێ باوەڕان هەر بۆ خۆیان قسە بکەن و بڵێن: نیازی خوا چی یە بەم ژمارەیە؟ بەو شێوەیە باسکرا خوا هەر کەسێکی بوێت گومڕای دەکات، هەر کەسێکیشی بوێت ڕێنموویی دەکات﴾

[سورة المدثر: 31].

وله حیکمەتی بوونی گومانەکان ئەوەیە کە ئەم گومانانە بەهۆیانەوە زانایان دەناسرێنەوە لەئاینی خودا، دەبینیت زانا وەڵامی گومانەکان دەزانێت وبەمە جیاوازی ئەو دەردەکەوێت بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی ئاساییی کە قوڵ نەبووەتەوە لە ئاین ونەیخوێندووە، بۆیە خوای گەورە پلەی ئەوانە بەرز دەکاتەوە کە زانستیان هەیە.

هەق وڕاستی ڕوون وئاشکرایە، بەڵام دەبێت شتی گوماناوی وناڕوون هەبێت چونکە بەهۆیەوە جیاوازی وبژاردن دێتە دی.

ڕێبازی خوای گەورە لە خوڵقێنراوەکانی بریتیە لە تەکلیف (ئەرک پێ سپاردن)، وڕێبازی تەکلیف هەندێک حیکمەتی لەپشتەوەیە، وبراوە ئەو کەسەیە کە ئەوەی دەیزانێت دەیکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی شاراوە و وردە، ودۆڕاو ئەو کەسەیە ئەو شتەی سەبارەتی نازانێت کردوویەتی بە پەردەیەک وڕێگر دەبێت لە بەڵگە هێنانەوە بەو شتانەی سەبارەتی دەزانێت.

### 30- بۆچی خوای گەورە شەڕ وخراپەی دروستکردووە؟ یان بەمانایەکی تر: چۆن مسوڵمان وەڵامی : ( دژبێژی - پارادۆکس)ی شەڕ وخراپە بداتەوە؟

و: فیتنەی شەڕ وخراپە ؛ لەوەیە گەورەترین هۆکاری ئیلحاد بێت لەمێژوودا.

{وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّـهَ عَلَىٰ حَرْفٍ ۖ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ ۖ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ} ﴿١١﴾

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍۖ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِۖ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ﴾ واتە: ﴿هەندێك لە خەڵكی هەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا خواپەرستی دەكات (ئەویش ئەو حاڵەتەیە كە دنیا بەدڵی ئەو بێت)، ئەگەر

تووشی خێرو خۆشی بوو دڵی پێی خۆشه، خۆ ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەك هات، سواری سەری خۆی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە، ئا بەو حاڵەتەی دنیا و قیامەت لە دەست خۆی دەدات و زەرەرمەندی هەردوو لایە و هەر ئەوەشە خەسارەتمەند و زەرەرمەندی ڕوون و ئاشكرا﴾

[سورة الحج: 11]

کەسی وا هەیە کوفر دەکات بە خوای گەورە بەهۆی فیتنە یان بەڵا یان کارەساتێک کە تووشی بووە.

ولێرەدا مولحید لەوەیە پرسیار بکات: بۆچی شەڕ وخراپە هەیە لە بنچینەدا؟

وەڵامەکە بەسادەیی: چونکە ئێمە موکەلەفین -جێبەجێکردنی ئەرکە شەرعیەکانمان لەسەرە-.

ئێمە لەم ژیانەدا لە تاقیکردنەوەداین.

خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً} ﴿٣٥﴾

﴿وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً﴾ واته: ﴿بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بەشەڕ و ناخۆشی و بەڵاو بەخێرو خۆشی و دارایی و توانایی﴾

[سورة الأنبياء: 35].

خێر وشەڕ هەیە چونکە تۆ موکەلەفیت، وتەکلیف مەبەستە لە بوونت.

وپەروەردگار دەفەرموێت:

{الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ} ﴿٢﴾

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ واتە: ﴿هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران﴾

[سورة الملك: 2]

بوونی شەڕ وخراپە وبەڵا وفیتنەکان، لە خودی خۆیدا گەورەترین بەڵگەیە لەسەر دروستێتی بابەتی ئاین وهەڵەیی ئیلحاد.

ئەگەر نەوەی جیهانی ماددی بین ئەوا ناتوانین لە خێر وشەڕ تێبگەین.

ئەگەر گەردوون هەمووی بێ مانا بوایە ئەوا تێنەدەگەیشتین لەوەی بێ مانایە،[1] چونکە بەپێی تێڕوانینی ئیلحادی ئێمە بەپێی فەرمانی ماددی توند هەڵسوکەوت دەکەین، ویاساکانی

---

[1] [C. S. Lewis].

سروشت بەسەرماندا جێبەجێ دەبێت، وبۆیە لەم چوارچێوەیەدا لە مانای شەڕ تێناگەین ومانای شەڕ نازانین چیە.

ئایا ئاڵۆزترین ئاژەڵ دەزانێت دژیێژی شەڕ مانای چیە؟

تێگەیشتن لە مانای شەڕ ئەوەیە کە ئێمە نەوەی ئەم جیهانە نین، وئێمە لە شەڕ تێدەگەین لە بنەمای ترەوە جگە لە بنەما مادیە داروینیە بونگەراییەکان.

ئێمە شوێنکەوتووی بنەما ئاسمانیەکانین، نەک شوێنکەوتەی شێوازی ئیلحادی ماددی زەوی بین، وئەمە تاکە ڕاڤەیە بۆ تێگەیشتن لە شەڕ وخراپە.

ئەگەر ئێمە موکەلەف بین کەواتە سروشتیە فیتنە وتاقیکردنەوە وبەڵا هەبێت ؛ وسروشتیە کە لە شەڕ تێبگەین.

شەڕ وخراپە وهەندێک ئازار وتوانای کردنی تاوان ئەمە داواکراوی سروشتی وسەرەنجامی سەرەتاییە بۆ ئازادی خواست -ئیرادە- وتەکلیفی خودایی.

بوونی شەڕ وخراپە وبەڵا وکارەسات وشەهوەت ئەمانە باشترین دەردەهێنن لە ناخی مرۆڤی چاک وخراپترین دەردەهێنن لەناخی مرۆڤی خراپ.

وحاڵی مولحیدەکان سەیرە نکۆڵی لە بوونی خوڵقێنەر دەکەن بەهۆی بوونی شەڕەوە، ئەوان ئەم لێکدانەوەیە دەکەن:

1- ئەگەر باوکێک خێرخواز بێت وخێری بۆ کوڕەکەی بوێت، بۆچی دەیەوێت دەرزیەکی ئازاردەی لێبدرێت دژی میکرۆبەکان؟

2- ئازارێک هەبوو تووشی کوڕەکە بوو لەکاتی دەرزی لێدانەکەدا؟

3- کەواتە باوکەکە بوونی نیە.[1]

ئایا ئەمە شیکردنەوەیەکی ژیربێژیە -مەنتیقیە- ؟

پاشان سروشتیە کە ئێمە سەبارەت بە هەموو وردەکاریەکی حیکمەتی خودایی نەزانین لە خێر وشەڕدا.

وخوای گەورە هەندێک لە کردەوەکانی خیزری- خضر- باسکردووە لەگەڵ موسا -علیه السلام-، ئەگەرچیش ئەو کردەوانە قبوڵ ناکرێن ورەت دەکرێنەوە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام خێری زۆریان تێدا بوو، وچیرۆکی موسا وخیزر لە قورئاندا نەهاتووە تەنها وەکو چیرۆک وگێڕانەوە، بەڵکو بۆ تێڕامان وبیرکردنەوەیە وهەروەها بۆ دەرخستنی کەمی زانستی مرۆڤە وبڕیاردانی بەپەلەیەتی.

---

[1] [کتێبی: أسس غائبة، م. أحمد حسن، مركز دلائل. بتصرف].

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە بابەتی شەڕدا ئەوەیە: ئەگەر شەڕ نەبوایە ئەوا لەو شوێنە دەرنەئەچوویت کە تێیدا لەدایک بوویت!

وشارستانیەت بوونی نەدەبوو وشار وکارگە وماڵەکان دروست نەدەکران وخەڵکی پێویستیان بەوە نەبوو کە کار بکەن وخەڵکی بیریان نەدەکردەوە لە ڕووبەڕبونەوەی نەخۆشی یان چارەسەرکردنی کێشەکان یان داهێنانی بیرۆکەیەک ببێتە هۆی هێنانی ئاسانکاری بۆ مرۆڤەکان!

وکەس پێویستی بەوە نەبوو لە شوێنی لەدایکبوونیەوە بڕوات بۆ شوێنێکی تر.

چونکە نە شەڕ ونە کێشە ونە ناڕەحەتی ونە فیتنە ونە خەفەت هەیە بۆئەوەی بەدوای چارەسەرکردنیان بگەڕێت!

بۆچی خۆی تووشی ماندووێتی وشەونخونی وبیرکردنەوە وکارکردن بکات؟

شەڕ پێویستیەکە کە بوونی هەیە لەم دونیایەدا !

بۆیە بیر بکەرەوە !

وتەقوای خوای گەورە بکە ؛ چونکە تۆ موکەلەفیت.

وزۆرێک لە خەڵکی کاتێک تووشی ناڕەحەتی وفیتنە وشەڕ دەبن ؛ دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، ودەبن بە یەکێک لە پیاوچاکان -سبحان الله العظيم وبحمده-.

هەموو قەدەرەکانی خوای گەورە حیکمەت وخێری تێدایە.

ودەبێت مسوڵمان باوەڕی بە هەموو قەدەرەکانی خوای گەورە هەبێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

"ولوْ أنَّ لكَ مِثْلَ أُحُدٍ ذهبًا أَنفَقْتَهُ في سبيلِ اللهِ ما قَبِلَهُ اللهُ مِنكَ حتَّى تُؤْمِنَ بالقَدَرِ، وتَعْلَمَ أنَّ ما أَصابَكَ لم يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وأنَّ ما أَخْطَأَكَ لم يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، وإنَّهُ مَن مات على غيرِ هذا دَخَل النَّارَ".

«ئەگەر هێندەی شاخی ئوحود ئاڵتونت هەبێت ولە پێناو خوای گەورە بیبەخشیت ئەوا خوای گەورە لێتی قبوڵ ناکات هەتاوەکو باوەڕ بە قەدەر دەهێنیت، وبزانیت ئەوەی تووشت بووە نەدەبوو تووشت نەبێت، وئەوەی تووشت نەبووە نەدەبوو تووشت ببێت، وئەوەی لەسەر جگە لە ئەم -بیروباوەڕە- بمرێت دەچێتە دۆزەخەوە».[1]

قەدەرکانی خوای گەورە لە خێر وشەڕ واجبە لەسەر مسوڵمان پێی ڕازی بێت.

وهەموو قەدەرەکانی خوای گەورە خێرە، ئەگەرچیش هەندێکی وا دیار بێت کە شەڕ وخراپە وتەنگانە وئازارە لەڕووکەشدا، بەڵام لەکۆتاییدا خێری گەورە وحیکمەتی خودایی مەزنی تێدایە.

---

[1] [صحيح سنن أبي داود : 4699].

## 31- ئایا ئاین بووە هۆکاری جەنگە ئاینیەکان کە ڕوویدا لەسەر زەوی لەسەردەمێک لە سەردەمەکان؟

وەڵام: مرۆڤایەتی هەزاران ساڵە لەگەڵ یاسا وشەریعەتەکانی تەوحید -یەک خوا پەرستی- ژیاون، و چوار هەزار ساڵە لەگەڵ سێ شەریعەتە ئیبراهیمیە گەورەکان دەژین، وئایین نوێنەرایەتی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەگەزی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو بەها ڕەوشتەییە باڵاکانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە کە باوەڕدار و بێدین لەسەری کۆکن، وشارستانیەتی ڕەسەنی دامەزراندووە، لەوانەیە بڵێین هەموو چاکەیەک کە لەسەر زەوی هەیە بەهۆی کاریگەری ئەو پێغەمبەرانەیە کە نێردراون بۆ گەلەکان ! ئایین دادگاکانی لە هەزاران دۆسیە ڕزگار کردووە، ولە سەرووی هەمووشیانەوە ئایین بناغەی زانست و ڕەفتار و بەهاکانی داناوە بەمەبەستی بوونی مرۆڤ ! ئەو وڵاتانەی یاسا وشەریعەتە تەوحیدیەکانیان لە باوەش گرتووە، هێشتا هەمەچەشنی کلتوورییان هەیە کە نەیارەکانیان هێشتەوە و بنمیچی پاراستنی بۆیان دابینکرد لەچوارچێوەی یاسا وشەریعەتەکانی ئاینە تەوحیدیەکە، کەچی لە لایەکی ترەوە تەنها لەماوەی یەک سەدەدا کە هەندێک وڵات نزیکبوونەوە لە ئیلحاد ؛ هەموو مرۆڤایەتی لە لێواری تیاچوون بوون لەم سەدەیەدا !

پاشان ئەو مولیحدانە دێن وباسی مەترسی ئاین دەکەن لەسەر مرۆڤایەتی ! مێژووی مرۆڤایەتی هەرگیز هیچ مەنهەنجێکی نەدیووە وەکو ئیلحاد مەترسیدار بێت، کۆمەڵکوژییەکانی گولاگ لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەسەر دەستی لینینی مولحیدبوو، وقڕکردنی کەمینە نەتەوەییەکان لە ئەڵمانیای نازی، و لەناوبردنی چارەکێک لە دانیشتوانی کەمبۆدیا لەلایەن مولحید پۆل پۆت بوو، کوشتنی 52 ملیۆن چینی لە شۆڕشی ڕۆشنبیری گەورەدا لەسەر دەستی مولحید ماو زیدۆنگ بوو، وسەرهەڵدانی کۆمەڵەی میلیشیا مولحیدەکان لە ئەوروپا کە بە فەرمی 42 هەزار دامەزراوەی ئایینی -کڵێسا ومزگەوت- یان داخست، ودەیان هەزار کەسی دینداریان کوشت، هەموو ئەمانە سەرئەنجام و دەرئەنجامە سروشتیەکانی سەرهەڵدانی ئیلحاد بوو.[1] بەڵکو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم شەڕی مولحیدەکان بوو، کە بەتێڕوانینە ئیلحادیەکان بڕیاریان دەدا لەسەر ڕەگەزی مرۆڤایەتی و بە بیرۆکەکانی هەوڵدان بۆ پاکتاوی ڕەگەزی بەرێوەدەبرا، دەرئەنجامەکەی قڕکردنی نزیکەی 5%ی دانیشتوانی جیهان بوو، جەنگە جیهانیەکان بوونە هۆی

---

1 - https://en.wikipedia.org/wiki/League_of_Militant_Atheists

تێکچوونی سەرکەوتوو و دۆڕاو ؛ سی ساڵ بەرەو پاشەوە گەڕانەوە -بەهۆی وێرانبوونی ژێرخانی وڵات ودامەزراوەکانیان-، وفەیلەسوفەکان شوێنێکی میزکردنیان دانا لەناوەڕاستی پاریس دانا وەک ئاماژەیەک بۆ کۆتاییهاتنی شارستانیەت، شەڕە ئیلحادیەکانن هێندە جبەخانەی چەکی ئەتۆمیان هێشتەوە کە بەسە بۆ قڕکردنی تەواوی ڕەگەزی مرۆڤ چەندەها جار، لەڕاستیدا خوێندنەوەیەکی سادە بۆ جەنگەکانی سەدەی بیستەم ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئیلحاد هۆکارە بۆ نارەحەتی و وێرانی وقات وقڕی ولەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، ئیلحاد چەمکێکی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە لەناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤ لە هەر جەنگێکی داهاتوودا بیرۆکەیەکی دروستە وئەمە بەرهەمی چاوەڕوانکراوە لە ئیلحادەوە.

## ***32- بۆچی مسوڵمانان دواکەوتن سەرەڕای ئەوەی ئاینەکەیان تەوحیدیە لەکاتێکدا ڕۆژئاوا زۆر پێشکەوتووە؟***

و: ئەمە پرسیاری شارستانیەتە!

چەندێک پێغەمبەران ناڵاندیان لە ڕووبەڕبونەوەی ئەم پرسیارە.

وچەندێک لە شوێنکەوتووان وازیان لە ڕێبازی ڕاست هێنا بەهۆی ئەم بابەتەوە.

پرسیاری شارستانیەت بنچینەی کوفری ئومەتەکانە بەدرێژایی مێژوو.
خوای گەورە دەفەرموێت:
{وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا} ﴿٧٣﴾
﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا﴾ واتە: ﴿کاتێک ئایەتەکانی ئێمە بەسەر بێ باوەڕاندا بە ڕوون و ئاشکرا بخوێنرێتەوە، ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون بەوانە دەڵێن کە باوەڕیان هێناوە: باشە کام لەو دوو دەستەیە، جێگەو ڕێگەی خۆش و ژیانی پڕ عەیش و نۆشی بۆ لواوە!! (نەفامان پێوەریان ژیانی دنیای تەمەن کۆتایە).﴾
[سورەتی مریم: 73].
ئەگەر ئەو ئایەتانە بخوێندرێتەوە کە بەڵگەن لەسەر دروستێتی ئاین، کافرەکان پێشکەوتنی وڵاتە کافرەکان وەکو بەڵگە دەهێننەوە،
(أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا).
﴿أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا * کام لەو دوو دەستەیە، جێگەو ڕێگەی خۆش و ژیانی پڕ عەیش و نۆشی بۆ لواوە!! (نەفامان پێوەریان ژیانی دنیای تەمەن کۆتایە)﴾

توێژەر ئیبراهیم سەکران دەڵێت: (وئەمە یاسایەکی مێژوویە ورێبازێکی گەردوونی دووبارەیە کە سەرسوڕمان پێی کۆتا نایەت ئەگەر کەسێک تێڕامان بکات بۆ مێژووە درێژەکەی، زۆرینەی ئەوانەی کە پەیامی پێغەمبەرایەتیان پێبووە لەلایەن خوای گەورەوە هەتاوەکو بانگەوازی ئیسلامی لەم سەردەمەدا بەردەوام ڕووبەڕووی (هێزی ماددی) بوونەتەوە کە بەسەریاندا سەرکەوتووە وخەڵکی تووشی فیتنە کردووە لە شوێنکەوتنی ئەو وەحیەی هێناویانە.

وسەیری ئەزموونی پێغەمبەران بکە، نزیک لەوەیە هەمووی چیرۆکێکی قسەکەر بێت بۆ گێڕانەوەی ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان بانگەوازی (وەحی خودایی) و فیتنەی (هێزی ماددی)، ودەبینیت تووشبوون بە فیتنە وهەڵخەڵەتاندن بە هێزی ماددی دڵیانی گرتووە ودووریانی خستووەتەوە لە ملکەچی وتەسلیم بوون بە وەحی، دەبینیت ئەوانەی بانگەوازی دەکەن بۆ ئاین دەناڵێنن بەدەست هەردوویان لە تووشبونی خەڵکی بە فیتنە وهەڵخەڵەتاندنی دیمەنە ماددیەکان، پێغەمبەر نوح -علیه السلام- گەلەکەی پێیان ووت بەڕاشکاوی ماددیانە:

{وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلَّا الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا} ﴿٢٧﴾

﴿وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلَّا الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا﴾ واته: ﴿ئێمە تۆ تەنها وەك یەكێك لە خۆمان دەبینین و نابینین ئەوانەی شوێنی تۆ كەوتوون جگە لەوانەی كە هەژارو داماوەكانمانن﴾

[سورة هود: 27].

وکاتێک پێغەمبەر موسا -علیه السلام- دەرکەوت زنجیرەی سەرکێشی ولووتبەرزی وسنوور تێپەڕاندنی هێزی ماددی دووبارە بوویەوە بەرامبەر وەحی.

{وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالًا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا عَن سَبِيلِكَ} ﴿٨٨﴾

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالًا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا عَن سَبِيلِكَ﴾ واته: ﴿(جا کاتێک ستەمی فیرعەون لە سنوور دەرچوو) موسا نزای کردوو وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی تۆ لە ژیانی دنیادا ناز و نیعمەت و ماڵ و حاڵ و جێگە و ڕێگەی خۆش و ڕازاوەت بەخشیووە بەفیرعەون و داروودەستەکەی، پەروەردگارا، ئەو شتانە بووەتە هۆی ئەوەی کە (خەڵکی) لە ڕێبازو بەرنامەی تۆ وێڵ و گومڕابن﴾

[سورەتی یونس: 88].

وحاڵەتەکە نوێ نەبوو سەبارەت بە پێغەمبەرمان موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- ئەوانەی نکۆڵییان لە وەحی

وپێغەمبەرایەتیەکەی دەکرد کە هێناویەتی، لاوازی ماددی ئەویان وەکو بیانوو دەهێنایەوە بۆ ڕەتکردنەوەی،

{وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ} ﴿٣١﴾

﴿وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَـٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾

واتە: ﴿هەروەها بیانوویان گرت وتیان: ئەوە بۆ ئەم قورئانە دانەبەزێنرا بۆ سەر پیاوێکی گەورە لە پیاوە گەورەکانی دوو شارەکە؟! (مەبەستیان مەککە و طائف بووە)﴾

[سورەتی الزخرف: 31]".

کۆتایی قسەکانی ئیبراهیم سەکران.

مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمەکان و بەدرێژایی مێژووی پێغەمبەرایەتی تووشی بەڵا وفیتنەیەک نەبوون وەک تووشبوون بە فیتنە وهەڵخەڵەتاندنی هێزی ماددی کافرەکان.

ئەگەرچیش لەبنچینەدا هیچ پەیوەندیەک نیە لەنێوان پێشکەوتن وهەق.

پێشکەوتنی ماددی ودواکەوتن هیچ پەیوەندیەکی نیە بەئەوانەی هەق یان پوچەڵیان پێیە.

مەرج نیە بۆئەوەی مرۆڤ کەسێک چاک بێت دەبێت لەڕوانگەی شارستانیەتەوە پێشکەوتوو بێت.

لەوەیە کەسێک دەستگرتوو بێت بە ڕێنماییەکانی ئیسلام بەڵام کەسێکی سادە وهەژار بێت، وبە پێچەوانەیشەوە.

چەندەها ئومەت هەن کە لەڕوانگەی شارستانیەتەوە پێشکەوتوون بەڵام دوورترین کەسن لەشەریعەتی خوای گەورە وئاین و وەحیەکەی،

{أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا} ﴿٩﴾

﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا﴾ واتە: ﴿ئایا بەسەر زەویدا نەگەڕاون، تا تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چیمان بەسەر ئەو نەتەوانەی پێش ئەماندا هێناوە، لەمان زۆر بەهێزترو بە دەسەڵات تر بوون، زەویان ژێرەو ژوور دەکرد (واتە دەیان کێڵا بۆ کشتوکاڵ و کانزایان لێ دەردەهێنا) و ئاوەدانیان کردبووەوە زیاتر لەمان﴾

[سورة الروم: 9].

پێشکەوتنی ماددی ودەوڵەمەندی سامان پێوەر نین بۆ ئاماژەکردن بۆ شوێنکەوتووانی هەق وڕاستی،

{فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ} ﴿٨٣﴾

﴿فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ واته: ﴿جاكاتێک کە پێغەمبەرەکانیان بەبەڵگە و نیشانەی تەواوەوە بۆیان ڕەوانە کرا، لە جیاتی ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنن خۆیان دڵخۆش کرد بەو ڕادە کەمەی کە لە زانست و زانیاری هەیانبوو سەرئەنجام هەڕەشەی خوا لەسەرزاری پێغەمبەراندا یەخەی پێگرتن و ئەوەی کە ئەوان گاڵتەیان پێدەکرد دەستەو یەخەیان بوو، وفەوتاندنی﴾

[سورة غافر: 83]

پێشکەوتنی ماددی لە خودی خۆیدا جێی ستایش نیە وهەروەها جێی سەرزەنشتیش نیە، بەڵکو ستایش دەکرێت هێندەی پەسەندکردنی لەلایەن وەحی خودابیەوە، وهێندەی پەیڕەوکردنی ئاین تێیدا، وهێندەی سوود وەرگرتن لێی لە ئایندا، وهێندەی بەکاریدەهێنیت لە سوود گەیاندن بە خەڵکی وچاککردنی حاڵ وکاروبار وگوزەرانیان لەپێناو خوای گەورە.

ئەمە پێشکەوتنی داواکراوە.

پێوەری هەقیقی چاکترین لەنێوان مرۆڤەکان لەپێشکەوتنی ماددیان نیە بەڵکو چاکترین مرۆڤەکان ئەوانەن کە تەقوادارن وکردەوەی چاک دەکەن، وپێشکەوتنی ماددی وەکو ئامرازێک بەکاردێت نەک وەکو مەبەستێک، وەکو ئامرازێک

بەکاردێت بۆ خزمەت وسوود گەیاندن بە خەڵکی لەپێناو خوای گەورە.

بۆیە دەبێتە پێشکەوتنێکی ماددی کە پەسەندکراوە لەلایەن وەحی خوداییەوە وئەمیش تاکە پێشکەوتنە کە قبوڵکراوە.

وئەمە جێنشین بوونی ڕاستەقینەیە لەسەر زەوی: جێنشین بوون بۆ بەندایەتی اللە، وجێنشین بوون بۆ پاککردنەوەی ئیمانی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان،

{الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّـهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ} ﴿٤١﴾

﴿الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ واتە: ﴿ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژ و دروشمەکانی بەچاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بەتەواوی دەدەن، فەرمان بەچاکە دەکەن، قەدەغە لە خراپە دەکەن، سەرئەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە﴾

[سورة الحج: 41]

وبزانە ئەگەر مسوڵمان ئەو کارە بکات کە لەسەریەتی ئەوا خوای گەورە هەموو هۆکارەکانی خێر وئاسوودەیی

وپێشکەوتنی پێدەبەخشێت لەدونیادا، ورزگاری دەبێت وپلەی بەرز دەبێتەوە لە قیامەتدا،

{وَعَدَ اللَّـهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا} ﴿٥٥﴾

﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾ واتە: ﴿خوا بەڵێنی دڵنیابەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بە ڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەك چۆن ئیمانداراانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت خوا خۆی پێی ڕازیە، هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوی هەر من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێکم بۆ بڕیار نادەن، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەداریە بێباوەڕ بێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە تاوانبارو لە سنوور دەرچوون﴾

[سورة النور: 55]

وکاتێک مسوڵمانان ئاینەکەیان پەیڕەو کرد ؛ پێشەوا بوون لە ئاین ودونیادا.

لەسەر دەستی ئەوان ئیسلام شارستانیەتێکی پێشکەش کرد بەدرێژایی 1200 ساڵ بەردەوام بوون وئەمیش درێژترین شارستانیەتە کە بەردەوام بوو بەبێ وەستان یان پچڕان لەم ماوەیەدا.

بەهۆی ئیسلامەوە شارستانیەتی ئیسلامی هاتەدی.

وتەنها ئەم ئاینە شارستانیەتی دامەزراندووە.

ئاینەکانی تر شارستانیەتەکان باوەشیان بۆ کردەوە.

شارستانیەتی ڕۆژئاوایی مەسیحیەتی لەخۆگرت، وشارستانیەتی هیندی هیندۆسیەتی لەخۆگرت.

تاکە ئاین کە شارستانیەتی دامەزراد: ئاینی ئیسلامە.

کاتێک مسوڵمانان زانیان چی شتێکیان لەسەرە بۆئەوەی پابەندی بن لە ئاینەکەیان ؛ ئەو کات بوو بە پێشەوانی جیهان لەڕوانگەی ماددی ورۆحیەوە.

وکاتێک ئیسلام چووە نێو قوستەنتینیە لەساڵی 1453 ز ، سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا کۆتایی هات.

مێژووی کۆتایی هاتنی سەدە تاریکەکان ساڵی 1453 بوو، هەمان ساڵە کە تێیدا ئیسلام چووە نێو ئەوروپا.

هەر کە ئیسلام چووە نێو ئەوروپا نور ورۆشنایی زانست تێیدا درەوشایەوە.

وله کتێبخانەی کۆنگرێس لە بنمچی هۆڵی سەرەکی چەند بازنەیەک نەخشێنراون کە ئاماژەن بۆ سەرچاوەکانی پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، وئیسلام تاکە ئاینە کە لەو حەوت بازنەیەدا ناوی هێنراوە.

ئیسلام تاکە ئاینە کە ناوی هێنراوە، لەباسکردنی سەرچاوەکانی زانستە سروشتیەکان.

ئیسلام:فیزیا ISLAM: PHYSICS

بازنەکانی تر ناوی وڵاتەکانی تێدایە و ئەوەی پێشکەشیان کردووە لە پێشکەوتنی ئەدەبی و هونەری و زمانەوانی!

ئیسلام زانستی پێشکەش کردووە، و بەدرێژایی 700 ساڵ زمانی نێودەوڵەتی بۆ زانستەکان : زمانی عەرەبی بووە.[1]

ئەگەر موسڵمانان چاک بن لەدینداریدا ئەوا ژیانی دونیایشیان چاک دەبێت.

---

1 https://www.telegraph.co.uk/news/science/science-news/3323462/Science-Islams-forgotten-geniuses.html

## 33- بەرهەمەکانی پەرستنی الله -سبحانه وتعالی- چین؟

مرۆڤ بە فیترەتی خۆی ناناسێت ورۆحی ئارام نابێت ونارەحەتی دڵی لاناچێت مەگەر بە پەرستنی الله نەبێت،

{الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ} ﴿٢٨﴾

﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ واتە: ﴿ئەوانەی باوەڕیان هیناوەو دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگادارین دڵەکان: هەر بە قورئان و یادی خواو (پاپەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆش دەبن و دەحەوێنەوە﴾

[سورة الرعد: 28]

پەرستن دەبێتە هۆی ئارامی سینە ودڵ،

{وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ}

﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ * سوێند بە خوا ئێمە چاك دەزانین کە بەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی کە خوانەناسان دەیڵێن (97)

فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ * (جا لە هەموو کاتێکدا، بە تایبەت لە کاتی دڵ تەنگیدا) تەسبیحات و

سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو لە ڕیزی سوژدە بەراندابە (98)

وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ * بەردەوامیش پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێدەگرێت ( ئەو کاتە ئیتر بەیەك جاریی ڕزگارت دەبێت لە هەموو ناخۆشیەکان) (99)

﴾

[سورەتی الحجر]

پەروەردگارت بپەرستە: بۆئەوەی دڵ وسینەت ئارام بێت.

بۆیە دوو ڕکات بە خشوع و بیرکردنەوە کاریگەریان هەیە لەسەر نەفسی مرۆڤ کە چەندەها کاتژمێر دانیشتن بۆ ئارامی دەروونی ئەم کاریگەریەی نابێت.

پەرستن هۆکارە بۆ ئارامی دەروونی مرۆڤ، و هەموو یەکێک کە دوورە لە یادی الله ؛ دڵ وسینەی تەنگ ونارەحەتە، دەبینیت بەردەوام هەڵپەیەتی بۆ دونیا نە تێر دەبێت و نە ئارام دەبێتەوە،

{وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا} ﴿١٢٤﴾

﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ﴾ واتە: ﴿ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە

ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، له ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین..﴾

[سورەتی طه]

هەرچەندە مرۆڤ ڕزقی فراوان بێت بەبێ باوەڕ دڵ وسینەی تەنگ ونائارام دەبێت، وله کێبڕکێیەکی توندوندایه که کۆتایی نایەت بەرامبەر نەزانراو بۆیه بەردەوام شڵەژاو ونائارامە.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (هەرکەسێک سەرقاڵی تەنها دونیا بێت؛ ئەوا خوای گەورە تووشی سەرلێشێواوی دەکات لەکاروبارەکانی، وهەژاری دەخاته نێو چاوانیەوە، وهێندە لەدونیای دەستدەکەوێت که بۆی نووسراوە، وئەوەی قیامەت نیەتی بێت ؛ ئەوا خوای گەورە کاروباری دامەرزاو دەکات، ودەوڵەمەندی دەخاته نێو دڵیەوە، ودنیا به ملکەچی بۆی دێت).[1]

پەرستن وا له مسوڵمان دەکات که ملکەچی دونیا نەبێت، وئازاد دەبێت.

وبۆیه ئەو مسوڵمانەی که خوای گەورە دەپەرستێت بەهەق وڕاستی ئەوە مرۆڤێکه که له مانای ژیان تێگەیشتووە، وله بەهای ژیان تێگەیشتووە، وتێگەیشتووە مەبەستی بوونی چیه لەم جیهانەدا، وتێدەگات ئەو لەم ژیانەدایه بۆئەوەی

---

[1] [صحيح سنن الترمذي : 2465].

تاقی بکرێتەوە وپەروەردگاری بپەرستێت بەهەق وڕاستی نەک بۆئەوەی لە دڵەڕاوكێ وشڵەژان بژێت بێ ئەوەی هیچ سوودێک هەبێت لەژیانی، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا} ﴿٢﴾

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾

واتە: ﴿هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە﴾

[سورة الملك: 2].

### 34- ئایا ئاماژەکانی تەسلیم وملکەچبوون بۆ اللە -سبحانه وتعالى- چیە؟ یان بەشێوازێکی تر: چۆن دەزانیت تۆ تەسلیم وملکەچیت بۆ اللە بەشێوەیەکی تەواو وکامڵ؟

و: نیشانەکانی ملکەچی وتەسلیم بوون بۆ خوای گەورە چوارن، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: بەندایەتی بۆ خوای گەورە لە هەموو بچووک وگەورەیەک لە ژیانتدا، خوای گەورە دەفەرموێت:

{قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّـهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾}

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ بێگومان نوێژ و (بەندایەتی) و قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە (162)

لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ * ئەو زاتە هیچ هاوەڵ و هاوبەش و شەریکێکی نیە و من بەوە فەرمانم پێدراوە و من یەکەم کەسی موسوڵمانانم (163) ﴾

[سورەتی الأنعام].

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ بێگومان نوێژ و (بەندایەتی) و قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە﴾ : هەموو کردەوەیەک بۆ خوای گەورە دەکەم، نوێژ دەکەم بۆ الله، وگوێڕایەڵی دایک وباوکم دەبم لەپێناو خوای گەورە، وفێر دەبم بۆئەوەی سوێند بەخەڵکی بگەیەنم لەپێناو خوای گەورە، ودەخەوم بۆئەوەی بەهێز بم لە بەیانی وئەو کردەوانە ئەنجام بدەم کە خوای گەورە فەرمانی پێمکردووە.

ئەمە بەندایەتیە بۆ خوای گەورە لە هەموو کارێکدا، ویەکەم ئاماژە ونیشانەی ملکەچی وتەسلیم بوونە بۆ الله.

نیشانەی دووەم: بۆئەوەی تەسلیم وملکەچی خوای گەورە بیت بەتەواوی وکامڵی ؛ دەبێت شوێنی فەرمانەکانی خوای

گەورە بکەویت وپەیڕەویان بکەیت ودوور بکەویتەوە لەو شتانەی خوای گەورە نەهی لێیان کردووە، خوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّـهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ} ﴿٢٠﴾

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ﴾ واتە: ﴿ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بن و لە بەرنامەی ئەوزاتە پشت هەڵمەکەن، لەکاتێکدا ئێوە تێدەگەن و دەبیسن﴾

[سورة الأنفال: 20].

وخوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً} ﴿٢٠٨﴾

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً﴾ واتە: ﴿ئەی ئەوانەی ئیمان و باوارِتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن﴾

[سورة البقرة: 208].

﴿فِي السِّلْمِ﴾ واتە: بێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە.

﴿فِي السِّلْمِ﴾ واتە: پابەندی هەموو فەرمانێک بن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ودوور بکەونەوە لە هەموو شتێک کە ئەو زاتە مەزنە نەهی لێکردووە.

خوای گەورە فەرمانی کردووە بەشتێک ؛ پەیڕەو وجێبەجێی دەکەم، وئەگەر نەهیم لێبکات لەشتێک ئەوا لێی دوور دەکەومەوە، ئەمە تەواوی تەسلیم وملکەچبوونە بۆ الله -سبحانه وتعالی-.

نیشانەی سێیەم: کە ئاماژەیە بۆ ملکەچبوون بۆ الله بریتیە لە حوکم وفەرمانڕەوایی کردن بە شەریعەتەکەی، ڕازین بە شەریعەتەکەی وقبوڵی دەکەین.

شەریعەتەکەی خودا هەمووی قبوڵ دەکەین، ونکۆڵی لە هیچ شتێکی ناکەین بۆ نمونە نکۆڵی کردن لە سزاکانی شەریعەت، دەبێت ڕازی بین بە شەریعەتی الله، چونکە خوای گەورە دەزانێت چی باشە بۆ خوڵقێنراوەکانی، ودەزانێت بەهۆی ئەم سزایانەوە کۆمەڵگا پاک دەبێتەوە، ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ واتە: ﴿مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووەو چۆنی دروست کردووە، لەکاتێکدا ئەو زاتە وردکارو بە سۆزو ئاگایە﴾ [الملك: 14].

وخوای گەورە -سبحانه وتعالی- دەفەرموێت:

{وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّـهِ حُكْمًا} ﴿٥٠﴾

﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ واتە: ﴿ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە﴾

[سورة المائدة: 50].

تەنها خوای گەورە دەزانێت چی باشترینە بۆ خەڵکی بۆ دونیا وقیامەتیان.

وپەیڕەو وجێبەجێکردنی شەریعەتی الله دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی خەڵکی ولە هێمنی وئاسایش دەژین.

پیاوێک کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد باوەڕی بە الله هەیە وباوەڕی بە ئەوە هەیە کە دابەزیووە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆیشت بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەفی جولەکە بۆئەوەی حوکمی بۆ بکات لە مەسەلەیەک، لەجیاتی ئەوەی بچێت بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەترسی ئەوەی نەوەک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حوکمێک بکات کە پێی خۆش نەبێت، بۆیە چوو بۆ لای جولەکەکە ؛ بەڵکو حوکمێکی بۆ بدات پێی خۆش بێت، و لەمبارەیەوە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ئەم ئایەتەی دابەزاند:

{أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا} ﴿٦٠﴾

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ واته: ﴿ئایا نەترِوانیووەتە ئەو (دووروووانەی) لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوە و بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە (بۆ پێغەمبەران)! کەچی دەیانەوێت ڕووبکەنە زۆردارو جادووگەرو خوانەناسان تا دادوەریان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لەکاتێکدا بە ڕاستی فەرمانیان پێدراوە کە باوەڕیان بە (تاغوت) نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بەگومڕاییەکی دوورو بێ سنوور.﴾

[سورەتی النساء: 60]

ئەگەر مسوڵمانێکی ملکچ بیت بۆ خوای گەورە ئەوا دەبێت پابەندی شەریعەتەکەی بیت وپەیڕەوی بکەیت، وملکەچ بیت بۆ حوکمی الله ئەگەرچیش پێچەوانەی ئارەزووت بێت، نەک واز لە شەریعەتی الله بهێنیت وبچیت بۆ لای

جوله‌كه‌یه‌ک بۆئه‌وه‌ی حوكمێكت بۆ بدات له‌ مه‌سه‌له‌یه‌ک بۆئه‌وی ڕازیت بكات.

وخوای گه‌وره -عز وجل- له‌م ئایه‌تانه‌دا ده‌فه‌رموێت:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ واته: ﴿هیچ په‌یامبه‌رێكمان نه‌ناردوه مه‌گه‌ر ته‌نها بۆ ئه‌وه‌ی گوێڕایه‌ڵی بكرێت به‌فه‌رمانی خوا﴾ [سورة النساء: 64]

خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌رانی نه‌ناردووه بۆئه‌وه‌ی وازیان لێبهێنین وشوێنیان نه‌كه‌وین وحوكم به‌ شه‌ریعه‌تی تر بكه‌ین.

پاشان خوای گه‌وره -عز وجل- كۆتایی ده‌هێنێت به‌ وانه وپه‌ند وه‌رگرتن له‌م ڕووداوه وهاوشێوه‌كانی ؛ به‌ئایه‌تێک كه گرنگی ملكه‌چبوون بۆ شه‌ریعه‌تی خوای گه‌وره ڕوون ده‌كاته‌وه، په‌روه‌ردگار -عز وجل- ده‌فه‌رموێت:

{فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا} ﴿٦٥﴾

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ واته: ﴿نه‌خێر (وانیه كه خۆیان به باوه‌ڕدار نیشیان ده‌ده‌ن) سوێند به‌په‌روه‌ردگارت بڕوادار نین هه‌تاوه‌كو تۆ نه‌كه‌نه دادوه‌ر له هه‌ر ئاژاوه و دووبه‌ره‌كیه‌كی نێوانیان دا له پاشان هه‌ست

نەکەن لە دەرونیاندا بەهیچ بێزارییەک لەو بڕیارەی تۆ داوتە و ملکەچ نەبن بەملکەچیەکی تەواو﴾ [سورة النساء: 65].

دەبێت مسوڵمان بەتەواوی ملکەچی شەریعەتی الله بێت، ملکەچبوون بۆ شەریعەتی الله لە نیشانەکانی پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلامە !

نیشانەی چوارم: کە ئاماژەیە بۆ تەسلیم وملکەچبوون بۆ قەدەرەکانی خوای گەورە، هەموو شتێک خوای گەورە لە قەدەردا نووسیویەتی بۆیە مسوڵمان ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە دەبێت لە هەموو قەدەرەکانیدا، لە خێر وشەڕدا.

ئەگەر مسوڵمان خێرێک بێتە ڕێگای ؛ شوکر وسوپاسی الله دەکات، وئەگەر تووشی زیانێک بێت ؛ ئارام دەگرێت.

ئەگەر خوای گەورە خۆراکی چاک یان ماڵی جوان یان سەرکەوتن لەخوێندن یان لەش ساغی یان کەسوکاری چاکی پێبەخشیت ؛ ئەوا دەبێت شوکر وسوپاسی خوای گەورە بکەیت.

وئەگەر مسوڵمان تووشی زیانێک بێت لە نەخۆشی یان هەژاری یان بەڵا وکارەسات یان خەم وخەفەت، دەبێت لەسەر ئەم زیانە ئارام بگرێت وداوای یارمەتی لە خوای گەورە بکات، ئەمە حاڵی مسوڵمانە تەسلیم وملکەچی پەروەردگاریەتی -سبحانه وتعالی-.

هەموو شتێک بە قەدەری خوای گەورە -عز وجل- : لەش ساغی ونەخۆشی ودەوڵەمەندی وهەژاری وهتد هەموو شتێک بە قەدەر وحیکمەتی خوای گەورەیە، ومسوڵمان دەبێت ڕازی بێت بە قەدەری خوای گەورە چونکە ئەو لەسەری نوسیوویەتی.

پەروەردگار -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ} ﴿٤٩﴾

﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ واتە: ﴿بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەو نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە﴾

[سورة القمر: 49].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

{قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّـهُ لَنَا} ﴿٥١﴾

﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾ واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تۆش بڵێ: هەرگیز لەوە زیاترمان بۆ پێش نایەت جگەلەوەی کە خوا بۆی نوسیووین (هەرچیش بۆمان پێش دێت هەر خێرە بۆمان)﴾

[سورة التوبة: 51]

تەنها ئەوە دێتە ڕێمان کە خوای گەورە لە قەدەردا بۆ ئێمە دایناوە.

وپەروەردگار دەفەرموێت:

{وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّـهِ} ﴿١٤٥﴾
﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ واته: ﴿هیچ کەسێکیش نامرێت مەگەر بەویستی خوا نەبێت﴾

[سورەتی آل عمران: 145].

ئەجەلەکان خوای گەورە لەقەدەردا نووسیویەتی.

وهەموو شتێک لەگەردووندا ڕوودەدات وهەموو گەردیلەیەک دێت ودەڕوات لە جیهاندا وهەموو ڕووداوێک، بە زانست و ویست وقەدەر وحیکمەتی خوای گەورە ڕوودەدات.

پەروەردگارمان -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

{ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا} ﴿٢﴾
﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾ واته: ﴿هەموو شتێکی دروستکردووە بە ئەندازە و قەبارە و شێوە و تام و بۆن و ڕەنگ و جیاوازی هەمە جۆر... هتد، نەخشەی ڕێک و پێکی بۆ هەموو شتێک داناوە (بە شێوەیەک کە پێویستیەکانی ئادەمیزاد دابین بکەن و لە خزمەتیدا بن)﴾

[سورة الفرقان: 2]،

خوای گەورە -سبحانه وتعالى- هەموو شتێکی خوڵقاندووە ولە قەدەردا نووسیویەتی، وئەوەی خوای گەورە ویستی

لەسەر بێت ؛ ڕوودەدات، وئەوەی ویستی لەسەر نەبێت ؛ ڕوونادات.

من وەکو مسوڵمانێک داواکراوە لێم کە تەسلیم وملکەچی هەموو قەدەرەکانی خوای گەورە بم -عز وجل-.

بەم شێوەیە مرۆڤ مسوڵمان دەبێت وملکەچ دەبێت بۆ الله.

## ولە کۆتاییدا ! چۆن ببم بە مسوڵمان وبێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟

ئیسلام ئاینی الله یە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت:

{إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّـهِ الْإِسْلَامُ} ﴿١٩﴾

﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ واتە: ﴿ئاینی ڕاست لای خوای گەورە ئیسلامە﴾

[سورة آل عمران].

ئیسلام تاکە ئاینە کە خوای گەورە قبوڵی دەکات و لەلای ئەو زاتە پەسەندە، وهیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکات،

{وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} ﴿٨٥﴾

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واته: ﴿و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەکان دەبێت﴾

[سورەتی آل عمران: 85].

بۆیە دەبێت هەموو مرۆڤێک مسوڵمان بوون وئیسلامەتی خۆی ڕابگەیەنێت.

چونکە ئیسلام هۆکاری ڕزگاربوونە لە دۆزەخ وهۆکارە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە وبەهەشت.

وهاتنە نێو ئیسلام نیعمەتێکە لە گەورەترین نیعمەتەکان، بەڵکو گەورەترین نیعمەتە وگرنگترین شتە لە بوونتدا.

وئیسلامەتی لەڕاستیدا گەڕانەوەیە بۆ فیترەت وئەقڵ.

وهاتنە نێو ئیسلام زۆر ئاسانە وپێویستی بە ڕێوڕەسم وشتی فەرمی نیە، بەڵکو تەنها لەسەر مرۆڤە کە شایەتمان بڵێت: ( أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدًا رسول الله ).

وبەم شێوەیە دەبێتە مسوڵمان.

پاشان ئەوەی داواکراوە لە ئاینی ئیسلامدا پەیڕەوی دەکات.

وڕێنموێنی دەکەم بە سەیرکردنی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس (دار الإسلام)، وهەریەکێک بەپێی زمانەکەی، بۆئەوەی مسوڵمانی نوێ بزانێت چۆن ئاینی ئیسلام پەیڕو بکات.

بەستەری ماڵپەڕەکە: https://islamhouse.com/ar/

پێڕست

ڕاکردن له ئیلحاد بەرەو ئیسلامتی ........................................ 2
مانای ئیلحاد چیه؟ -1 ...................................... 12
کامانیه ڕەخنەو عەیبەکان لە ئیلحاد؟ -2............................ 12
ئایا بەڵگە چیه لەسەر بوونی پەروەردگار؟ -3......................... 14
مانای بەڵگەی هێنانه بوون چیه؟ -3 ................................. 14
-مانای بەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان- و وردی -کامڵی -5 لەدروستکردندا چییه؟ .............................................. 17
بۆچی ناکرێت مرۆڤ وزیندەوەرەکانی تر سەرچاوەیان له بوونەوەری -6 بچووکی ساده وسەرەتایی پێکهاتبێت ودروست بووبن؟............ 22
ئایا نمونەکان چین لەسەر بەڵگەی بەڕێوەبردن -گرنگیپێدان- و -7 وردی -کامڵی- لەدروستکردندا؟ ........................................ 26
هەندێک لە مولحیدەکان ڕەخنه دەگرن له بەڵگەی بەڕێوەبردن - -8 گرنگیپێدان-، دەڵێن :هەندێک کەموکورتی هەیه وەکو نەخۆشیەکان وبومەلەرزەکان؟ ................................................. 37
ئایا چی ڕێگرێک هەیه لەوەی هۆکارێکی ماددی هەبێت که -9 گەردوونی دروستکردبێت؛ بۆ نمونه :شارستانیەتێکی تر یان شتێکی تر؟ بۆچی تەنها دەبێت خودای ئەزەلی دروستی کردبێت بەدیاریکراوی؟ ............................................................... 39
ئێمە یاساکان دەزانین که ڕێکێف به گەردوون دەکەن وهۆکارەکانی -10 بومەلەرزە دەزانین، ئیتر چ پێویستیەکمان به خولقێنەر هەیه ؛ چونکه ئێمە هەموو یاساکان دەزانین؟ ........................................ 42
ئایا چی ڕێگرێک هەیه لەوەی سەرچاوەی گەردوون ؛ ڕێکەوت - -11 سودفە- بێت؟ ..................................................... 44

12- چۆن ڕەدی مولحید بدەینەوە کە دەڵێت :گەردوون لە ئەزەلەوە لە ڕابردووی بێ سەرەتا- بوونی هەبووە؟- ............................ 45
13- بۆچی یاسای هۆکارگەرایی لەسەر خوڵقێنەر جێبەجێ نابێت؟ یان بەشێوازێکی تر :ئایا کێ خوڵقێنەری دروست کردووە؟ .............. 46
14- گەردوون مەزنە ؛ ئەی چۆن ئێمە بەم قەبارە بچووکەوە دەبینە چەقی ئەم گەردوونە مەزنە؟ ........................................... 48
15- هەندێک لە مولحیدەکان دەڵێن :زۆر ئەستێرە هەیە بۆیە بە پێی بیرۆکەی ئەگەرەکان ئاساییە ئەستێرەیەک هەبێت گونجاو بێت بۆ ژیان لەسەری ..ئایا ئەم بەڵگەهێنانەوەیان دروستە؟ ................. 52
16- بۆچی ناکرێت زیاتر لە یەک خوڵقێنەری ئەزەلی هەبێت؟ ..... 56
17- بۆچی ئاین؟ ........................................................ 58
18- چی ڕێگرێک هەیە لەوەی ئەم ڕەوشتانە دەرەنجامی مێشک وکۆمەڵگا بێت؟ ........................................................ 63
19- زیاتر لە خوایەک هەیە لە شارستانیەتەکانی سەر زەوی، بۆچی تەنها باوەڕهێنان بە الله بەتایبەتی؟ ................................... 65
20- ئەگەر مرۆڤ شتێک بکات کە پێویستی پێ نیە ئەمە گاڵتەجاریە وخوای گەورە پێویستی بە ئێمە نیە ئیتر بۆچی ئێمەی دروست کردووە؟ ............................................................... 68
21- چۆن خوای گەورە بناسین؟ ........................................ 75
22- ئاینی زۆر هەیە بۆچی تەنها شوێنی ئیسلام بکەوین؟ .......... 83
23- ئیسلام چییە؟ ........................................................ 85
24- ئایا ئیسلام دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەقڵەکان نەیانتوانیوە وەڵامیان بدەنەوە، وەک :ئێمە لە کوێوە هاتووین؟ بۆچی ئێمە لێرەین لەم دونیایە؟ سەرەنجام وچارەنووسمان بەرەو کوێیە؟88
25- چۆن زانیت کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرە لەلایەن خوداوە نێردراوە؟............................................ 90

26- چۆن بزانم کە داواکراوە لێم باوەڕ بە الله بهێنم؟ ............ 107
27- ئایا دەبێت ئیمان هێنان بە الله بەس بێت وکوفر بکرێت بە پێغەمبەران؟ ............ 111
28- ئایا کافر پاداشت دەدرێتەوە لەسەر کردەوە چاکەکانی لەلایەن خوای گەورەوە؟ ............ 115
29- ئەگەر ئیسلام ئاینی هەق وڕاستی بێت بۆچی گومان هەیە سەبارەت بە ئیسلام؟ ............ 118
30- بۆچی خوای گەورە شەڕ وخراپەی دروستکردووە؟ یان بەمانایەکی تر :چۆن مسوڵمان وەڵامی ( دژیێژی -پارادۆکس)ی شەڕ وخراپە بداتەوە؟ ............ 122
31- ئایا ئاین بووە هۆکاری جەنگە ئاینیەکان کە ڕوویدا لەسەر زەوی لەسەردەمێک لە سەردەمەکان؟ ............ 129
32- بۆچی مسوڵمانان دواکەوتن سەرەڕای ئەوەی ئاینەکەیان تەوحیدیە لەکاتێکدا ڕۆژئاوا زۆر پێشکەوتووە؟ ............ 131
33- بەرهەمەکانی پەرستنی الله -سبحانه وتعالی- چین؟ ............ 142
34- ئایا ئاماژەکانی تەسلیم وملکەچبوون بۆ الله -سبحانه وتعالی- چیە؟ یان بەشێوازێکی تر :چۆن دەزانیت تۆ تەسلیم وملکەچیت بۆ الله بەشێوەیەکی تەواو وکامڵ؟ ............ 145
ولە کۆتاییدا !چۆن ببم بە مسوڵمان وبێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟ ............ 155

ku211v1.0 - 03/09/2026